# عەجاج

## جەلادێک لە دۆسیەی ئەنفال دا

محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق
لەتیف فاتح فەرەج
سالار مەحمود
عارف قوربانی
عومەر محەمەد
رزگار عومەر
عەلی مەحمود محەمەد
دەرسیم پێشەوا
عەدالەت عومەر
سمکۆ سابیر
د فاتیح سەنگاوی
تەها سلێمان
هێمن حەسیب
حسێن عەزیز

# عەجاج

## جەلادێک لە دۆسیەی ئەنفال دا

کۆمەڵە وتار

ناوی کتێب: عەجاج جەلادێک لە دۆسیەی ئەنفالدا
بابەت: کۆمەڵە وتار
نووسینی: کۆمەڵێک نووسەر
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠٢٥ ز
نرخ: ٥٠٠٠ دینار

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردنی (      )ی ساڵی٢٠٢٥ ی پێدراوە.

ناوەڕۆک

پێشەکی ........................................................................ ٧
دەستگیرکردنی عەجاجی جەللادەکەی نوگرەسەلمان ....... ١٣
عەجاج چیرۆکێکی تاریک و هەترەشبەر ........................... ٢٧
عەجاج لەناو هۆڵی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق ........ ٣١
کارگەی بەرهەمهێنانی حەجاج........................................... ٣٧
دەستگیرکردنی عەجاج، خاڵی وەرچەرخانی پرسی جینۆسایدە لەکوردستان!........................................................................ ٤٥
نوگرەسەلمانەکەی عەجاج .................................................. ٥٩
دانپێدانان و تاوانەکانی عەجاج ........................................ ١٠٣
مێژووی زارەکی و بەڵگەنامەیی جینۆسایدی ئەنفال لە قەڵای نوگرە سلمان ١٩٨٨.............................................................. ١٠٧
عەجاج: کارەکتەرێک لە قووڵایی کولتووری تاوان و یادەوەریدا...................................................................... ١٣٩
دادگاییکردنی عەجاجەکان و ئاشتەوایی کۆمەڵگەیی وئاسوودەیی دەروونیی کەسوکاری ئەنفالکراوان............. ١٦٣
نوگرەسەلمان: حەجاج و قوربانی؛ تۆمەتبارو تاوانبارو دۆسییەی ئەنفال و داهاتوو؟................................................ ١٧١
دێوەزمەکەی نوگرەسەلمان و بێخاوەنی دۆسیەی ئەنفال ١٨٩
عەجاج، وەک تارمایی مەرگ ............................................... ١٩٩

## پێشەکی

بیرۆکەی ئەم پەرتوکە بەشێکە لە پرۆژەیەکی دورو درێژی چەندین نوسەری کورد، لە بواری نوسینەوەی مێژووی ئەنفال و ناساندنی جینۆسایدی گەلەکەیان و بەدۆکیمێنتکردنی ئەو تاوانە نێودەوڵەتییانە، کە زۆر جار هەر خۆیان بە تاک و، هەندێ جاریش بەهاوبەشی کاری لەسەر دەکەن.

لەدوای ساڵی ١٩٨٨ ەوە بەتایبەتی کە زنجیرە تاوانەکانی کیمیایی بارانی هەڵەبجەو شاڵاوەکانی ئەنفالی تیا روویدا، ئیدی بەبەڵگەکردن یا پشکنینی ئەو تاوانە لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان دەستی پێکرد. لە دوای راپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ەوە. کار لەسەر ئەم پرسە دەرفەتی تری بۆ رەخسا، لەوساوە بۆ ئێستا ئەم کنەو گەڕانە بەردەوامە. تا کار گەیشتە دادگایی سەرانی رژێمی بەعس لە عیراق و کردنەوەی کەیسەکانی ( ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەو، بارزانییەکان و فەیلییەکان و هتد).

لەناو تاوانەکانی ئەنفالدا ناوو شوێنی جیاجیا بەر گوێ دەکەون لەناویاندا (قەڵای نوگرە سەلمان)و (عەجاج).

بەر لەهەر شتێک بۆ ناسینی ئەم ناوانە، مرۆڤ پێویستی بە بەعس ناسی هەیە. بۆ ئاسان ناسینی ئەمانە، بەعس ناسی باشترین دەروازەی گەیشتنە بە راستی و دروستی رووداو، کات و شوێنی رووداوەکان.

هەروەها کارەکتەرەکانی ناو رووداوەکان هەیە.

بەعس خاوەن ئایدۆلۆژیایەک بوە لە پێناو مانەوەو پەرەپێدانی خۆی بڕوای بە پاکتاوکردن و لەناوبردنی ریشەیی ئەوانی تر هەبوە.

بۆ ئەو مەبەستەش هەموو رێکارێکی ناڕەواو بەدەر لە رێپێدراو، بە رەوا زانیوە بۆ ئەو ئامانجەی کە هەیبوە.

بەتایبەتیش لەناوبردنی هەمەجۆری نەیارەکانی.

ناوی عەجاج لەناو رووداوەکانی ئەنفالدا وەک یەکێک لە جەلادەکانی ئەو تاوانانە دەناسرێت. بەتایبەتی لەو شوێنەی کە ئەنفالکراوانی لێ گواستراونەتەوە بۆ باشوری عیراق لە قەڵای نوگرە سەلمان نزیک قەزای سەلمان سەر بە پارێزگای سەماوە.

عەجاج ئەفسەرێکی سوپای عیراق و بەرپرسی ئەمنی و سەرپەرشتیاری قەڵای نوگرەسەلمان بوە.

وەک هەر جەلادێکی بەعسی، چێژی لە ئەشکەنجەدان تا مردن و ئازاردانی گیراوان بینیوە. ئەم جەلادەو تیمەکەی

هەموو جۆرە ئەشکەنجەدانێکیان بەرامبەر ئەنفالکراوان گرتۆتە بەر لە برسی کردن، تینوکردن، جۆرەکانی ئەشکەنجەدانی جەستەیی، ئازاردانی دەروونی، دەستدرێژی سێکسی، کوشتن و، رەفتاری نامرۆڤانەی تر.

یەکێک لە شایەتحاڵەکانی دۆسیەی ئەنفال لە دادگای باڵای تاوانەکان لەبەردەم دادگادا دەڵێ: چوینە لای عەجاج تکامان لێ کردوە کە خەریکە هەموو ژیان لەدەست ئەدەین و ئەمرین لە برساو تینواو لەبەر پەتاو نەخۆشی.

لەوڵامدا عەجاج پێی وتوە: ئێوە بۆ مردن هێنراون بۆ ئێرە نەک بۆ ژیان.

رۆژی ١/٨/٢٠٢٥ دەزگـای ئاسایشی نیشتمانی عیراق رایگەیان کە عەجاج ئەحمەد حەردان تکریتی یان دەستگیر کردوە.

ئەم هەواڵە دەرخـەری ئەو راستیەیە کە ماف ون نابێت. تاوانی نێودەوڵەتیش بەپێی زەمەن کۆن نابێت.

بڵاوبونەوەی دەنگو باسەکەش وەک قەرەبویەکی مەعنەوی بۆ خەڵکی کوردستان بەگشتی و کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بەتایبەتی هەژمار دەکرێت.

کەسوکاری ئەنفالکراوان تەنیا داوایان ئەوەیە ئەو تاوانبارە بە رێکاریی یاسایی دادگایی بکرێت تاوەکو سزای خۆی وەربگرێت.

ئەم رووداوە جارێکی تر پرسی شاڵاوەکانی ئەنفال و ئازارو برینی کەسوکاری قوربانیەکانی ئەنفالی کولاندەوەو، نوسەرانی بوارەکەشی راچڵەکاند بۆ نوسینی تر.

وتارو نوسینەکانی دوتوێی ئەم کتێبە تایبەتە بە عەجاج و نوگرەسەلمان. بەرهەمی چەند نوسەرێکی بواری جینۆسایدە، هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکەوە تێڕامانی خۆی خستۆتەڕوو، کنەو پشکنینی کردوە بۆ دەرخستنی زیاتری رووی حزبی بەعسی لەناوچوو، لە کەسایەتی عەجاج و تۆمارکردنەوەی رووداوەکانی قەڵای نوگرەسەلمان و رەهەندو لێکەوتەکانی تاوەکو ئێستاو بۆ داهاتووش.

هەوڵی (دەستە جەمعی) شارەزایان و نوسەرانی بواری جینۆسایدی گەلی کوردستان ئەزمونێکی نوێی نوسینە.

لەو بڕوایەدام ئەم پرۆژەیە ئەرکێکە لە چەندین وێستگەدا دەوڵەمەندکردنی ئەویّ و کاری هاوبەش و بیرکردنەوەی هاوبەش و تەگیبری وردی هاوبەشی گەرەکە.

لەو روانگەیەوە ئەم بەرهەمە هاتەبوون و پەرۆشی بۆ دۆسیەکەو خەمخۆری بۆ گەیشتن بە راستی زیاترو، پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە دامەزراوەکانی حکومەت و دەوڵەت دروستیان کردوە. یا ئەو ئەرکانەی ئەوان پشتگوێیان خستوە ئەم قەڵەمانە کۆدەکاتەوە.

بەدۆکیۆمێنتکردنی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیاباران و تاوانە نێودەوڵەتیەکانی تر کە رژێمی بەعس لە عیراقدا دەرهەق

بەخەڵکی باشوری کوردستان ئەنجامی داوە، پرۆسەیەکی دوور مەوداو درێژخایەنە. ئەرکێکە لە ئۆباڵ و ئەستۆی هەموو تاکێکی خاوەن دۆزە.

خۆ ئەرکدارکردن لەم پێناوەدا وا دەکات کەسانی تریش چ تاک یان دامەزراوە فەرمی و نافەرمیەکان رابن و دەست پێ بکەن.

گرتنی عەجاج دەلاقـەی نوێی بـەڕووی دۆسیەی ئەنفالدا کردەوە.

هەڵگری پەیامێکی تریشە بۆ هەمووان کە دەبێت مکورِ بین لەسەر گەیشتن بە راستیەکان و گەڕاندنەوەی ماف بۆ خاوەن ماف و، تۆمارکردنی هەموو تاوانەکان بە رێکاری یاسایی.

**سالار مەحمود**



# دەستگیرکردنی عەجاجی جەللادەکەی نوگرەسەلمان

محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

ڕۆژی ٢٠٢٥/٨/١ دەزگـای ئاسایشی نیشتمانی عێراق بە فەرمی هەواڵی دەستیگرتنی عەجاجی ڕاگەیاند، کە بەدناوترین تاوانباری ئازار و ئەشکەنجەدانی قوربانییەکانی ئەنفال بوو لە زیندانی نوگرەسەلمان. هەواڵەکە سوکناییەکی بە دڵی خەڵکی کورد بەگشتی و کەسوکاری قوربانییانی ئەنفالدا هێنا. ئەوپەڕی دەستخۆشی و سـوپاسگوزاریمـان بـۆ هـەمـوو ئـەو کـەس و لایەنانەی بە دوای ئەم مەسەلەیەوە بوون تا بەئەنجامیان گەیاند، ئەگەرچی ٣٧ ساڵی بەسەردا ڕۆیشتووە. ئەمە بەرجەستەی ئەو ڕاستییە دەکات کەوا:

١. ماف ون نابێت ئەگەر داواکاری بە شوێنەوە بێت.

٢. بەپێی یاسای نێودەوڵەتیی جینۆساید مافی بەدواداچوونی کەیسی جینۆساید کۆن نابێت و سزای لەسەرە چەندی ماوە بەسەردا تێپەڕێت.

٣. ئەم دەستگیرکردنە قەرەبوویەکی ڕۆحی و دەروونییە هەم بۆ قوربانییانی بەجێماوی ئەنفال بەگشتی و هەم بۆ ئەوانەش کە پاش ئەو سزا و ئەشکەنجە بێئامانەی نوگرەسەلمان ئازاد کران و ڕزگاریان بوو.

٤. مایەی دڵخۆشییە کە دەزگای ئاسایشی نیشتمانی لە دۆخی پڕ لە ئاڵۆزیی عێراقدا و پاش ئەم ماوە دوور و درێژەی دوای ئەنفال، توانیویەتی سۆراخی وردی ئەم تاوانبارە داواکراوە بکات و دەستگیری بکات و دیارە هەوڵی کەسانی دڵسۆزی لەگەڵدا بووە، سەرباری ئەم هەموو بێباکی و کەمتەرخەمییەی دەسەڵاتدارانی کورد لە ئاست جینۆسایددا، کە تا ڕادەی داڵدەدان و پاراستنی بەشێک لە تاوانبارانی ئەو کەیسەش ڕۆیشتووە و کارەکە ترووسکاییەکی ئومێدبەخشی بۆ خەڵک گێڕایەوە.

عەجاج ئەحمەد حەردانی تکریتی، کە سەر بە تیرەی ئەلبوناسری دیکتاتۆری پێشووی عێراقە، بە ئاشکرا دیارە پەروەردەی کولتوورێکی تەژی بووە لە ڕقئەستووری و تاوان بەرانبەر بە کورد و ڕەنگە بڵێم تەواوی مرۆڤایەتیش و ناوەکەشی زادەی کولتوورێکی دێرینی دەشتەکی و بەدووی عەرەبە (عەجاج بە واتای خۆڵ و تۆز دێت، کە ئەمە کولتوورێکی کۆنی عەرەبە و ناوی ناشیرینیان لە منداڵ دەنا بۆ ئەوەی جنۆکە و شەوە دەستی لێنەوەشێنن. ناوەکە حەجاج نییە وەک لای هەندێ خەڵکی کورد باوە و حەجاج کۆی ناوی حاجییە واتە ئەوانەی کە دەچنە حەج). ئەم عەجاجە، کە بەڕێوەبەری دەسەڵات ڕەهای زیندانی نوگرەسەلمان بووە و پلەی ڕائیدی ئەمنی تایبەت بووە و وەک تاوانبارەکانی تری ئەم دەزگا بەدناوە پەروەردە کراوە بۆ ئەشکەنجەدانی سەختی قوربانییانی دەستی ڕژێم بە کورد و ئەوانیترەوە. دیکتاتۆری عێراق خۆی بە شەخسی سەرپەرشتیی

ئەم دەزگایەی دەکرد و هەر لە تەمەنێکی گەنجیی زوویەوە دەستی لەگەڵ شەقاوەکانی جارانی بەغدادا تێکەڵ کردووە و بە پارە بووە بە کرێگرتەی ئەم و ئەو بۆ ئەنجامدانی تاوان و لە تەمەنی کەمتر لە چواردەساڵیدا بە فیتی خەیروڵڵا تڵفاحی خاڵی لە تکریت خزمێکی خۆی کوشتووە کە بیر و باوەڕی کۆمۆنیستیی هەبووە، تا ئەو دەمەی بووە بە بریکاری هەواڵگریی میسری سەردەمی نەتەوەپەرستیی جەمال عەبدولناسر و هاوزەمانیش موخابەراتی ئەمریکی و تەقەکردنی لە عەبدولکەریم قاسم و دەربازکردنی بۆ میسر و دواتر زەمینەی بۆ خۆشکرا ببێتە حوکمڕانی عێراق و هەر ئەو دەمەش ئەم دەزگا ئەمنییە تایبەتەی دامەزراند بە ناوی دەزگای «حەنین» و زۆربەی کۆنە هاوەڵە شەقاوە و سەرسەرییە تاوانبارەکانی جارانی خۆی کردە ئەندام و دەسەڵاتدار تێیدا، کە لەم دەزگایەدا سڵیان نەدەکردەوە لە ئەشکەنجەدانی نامرۆڤانەی نەیارە سیاسییەکانیان لە کورد و شیعە و کۆمۆنیست و خەڵکی نیشتمانپەروەری تر و تەنانەت ئەو بەعسییانەش کە ڕای جیاوازیان هەبوو. بێگومان هەموو خەڵکی ئەم وڵاتە ئاگاداری تاوانەکانی ئەو ڕژێمەیە نەک هەر تەنها لە نوگرەسەلمان، بەڵکو لە قەسری نیهایە و زیندانەکانی ئەبوغریب و ئەمنی گشتی و چەندین شوێنی نهێنی و ئاشکرای تر و ئەم عەجاجە دڕندەیەش پەروەردەی ئەو دەزگا و قوتابخانەیە بووە.

عەجاج و داورودەستەکەی لە ماوەی ئەو شەش حەوت مانگەی کەوا بەشێک لە گیراوانی ئەنفال ڕەوانەی زیندانی قەڵای

نوگرەسەلمان و لەوێ دەستبەسەر کران، پاش جیاکردنەوەیان لە سەربازگەی تۆپزاوا و نزارکێ و تکریت و شوێنانی ترەوە بە پێی توخم و تەمەن. ئەمانە زۆربەیان ژن و پیاوی بەتەمەن بوون، بەڵام بەشێکی بەرچاوی ژنی گەنج و منداڵیشیان تێکەوت، چونکە لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی سالی ١٩٨٨دا پرۆسەی پرۆسێسەکردن و جیاکردنەوەی پیر و گەنج و منداڵیان بە گۆترەکاری و پەلەپەل ئەنجامدەدا و ئامانجی کۆتاییان لەناوبردنی هەمووان بوو. لێرە لە قەڵا یان زیندانی نوگرەسەلمان خەڵکە سڤیلە دەستبەسەرەکان بەر مامەڵەیەکی دڕندانەی وا کەوتن کە نموونەی مەگەر لە ئۆردووگا و سەنتەرەکانی بەندکردن و کوشتنی قوربانییانی هۆلۆکۆستدا بووبێت لەسەر دەستی نازییەکانی ئەڵمانیادا. لەم زیندانەی ژێردەستی عەجاجدا بەشێکی مەمرە و مەژیی نان و ئاویان دەدانێ و لە گەرمای هاوینی تاقەتپڕووکێنی باشووری عێراقدا (ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی ئەنفال لە ٢٣ی شوبات تا ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨ی خایاند) و لەو دۆخە سەختەی مامەڵەکردنی نامرۆڤانەی لە ئەقڵ بەدەرەدا، لە برسێتی و تینوێتی و خستنە ژێر ئەشکەنجەی دار و فەلاقە و لە ئەنجامی نەخۆشی و نەبوونی دەرمان و چاودێریی پزیشکیدا، ڕۆژانە ژمارەیەکیان لێ دەمردن، بەتایبەتی کەسانی بەساڵاچوو و منداڵانی شیرەخۆر و بچووک و بێبەزەییانە هەر بە زیندانییەکان خۆیان دەبرانە دەرەوە و کەمێک چاڵیان بۆ هەڵدەکەندن و بە تۆزێک لمی بیابان دادەپۆشران و هەر دوای ”بە ناو ناشتنیان“ گەلە سەگێکی دڕندەی چەشەی

گۆشتی لاشەی مرۆڤی مردوو پەلاماری "گۆڕەکانیان" دەدا و لاشەکانیان دەردەهێنان و دەیانخواردن. لە کۆی نزیکەی شەش هەزار زیندانی نزیکەی نیوەیان بەو دەردە چوون و ئەوانەی کە هەرچۆنێک بوو لەو تالووکە و دۆزەخە دەرباز بوون چیرۆکی وایان دەگێڕایەوە لە ئەقڵی بنیادەم بەدەر بوو. هەر هەموو ئەمانە کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە عەجاج چ دەردێکی داونەتێ و چۆن لە بەر خۆری بە تین و تاوشتی هاوین مرۆڤی زیندانیی بە کۆڵەکەیەکی ناوەڕاستی حەوشەی زیندانەکەوە بەستووەتەوە و تا گیانی دەرچـووە دەستی لە فەلاقەکردنی هەڵنەگرتووە، بێئەوەی ڕەچـاوی تەمەنیانی کردبێت. دایکێکی ڕزگـاربـوو بەردەوام فرمێسکی هەڵدەوەراند و هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا و دووپاتی دەکردەوە منداڵە دوو ساڵانەکەم بەردەوام لەبرسا تاسەی خەیاری دەکرد و منیش خەیار لەکوێ بێنم ناچار نەعلە لاستیکە ڕەنگ سەوزەکەی خۆیم دەخستە دەمی و دەمویست بەوە ژیری بکەمەوە، کە خەیارە و ئەویش بە تام و کامەوە گازی لێدەگرت و دەیمژی بەو پێیەی کە خەیارە و تا لەبرسا گیانی سپارد نەعلەکەی لەدەمدا بوو. ڕەحمەتی حاجی حەمیدی سەیجەژنی و دادە زەینەبی خێزانی هەر ئاخیان هەڵدەکێشا و دەیانگوت عەجاج دەردێکی وای پێداوین خۆزگە نەمردینایە و هەواڵی گرتنی ئەو جانەوەرەمان ببیستایە و ئەوسا داخی ئەحمەد و کوڕە بێسەروشوێنەکانی ترمان لا سارێژ دەبوو، بەداخەوە حاجی حەمید مرد و ئەو ئاواتەی بردە ژێر گڵەوە و ڕەنگە ئێستا

دادە زەینەب بەم تەمەنە هەڵکشاوەیەوە بە هەواڵی گرتنی ئەم جانەوەرە کەمێک سوکنایی دەروونـی بۆ بێت. حاجی ساڵحی مەحموو مرادخانی سەنگاو تا ئەو ڕۆژەی چووە جێی هەقی خۆی خۆزگەی ئەوەی دەخواست عەجاجیان بگرتایە و بە بەرچاویەوە لەتوپەتیان بکردایە و ئیتر خەفەتی بێسەروشوێنبوونی سەعید و جەباری کوڕی لەدڵدا نەدەما. کاتێ پرسیاری ژن و کچە گەنجەکانم لە میمکە ئامین کرد پڕ بەمشتی کێشای بە سینگی خۆیدا و بانگی لێبەرز بوو، وتی: ڕۆڵە چیت پێبێژم ئەوەی نەشێ و ناخۆش بوو عەجاج و ئەمنەکان کردیان و خوا سەبەبکاریان بگرێت. هەڵبەت حیکایەتی عەجاج و تاقمەکەی و لە پشتی ئەوانەوە ڕژێمەکەیان هەرگیز نابڕێتەوە و ئەو کەمەی قوربانییە بـەردراوەکـان کە هێشتا لە ژیاندا ماون دەروونیان کەیلە لەو بەسەرهاتە تاڵانە و زۆرێکیشیان ئەو داخ و دەردەیان بردە ژێر گڵەوە. بێگومان بە گرتنی ئـەم جانـەوەرە تـاوانـبـارە و دادگـایـی کردنی هەقی ئەنفال ناسەنرێت، ئەگەرچی دڵنەوایی و ئاسوودەییەکی ڕۆحی دەبەخشێتە خەڵک و قوربانییە دەربازبووەکان. گرنگ ئەوەیە دادگا بە سزای ڕەوای خۆیی بگەیەنێت و دادگاییەکی ئاشکرا بکرێت و لە لایەن کورد خۆی و سەرانی ڕژێمەکەی ئێستای عێراقەوە سیاسییانە دەست وەرنەدرێتە ئەم کەیسە و بە دەردی تاوانبارەکانی تری جینۆساید نەبرێت کە چۆن بە تێکەوتنی ئەملا و ئەولا دەرباز کران و کێبەڕکێ بوو لەسەر پاکانە بۆکردنیان و بێتاوان دەرکردنیان و دواتر لە وڵاتانی داڵدەدەریانەوە گاڵتەیان

بە هەموو بەهاکان دەکرد و خۆیان بە قارەمانی کوشتوبڕەکانی کورد لەقەڵەم دەدا. گرنگ ئەوەیە دادگا، کە مەبەستم زیاتر دادگای باڵای تاوانەکانە، بۆ ئەمیش نەچێتە ژێر باری پاساوەکانی ئەوانیتر کە فەرمانیان لە سەرووی خۆیانەوە پێکراوە و ناچار بوون جێبەجێی بکەن. ئەم دادگایە و دادگاکانی تری عێراق بە ڕەفتار و حوکمدانی تاوانبارانی جۆراوجۆر پرسیاری زۆریان خستووەتە سەر خۆیان و لە سزادانی کەیسە جیاجیاکانی جینۆسایدی کورددا ئەو ڕاستییەیان نەسەلماند کە شایستەی سزادانی تاوانبارانی لەم چەشنەن و زۆر نەرم و بێباکانە لەگەڵ ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆسایددا جووڵانەوە و قوربانییان و خەڵکی کوردیان نائومێد کرد لەم مەسەلەیەدا و تەنانەت نەیانتوانی کارێکی وا بکەن کە دەوڵەتی عێراق، وەک دەوڵەتی میراتگری ڕژێمی پێش خۆی داوای لێبووردن لە خەڵکی کورد و قوربانییانی دەستی جینۆسایدیش بکات.

گرنگیی ئەم دەسگیرکردنە لەوەدایە کە بوو بە ڕچەشکێنی کردەوەیەک کەوا پێویستە لەمەودوا دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی عێراق و تاک و گرووپەکانی جیاجیاکانی گەل و نەتەوە ڕەچاوی بکات و بە لۆجیکی پەندە عەرەبییەکەی "عفا الله عما سلف" مامەڵە لەگەڵ ئەو تاوانە سامناکانەدا نەکەین، کە دەرهەق بە خەڵک و قوربانییەکانمان ئەنجامدراون لە مێژووی نزیکماندا. لێرەدا هەر وەک نموونەیەکی بیرخستنەوەی یادەوەریی تاڵ باس لەوە دەکەم کە ئەفسەرێکی تاوانباری وەک زەعیم سدیق

مستەفا، کە لە ٩ی حوزێرانی ١٩٦٣دا کۆمەڵکوژییەکی سامناکی دژ بە خەڵکی شاری سلێمانی و دەوروبەری ئەنجامدا و دەیان کەسی لەو ڕۆژەدا کوشت یان زیندە بەچاڵی کردن و بۆخۆیشی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو و لە ڕۆژگارێکی زۆر دواتردا بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل تێداچوو. بە هەمان شێوە ئەفسەرێکی تری تاوانباری وەک تەها شەکرچی لە گەرمیان و دەربەندیخان و گەلێ شوێنی تر کۆمەڵکوژیی دژ بە خەڵکی سڤیل و بێگوناە ئەنجامداوە و دواتر هەروا لەبیرکرا و هیچ حیزب و گرووپێکی کورد سۆراخی نەکرد. ئەفسەرێکی ئەمنی وەک مولازم موحسین لە ساڵانی ١٩٨٠کاندا ستەمێکی بێئامانی لە شاری سلێمانی کرد و دەیان گەنجی ئەم شارەی کوشت یان گرتنی و ڕاپێچی زیندانەکانی ڕژێمی کردن و بەئیعدامکردنی دان و دەگوترێ ئێستا بۆ خۆی لە بەغدا بازرگانی دەکات و کەسیش نەبوو پێی بڵێ پشتی چاوت برۆیە. ئەمە و دەیان و بگرە سەدان تاوانباری دژ بە کورد و دیموکراتیخواز و نیشتمانپەروەرانی ئەم وڵاتە دەستیان سوورە بە خوێنی قوربانییان و دواتریش نەک هەر نەگیران و دادگایی نەکران، بەڵکو زۆرێکیشیان هەموو جار دەبوونە دەسکەلای دەسەلاتدارانی ڕۆژگار و لە جاران زیاتر دەستیان دەڕۆیشت و دەسەڵات و ئیمتیازاتی چەوریان بۆ خۆیان قۆرخ دەکرد و چاویش لە تاوانەکانیان پۆشرا. جا هەر لەبەر ئەمەشە کەوا لە مێژووی نوێی شەست حەفتا ساڵی ئەم وڵاتەدا، ئەوەندە تاک و تاقمی هەلپەرست دروستبووە

باوەڕ ناکەم لە مێژووی هیچ وڵاتێکدا نموونەی هەبێت و هەر هەڵە و تاوانێکی دژ بە خەڵک لە ڕۆژگارێکدا بەرپای دەکەن لە ڕۆژگارێکی دواتر و لە سایەی تاقم و ڕژێمێکی "نیشتمانیی" دواتردا هیچ لێپرسینەوەیەک نییە و بە ئاسانییش دەبنە خزمەتکار و دەسکەلای تاقمی دەسەڵاتداری نوێ و ئەوەی بۆ ئەوانی پێشتر کردوویانە بۆ دەستە و تاقمی نوێ باشتری دەکەن و نانیان لەسەر ئەم کەسابەتەیە و کارێک دەکەن کە تاوانی دوێنێیان بە خزمەت بۆ بژمێردرێت و لەم بەینەدا هەر خەڵکی هەژار و ستەملێکراو فەوتاوە و دەستەی بەکرێگیراویش هەمیشە ئاشیان لەگەڕدایە و بەتایبەتی لای بەشێکی بەرچاوی کوردیش بووەتە باو و تادێت پانتاییەکی زیاتر دەگرێتەوە، کەچی ئەم دیاردەیە لە مێژووی زۆربەی گەلاندا پەشم و نەفرەت لێکراوە و بە دەگمەن نەبێت تاوانباران لە سزای گەل دەرباز نەبوون. ئێمە لێرەدا دوو نموونە لە هەڵوێستی تاک و گرووپی نیشتمانپەروەری ئەو میللەتانە باس دەکەین کە لە مێژوودا ڕوویانداوە و تا ئێستاش مایەی شکۆ و شانازیی گەل و نەتەوەکانی خۆیان و ڕێز و ستایشی میللەتانی هاوشێوەی ئێمەشن و لاپەڕەیەکی پرشنگداریشیان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمار کردووە. نموونەی یەکەمیان ئەوەیە کەوا گەلی ئەرمەن لە ساڵی ١٩١٥ و ساڵانی دواتردا لە سەر دەستی تورکە عوسمانییەکان جینۆساید کرا و نزیکەی ملیۆن و نیوێکیان لێ کوژرا و هێندەشیان لێ دەربەدەری

وڵاتانی جیهان کرا. هۆکار و ئەنجامدەری سەرەکیی ئەو جینۆسایدە، بێجگە لە سیاسەتی کوشتاری بەکۆمەڵی ڕژێمی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی، سەرانی حیزبی حوکمڕانی "ئیتیحاد و تەرەقیی" حوکمڕان بوون، لە دوای کوودەتاکەی ساڵی ١٩٠٨یان. لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم و گۆڕانی بارودۆخی سیاسیی تورکیای عوسمانی ئەمانە لە وڵات هەڵهاتن و حیزب و گرووپ و تاکی جۆراوجۆری ئەرمەنەکان و بەتایبەتی پارتی نەتەوەیی تاشناک لێنەگەڕان لە ناو وڵات و دەرەوەشیدا دەرباز ببن و زۆربەیان بە سزای گەلی ئەرمەن گەیاندن، لە بارودۆخی نکوولێکردن لەو جینۆسایدە و پەیڕەویکردنی هەمان ڕێچکە دژ بە ئەرمەن و کورد و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانی تر لە لایەن ناسیۆنالیستانی تورکی حوکمڕانی دواترەوە. لەم ڕووەشەوە جێی خۆیەتی باسی گەنجێکی ئەرمەنی بکرێت بە ناوی سوگۆمۆن تەهلیریان کە خەڵکی شاری ئەرزنجان بووە و لە خێزانێکی شەش کەسی تەنها ئەم بە برینداری لە کوشتن دەباز بووە و ڕووی کردووەتە گوندێکی کوردنشینی ئەو نزیکانە و پیرەژنێکی کورد لە ماڵەکەی خۆیدا ماوەی مانگیک داڵدەی دەدات و برینەکانی تیمار دەکات و دواجار بە هەر دەردەسەرییەک بووە لە تورکیا دەردەچێت و بە هاوکاریی گرووپە ئەرمەنییەکان چەند ساڵێک چاودێریی تەڵعەت پاشای ڕابەر و جێبەجێکاری سیاسەتی جینۆسایدی ئەرمەن دەکات، کە لە شاری بەرلینی

ئەڵمانیا پەنابەر دەبێت، تا لە دەرفەتێدا بۆی هەڵدەکەوێت لە شەقامێکی سەرەکیی ناوەڕاستی بەرلیندا بەر گوللەی دەمانچەی دەدا و لە تۆڵەی خێزانەکەی و تەواوی ئەرمەندا دەیکوژێت و هەر لەو شوێنەشدا خۆی ڕادەستی پۆلیس دەکات و لەپاش دادگایی کردنێکی چەند مانگەش لە ئەڵمانیا بە بێتاوان بەردەدرێت و وردەکاریی ئەم دادگایی کردنەش هەموو جیهان لێی ئاگادارە. هەر بەم شێوەیەش تۆڵەیان لە زۆربەی سەرانی ئەنجامدەری تاوانی جینۆسایدەکەیان کردەوە و بە سزای گەلی ئەرمەنیان گەیاندن، لە بارودۆخێکی سیاسیی نێودەوڵەتیی وادا کە ئەوانە نەدرانە دادگا.

نموونەی دووەمی بیرهێنانەوە هۆڵۆکۆستی جووەکانە کە نزیکەی شەش ملیۆنیان لەسەر دەستی نازییەکانی ئەڵمانیا قڕکران و لە کوورەی گازدا سووتێنران و ئەو پرۆسەی کوشتنە لە پێش جەنگی جیهانیی دووەمەوە بەردەوام بوو تا کۆتایی جەنگ لە ساڵی ١٩٤٥دا و شکستخواردنی نازییەکان و لە دەیان و بگرە سەدان سەنتەری گرتن و لەناوبردنی جوولەکەدا لە ناو ئەڵمانیا و دەرەوەیدا دۆزەخێکی سامناکیان بۆ داخستبوون. لە پاش شکستی ئەڵمانیا و هاوپەیمانەکانی لە جەنگدا ژمارەیەک لە سەرانی تاوانبارانی نازییەکان لەوانەی کە جینۆسایدیان ئەنجامدابوو خۆیان شاردەوە و بەشێکیشیان بە ناوی نهێنی خۆیان گەیاندە وڵاتانی ئەمریکای لاتین. یەک لەوانەی کە سەرپەرشتیی ئۆردووگای گرتن و قڕکردنی جوولەکە و غەیرە

جوولەکەی کەمپی ئاوشڤیتزی دەکرد لە پۆڵەندای ژێردەستی ئەڵمانیای نازی، کە نزیکەی یەک ملیۆن و سەد هەزار مرۆڤی تێدا کوژرابوو، ئەفسەرێکی نازی بوو بە ناوی ڕۆدۆڵف هیوس و لە گەرماوگەرمی شکستی نازییەکاندا ماوەی دوو ساڵ لە ناو وڵاتدا خۆی شاردەوە و دواتر لە ساڵی ١٩٤٧دا دۆزرایەوە و لە دادگای نۆرنبێرگ سزای مەرگ درا و لە بەردەمی کوورەی سووتاندنی ژمارە یەکی ئەو کەمپەدا هەڵیانواسی و دواتریش سووتێنرا (ئۆردووگای ئاوشڤیتز پێنج کوورەی سووتاندنی مرۆڤی تێدابوو). ئێستا هەر کەسێک سەردانی ئۆردووگای ئاوشڤیتز بکات، کە کراوەتە مۆزەخانە، ئەو سێدارەیە دەبینێت کە هیوسی بەڕێوەبەری ئەو زیندانە سامناکەی پێدا هەڵواسرا وەک هێمایەک بۆ لەبیرنەکردنی ئەو تاوانە. ئەفسەری سەرکردەی نازی، ئەدۆڵف ئێخمان، خاوەنی بیرۆکە و بەرنامەی "کۆتا چارەسەری مەسەلەی جوو Final solution"، لە کۆنفرانسی ساڵی ١٩٤٢ی حیزبی نازیی ئەڵمانیدا، کە بریتی بوو لە بەرنامەی کوشتنی تەواوی جووەکانی ئەورووپا، لە پاش جەنگی جیهانی دووەم لە ژێر ناوێکی نهێنیدا خۆی گەیاندە ئەرجەنتین و ماوەی پانزە ساڵ دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل بەدوایدا گەڕا و ساڵی ١٩٦٠ لە ئەرجەنتین دۆزییانەوە و بەبێ مۆڵەتی فەرمیی ئەو وڵاتە فڕاندیان بۆ ئیسرائیل و ماوەی دوو ساڵ دادگایی کرا و سزای مەرگ درا و لە پاش ئیعدامکردنی لاشەکەی سووتێنرا و نەیانهێشت تەنانەت خۆڵەمێشەکەیشی لە

ناو ئەو وڵاتەدا بنێژرێت و بردیان لە دەرەوەی ئاوی هەرێمیی ئیسرائیل فڕێیاندایە دەریای سپیی ناوەڕاستەوە، وەک هێمایەک بۆ ئەوەی کەوا گەلی جوو هیچ تاوانبارێکی هۆڵۆکۆست لەبیر ناکات و بە سزای ڕەوای خۆیی دەگەیەنێت.



# عەجاج چیرۆکێکی تاریك و هەترەشبەر

لەتیف فاتیح فەرەج

١

هەموومان چیرۆکی دڕندەکەی نوگرەسەلمانمان بیستوە، ئەو پیاوەی بە خۆی و سۆندە کێبڵدارەکەی ناویەوە، وەک گورگی هار بەردەبووە گیانی ئەو پیاو و ژن و پیر و بەساڵاچوانەی لە گەرمێن و کوێستانی کوردستانەوە، بۆ مەرگ برابوونە قەڵای باستیل ئاسای سەلمان، ئەو قەڵایەی، پێش ئەو خەڵکەش زۆری دیکەی بۆ برابوو بێئەوەی زۆربەیان بگەڕێنەوە، عەجاج ئەوەی لە مانی باوی میلی کورددا قوربانی و نوسەرانیش پێمان دەوت حەجاج، گەرچی چەند ساڵێک لەموبەر من لە یەک دوو وتاردا کردمەوە عەجاج، بکوژ و ببڕی ئەو زیندانە خۆی بوون ناوی ئەو هاوناوی لێدان و سەگی ڕەشی بیابان و دڕندەیی بەعس بوو.

٢

سەگی ڕەش، یان سەگەڕەشەکە ئاماژەیە بۆ ئەو سەگانەی لە دەوروبـەری قەڵاکە بوون زۆربەیان ڕەش بوون، گەرچی شێوەی دیکەشیان هەبوو، بـەڵام زۆربـەی قوربانیەکان لەوە دەچێت زیاتر هەر سەگی ڕەشیان دیبێت بۆیە ناوەکە بەو جۆرە بڵاو بوەوە، کاتێک ساڵی ٢٠٠٣ ئێمە تیمێک چووینە ئەو قەڵایە، یان زیندانی نوگرەسەلمان، ئەوی دەرەوەی قەزاکە، لەوێ چەندین سەگمان لە دەوروبەری قەڵاکە بینی، کە هەندێکیان ڕەشێکی زۆر تاریک بوون.

٣

لە سەلمان لیستێکی ئەو قوربانیانەمان دەستکەوت کە لەوێ مردبوون، ئەوەی ئێمە ئەوانەبوون، کە برابوونە نەخۆشخانە، لیستەکە هەمووی نوسرابوو " وەستانی خوێن "یان مەین و لە جوڵەکەوتنی خوێن، وەستانی سووڕی خوێن، لەو لیستەدا کە من چەندین جاری تر لە سەریم نووسیوە و کاتی خۆی یەک یەک چیرۆکم بۆ ناوەکانیش دروستکرد، لە منالّی وردەوە تیایەتی تا بە ساڵاچوون کەسەکان هەموو کەس و کاریان هەیە، کاتی خۆی چەند کەسێک وتیان ناوی تیایە کەسی ئێمەیە، تەنانەت کاک عوسمان شاکەلی برای شێخ محەمەد شاکەلی دەڵێت: کوڕێکی منی تیایە گەرچی ناوەکەی بە هەڵە هاتوەتەوە، هەموو ناوەکان تەمەن و شوێنگە و پارێزگای لە گەڵدایە.

٤

بۆ دادگای کردنی عەجاج ١٠٠ کەس بەسە، هەر لیستەکەی لای من زیاتر لە هەشتا ناوە، چیرۆکی قوربانیەکان، برسی کردن، تینوکردن، لێدان، کوشتن و فڕێدانی تەرم و دەرخوارددانی مردووەکانە بە سەگە ڕەشەکان، پرسی دەستدرێژی و ئازاردانی کچ و ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەر وا ئاسان تێناپەڕێت، قوربانی ناتوانێ نە لەبەردەم دادگا، نە لە ناو کەس و کاری خۆیشیدا ئەمە بگێڕێتەوە، دوای ئەو هەموو ساڵەش دەستبردن بۆ هەڵدانەوەی

ئەو برینانە ئازارێکی دەروونی گەورەیە، بۆیە هەر ئەوەی هەیە بەسە بۆ ئەوەی عەجاج سزای دادیانەی خۆی وەربگرێت.

٥

دادگایکردنی عەجاج و سزادانی لە سەر تاوانەکانی نێو نوگرەسەلمان، بوێری لای قوربانی دروستدەکات، کە لەسەر مافی خۆی بێتە دەنگ، ئەمە دەبێتە سەرەتایەکی باش بۆ دادوەری گوێزەرەوە، هەر ئەوەی کە برسی کردن و تینوکردن، لێدان و ئازاردان، بەستنەوەی بەر خۆر و تورڕدان، فڕێدانی مردوو بۆ بەردەم سەگەکان، بەسن بۆ ئەوەی عەجاج و هەموو ئەوانەش کە لە زیندانی نوگرەسەلمان هاوکار و هاودەستی بوونە بە سزای خۆیان بگەن، ناکرێت لە بایەخی ئەم بابەتە کەمبکرێتەوە بە بیانووی ئەوەی سکالاکاران سکالاکانیان لاوازە، جا خۆ لە هۆلۆکۆست و ڕواندا و کوشتوبڕی ئەرمەنیشدا هەر ئەو ڕووداوانە هەن، ناکرێت قوربانی ناچاری ئەوە بکرێت چیرۆکی دروستکراو دروستبکات، قوربانی دەبێت هەقیقەت زیاتر نەڵێت، ناچار کردنی بەوەی چیرۆکی قەبە دروستبکات، بێنرخکردنی ئەو ستەمکاریە تاریکەیە.



# عەجاج لەناو هۆڵی
# دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق
# "لە زاری شایەتحاڵەکانی نوگرەسەلمانەوە"

سالار مەحمود

تۆقێنەرترین و بەدناوترین ناوی جەلاد، لای ئەو کەسانەی لەئەنفالدا برابوونە نوگرەسەلمان، ناوی (عەجاج)ە.

ئەو ئەفسەری بەرپرسی گرتووخانەی قەڵای نوگرەسەلمان بووە، کەسێکی (سادی)و رەفتاری لەگەڵ خەڵکەکەدا لەو پەڕی دڕندەیی و بێ بەزەییدا بووە.

چەند کەسێک لە نووسەرانی بواری ئەنفال و جینۆساید، لە مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠٠٦ وەک میوانی چاودێر بانگهێشتکراین بۆ ئامادەبوون لە چەند دانیشتنێکی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە بەغداد لەسەر دۆسیەی ئەنفال بەڕێوە ئەچوو، بریتی بووین لە (لەتیف فاتیح فەرەج، عەبدوڵا کەریم مەحمود، تەها سلێمان، محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، عومەر محەمەد، مەجید ساڵح و سالار مەحمود).

لەدانیشتنی یەکەمی رۆژی دووەمی ئامادەبوونی ئێمە لەهۆڵی دادگادا کە رێکەوتی ٢٠٠٦/١٠/١١ بوو، یەکێک لە ژنە ئازاو پاکیزە شایەتحاڵەکان، نارەحەتی دۆخ و گوزەرانی خۆی و بەسەرهاتەکانی لەو ماوەیەی لە نوگرەسەلمان بوو بۆ دادگا دەگێڕایەوە. زیاتر لەجارێک ناوی عەجاجی هێنا، لەگەڵ ناوهێنانیشیا ئاهێکی قووڵیشی هەڵدەکێشا، بە هەستێکی پڕ لەخەمەوە کەوتە باسکردنی شێوازەکانی دەستدرێژیی کردنە سەری، لەلایەن ئەو

جەلادەی قەڵای نوگرەسەلمان، لە کاتی قسەکانیدا دادوەر محمد ئەلعریبی دەستی خستە سەر سوویچە سوورەکەی بەردەستی؛ بۆ ئەوەی پەخشی دانیشتنەکە کە راستەوخۆ بوو نەگوازرێتەوە بۆ کەناڵەکانی تەلەفزیۆن.

کچەکە باسی ئەوەی کرد؛ کە چۆن عەجاج و یەک دوو کەس لە پاسەوانەکانی، شەو هاتوون و لە کچەکانیان هەڵبژاردوە و بردوویانە بۆ لای خۆیان، بەبیانوی جیاجیا، ئیتر خۆی پێڕانەگیراو بەدەم گریانەوە وتی: منیش بەو دەردە برام و زۆر دڕندانە سوکایەتیان پێکردووم و بێ شەرمانە دەستدرێژیان کردۆتە سەرم.

لەو گێڕانەوەیەدا هۆڵی دادگا پڕ بوو لەبێدەنگی. خودی محەمەد ئەلعرێبی عارەق بەناو چاوانیدا دەهاتە خوارەوەو، سەری خۆی پێڕانەدەگیراو شۆڕی کردەوە بەسەر مێزەکەی بەردەمیداو، لەحەسرەت و شەرمدا بەدەستە راستی ئارەقی ناو چاوانی دەسڕی. ژنەکە لە قسەکانی بەردەوام بوو، دادوەر بەبێدەنگی و دوای چەند دەقیقەیەکی تر بەهەردوو دەست ئارەقەی سڕی، داوەرەکەی تری دەستەچەپی محەمەد ئەلعرێبی لەژێر عەینەکەکەیەوە فرمێسک بەچاوەکانیدا دەهاتە خوارەوەو ئەویش زوو زوو فرمێسکەکانی دەسڕی.

شێوازی گێڕانەوەی شایەتحاڵەکە زۆر کاریگەر بوو، بەتایبەتیش بەعەرەبی ئیفادەی دەداو، زمانەکەی زۆر پاراو بوو. بە جۆرێک عەرەبیەکەی ئەتوانم بڵێم لەباشترین عەرەبی زانەکان

بوو، کچەکە جگە لەزانینی زمانی عەرەبی بەباشی، پێدەچوو ئاگایەکی باشیشی لەئەدەبیاندا هەبوو بێ، چونکە بەزمانێکی پاراوی ئەدەبیش گوزارشتی لەمەینەتیەکانی نوگرەسەلمان دەکرد.

ئەمە وایکرد لەرووی دەروونی و ویژدانیەوە زۆر کاربکاتە سەر سۆزی ئامادەبوانی هۆڵەکە و گریان و خەمگینیەکی قووڵ هەمووانی داگرت، جگە لە سەدام حسێن و هاوقەفەسەکانی نەبێت.

لە یەکێک لەدانیشتنەکانی دواتردا، شایەتحاڵ عەبدوڵڵا سەعید ئەحمەد خەڵکی گۆپتەپە بوو، باسی لەوەکرد لە نوگرەسەلمان لەبەر هەلاکەت و خراپی ژیان و گوزەرانیان، وتی: رۆیشوینەتە لای عەجاج ئەو (بەحەجاج ناوی دەهێنا) باسی ئەوەمان بۆی کردوە، کەژیانمان لەبەر نەخۆشی و نەبوونی خواردن و پیسی بەتەواوی لەکولەمەرگی و مەترسیدایەو، وا برِوات هەموومان دەمرین، وتی: عەجاج لەوەڵامدا پێی وتین: ئێوە بۆ ئەوە هێنراونەتە ئێرە کەبمرن، ئێوە بۆ ژیان نەهێنراونەتە نوگرەسەلمان.

عەجاج ناوێکە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، چەندین سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە لەلایەن شایەتحاڵە سکاڵاکارەکانی زیندانی قەڵای نوگرەسەلمانەوە.

ئەو دوو سکاڵایەی لە عەجاج کرا تەنیا لە یەک دانیشتنی دادگادا بوو، دۆسیەی ئەنفال ٦١ دانیشتن بووە لە یەکەم دانیشتنەوە تا دوا دانیشتنی برِیاردانی دادگاکە، بە دڵنیاییەوە چەندین سکاڵای تر لە دانیشتنەکاندا لەو تاوانبارە تۆمارو تەوسیق کراوە.

دەزگای ئاسایشی نیشتمانی عیراق لە راگەیەنراوێکی فەرمیدا بڵاوی کردەوە کە عەجاج ئەحمەد حەردانیان دەستگیر کردوە، رۆژی ٢٠٢٥/٧/٢٩ لەشارۆچکەی چلوعیە.

دوای ئـەوەی چەند کەسێک لە قوربانیانی تـاوانی ئەنفال سکاڵایان لەسەری تۆمارکردوە لە دادگای پارێزگای موسەنا.

جگە لە سکاڵی نوێ کە لەسەر ئاستی تاک و گرووپی کەسی تۆمارکراون، پێویستە پشت ببەسترێت بەو سکاڵایانەش کە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق لە کاتی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی ئەنفال، شایەتحاڵ و سکاڵاکارەکان تۆماریان کـردوە، لەسەر ناوبراوو تاوانبارانی تر.

ئەو تۆمەتانەی رووبەڕووی عەجاج کراون لە دادگای باڵای تاوانەکان، کوشتن و ئەشکەنجەدان و دەستدرێژی کردنە سەر ژنان و کچانی پاکیزە و مردوو خستنە بەر سەگی رەش و هی تریشن. کاتی ئەوەیە رێکار بگیرێتە بەر بەپێی یاسای دادگاکە ژمـارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٥ و بڕیاری دەستەی دادەوەرانـی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق رێوشوێنی یاسایی ئەنجام بدرێت و یەکلاکردنەوەی ئـەو تۆمەتانەی رووبـەڕووی ئـەو جـەلادە کراونەتەوە بەپێی ئەحکامەکانی دادگاکە.

سکاڵاکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حوکمی بەعس و دەکەوێتە چوارچێوەی ویلایەتی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە.

گرتنی ئەو جـەلادە دوای سی و حەوت ساڵ لەئەنجامدانی تاوانەکەو، بیست و سێ ساڵ لە روخانی رژێمی بەعس، گەرچی

درەنگ وەختە، بەڵام سروشتی تاوانی نێودەوڵەتی کات و زەمەن هیچ لە پرسەکە ناگۆڕێ.

عەجاجی بەعسی ئێستا لەبەردەم عەدالەتی یاسادایە، دەرفەتێکی گرنگە بۆ گێڕانەوەی نەختێک لە مافی قوربانیان و، بیرهێنانەوەی تاوانی ئەنفال.



# کارگەی بەرهەمهێنانی حەجاج

عارف قوربانی

دەگوترێت تا رووداوەکــان کۆنتربن، زیاتر لە یادەوەریدا کاڵ دەبنەوە، ئەشێت ئەم ئیدیۆمە لە مێژوویی مرۆڤایەتی و لە مێژوویی گەلی دێرینی ئێمەشدا بۆ هەندێ رووداو راستبن، نەک هەر کاڵبوونەوە، بگرە رەنگە زۆرێک لەو رووداوانەی مێژوو نە لە یادەوەریی و نە لە تۆماری مێژووشدا ناویان نەمابێت. بەتایبەتی ئێمەی کورد بەهۆی ئەوەی لەبەرەبەیانی مێژووەوە کارەسات و رووداوی تاوانکاریی و کۆمەڵکوژییمان بەرانبەر ئەنجامدراوە، تا ئێستاش بەردەوامە، وە لە بەرئەوەیش دیرۆک و مێژوومان خۆمان نەمانوسیوەتەوە یا ئەگەر نوسرابێتیش شاردراوەتەوە، بۆیە زۆرێک لەو رووداوە کارەساتبارانەی باوانی خۆمان لە یادەوەریمان تۆمار نەکراوە، تەنانەت بەشێک لەو رووداوانەی تۆماریشکراوون ئەشێ رۆژگارێک بچنە خانەی لەبیرچوونەوە.

بەڵام هەندێ رووداو هەن بەهۆی سروشتی تاوانەکەوە بۆ هەتا هەتایە لەبیر ناچنەوە، یەکێک لەو تاوانە گەورانەی سەدەی بیستەم، تاوانی ئەنفالە کە لەسەر دەستی سەدام و بەعس لە ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن دەوڵەتی عیراقەوە بەرانبەر بە گەلی کورد ئەنجامدرا و تا کورد بمێنێت لە یادەوەری نەوە لەدوای نەوە لە لاپەڕەکانی مێژوودا دەمێنێتەوە.

بێگومان ئەوە یەکەم تاوانی کۆمەڵکوژی نەبووە لە رابردوودا بەرانبەر بە کورد ئەنجام درابێت، لە مێژوودا چەندینجار گەلی کورد کەوتۆتە بەر شالاوی قڕکردن، بەڵام هەندێ وێستگەی سروشتی تاوانی ئەنفال وەک شۆکێک یادەوەری مرۆڤی کوردی

توشی سەرسوڕمانکرد کە تا ئەوکاتە نەیزانیووە لەناو بەنی ئادەما مرۆڤی هێندە ستەمکار و دڵڕەقیش هەیە.

لە پرۆسەی ئەنفالدا تاوانی جۆراوجۆر ئەنجامدراون، لە کوشتنی منالّی شیرەخۆرەوە تا پیرەژن و پیرەمێردی سەت سالّە، لە سوتاندنی ژن و مندالّ لەناو خانوو مالّەکەی خۆی، لە بەکۆمەلّکوشتنی چەندین خێزان لە بن کەلّوەز و ناو ئەشکەوتدا کە لەترسی سوپا خۆیان حەشار داوە، لە زیندەبەچالّکردنی هەزاران ژن و منالّ، گوولەبارانکردنی هەزاران گەنجی بێتاوان، بەلاّم حەجاج و سەگەڕەشەکانی نوگرەسەلمان گەورەترین شۆکی ناو تاوانەکەن، ئەویش لەبەر هۆکارێک کە پەیوەندی بە سروشتی مرۆڤی کورد و ڕێزگرتن لە تەرمی مردووەوە هەیە.

کورد لەدێرزەمانەوە ڕێزی لە تەرمی مردووەکانی گرتووە، تا چەند سالّێک پێش ئێستا هەر ئەوە دەزاندرا کە زور لە پێش ئاینە ئاسمانیەکانەوە و لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە لەناو کورددا مردوو ڕێزی لێگیراوە و مەراسیم بۆ ناشتنی کراوە، بەلاّم دوای پشکنینە زانستیەکانی ئەم دوایەی ئەشکەوتی شانەدەر لە پارێزگای هەولێر و دۆزینەوەی ئێسکەپەیکەری ژنێکی سەردەمی نیاندرتالّ (شانەدەر زێت)، ناوەندە زانستیەکانی جیهان شۆک بوون بەوەی لەناو ئەو ئێسکوپروسکانەی دۆزراونەتەوە لەڕێگەی تەکنیکە پێشکەوتووە زانستیەکانی پشکنینەوە دەرکەوتووە کە لەناو ئەشکەوتی شانەدەر (٧٥) هەزار سالّ لەمەوبەر مەراسیمی ناشتنی مردوو سازکراوە و گولّ خراوەتە سەر تەرمەکان. لەوەدا

توشی سەرسوڕمان هاتوون کە لەهەمان سەردەم و مرۆڤی نیاندرتاڵی ناوچەکانی دیکەی جیهان، گۆشتی مردووەکانی خۆیان خواردووە. بەڵام لە کوردستان مەراسیمی ناشتن و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

ڕێزگرتن لە مردوو لەلای کورد بەشێک بووە لە داب و نەریت و ڕۆشنبیری گشتی کۆمەڵگای کوردی، بەئەندازەیەک ڕێز لە مردوو گیراوە کە وەک تانە و تەشەر لە ئیدیۆمێکدا کورد بە زیندو کوژی مردوو پەرست ناوبراوە، هیچ کات نەبیستراوە سوکایەتی بەلاشەی مردوویەک کرابێت، بۆیە کاتێک لە پرۆسەی ئەنفالدا ئەوانەی وەک دوا وێستگەی بەر لەمردن براونەتە نوگرەسەلمان، پێش ئەوەی خەمی ژیانیان بووبێت خەمی مردنیان بووە، خەمی گەورەی خەڵکەکە ئەوە بووە لەم بیابانە چۆڵە، چۆن بتوان کفن و دفنی مردووەکان بکەن، لەکاتێکدا ئاویان دەستنەکەوتووە بۆ خواردنەوە، چۆن ئاو پەیدا بکەن بۆ شۆردنی تەرمی مردووەکان و چۆن کفن پەیدا بکەن و لەکوێ بەخاکیان بسپێرن؟ بەڵام لە مردنی یەکەم کەسدا توشی ئەو شۆکە دەبن کە حەجاج بڕیار دەدات تەرمی مردووەکە فڕێبدرێتە دەرەوەی قەڵاکە و بخرێتە بەردەمی سەگەڕەشەکان، ئیتر وەک دیاردەیەکی ڕۆژانە و بەردەوام روفاتی مردووەکان لە دەرەوەی زیندانەکە فڕێدراوون و بە بەرچاوی ئازیزانیانەوە سەگەڕەشەکانی حەجاج سکیان هەڵدڕیوون و جەرگ و دڵیان خواردوون.

هەموو ئەوانەی لە نوگرەسەلمان گەڕانەوە وەک مرۆڤێکی

تاساو هاتنەوە، بەحەپەساوییەوە چیرۆکی کەلەسەری مرۆڤ و سەگەڕەشەکانیان هێنایەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردی و تا ئێستاش ئازاری لەناخی هەموو کوردێکدا هەر بەسویە. چونکە بەدرێژایی تەمەنی مرۆڤایەتی کورد رووداوی وای بەسەرنەهاتووە، بەتایبەتیش هەموو ئەوانەی برابوونە نوگرەسەلمان، جگە لەوانەی خەڵکی هەڵەبجە بوون و لە کەمپەکانی ئێرانەوە رەوانەی دۆزەخی نوگرەسەلمان کرابوون، ئەوان خەڵکی شار بوون، ئەوانی دیکە ژن و منداڵ و پیرەژن و پیرەمێردی لادێ دوورەدەستەکانی کوردستان بوون، کە بەشێکی زۆریان بەهۆی هەلومەرجی ئەوکاتی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردییەوە رەنگە جگە لە چەند گوندێکی دەوروبەری گوندەکەی خۆیان هیچ ئاوەدانییەکی دیکەیان نەبینی بێت، زۆرێکیان لەکاتی دەستگیرکردنیان بۆ یەکەمجار بووە ئەو شارانە ببینن کە لەپشتی ئیڤای سەربازی بەناویدا تێپەڕیوون، خەڵکانێک سادە، لەبەر بەرائەتی خۆیان رەنگە هیچ کات لەخەونیشیاندا مۆتەکەو تاوان و کوشتنیان نەبینیبێت، بۆیە کاتێ لەیەکەم وێستگەی بەر لەمردندا توشی ئەو شۆکە دەبن کە بە بەرچاویانەوە تەرمی مردووەکانیان دەرخواردی سەگ دەدرێت، سروشتییە تا دەیان ساڵ دوای رووداوەکەش هەر بە تاساوی بمێننەوە.

درندەیی حەجاج لە برسیکردن و تینووکردنی پیرەژن و پیرەمێرد و منداڵەکان، لە لێدان و سوکایەتیپێکردن، بێوێنە نییە لەناو دام و دەزگا چەوسێنەرەکانی دەوڵەتی عیراقدا، لە ئەمنە

سورەکەی سلێمانی و ئەمنی کەرامەی کەرکوک و ئەمنی خاسە و لە قەسر ئەلنیهایە و قەسابخانەکەی موسڵ و دەیان زیندانی دیکەی سەردەمی بەعس و سەدام، هاوشێوەی حەجاج زۆر بوون لە زیندانەکاندا، بەڵام ئەوەی حەجاجی نوگرەسەلمانی لەوانی دیکە جیاکردۆتەوە، هەر سوکایەتی کردن نییە بە زیندووەکان، بەڵکوو سوکایەتییە بە روفاتی مردووەکان.

دەبێت لەوە بکۆڵدرێتەوە چی ژینگەیەک حەجاج و حەجاجەکانی بەرهەم هێناوە، راستە بەعس ئامرازەکانی بۆ رەخساندوون وەک جەلادێک ئارەزووە شەیتانی و خولیا شەڕانگێزییەکانیان بە چەوساندنەوە و ئازاردانی بێتاوان و دەستگیرکراوەکان بەتاڵبکەنەوە، بەڵام زانست ئێستا سەلماندوویەتی کەسێتی مرۆڤ زۆر لەسەردەمی منداڵیدا دروست دەبێت، حەجاج لە ئامێزی دایکێکدا شیری دراوەتێ و لەناو خێزانێک گەورە بووە و لە ناو منداڵی کۆڵان یاریکردووە و لە باخچەی ساوایان و لە قوتابخانە خوێندویەتی و لەناو کۆمەڵگایەکەوە پێگەیشتووە. ئەوە چی دایکێکە نەوەی وا دەخاتەوە، چی کۆڵان و گەڕەکێکە منداڵی لەو جۆرەی تیا گەورە دەبێت، کام باخچەو قوتابخانە باڵا بەو جۆرە کەسانە دەکات، کام پەروەردە و کەلتووری چی جۆرە کۆمەڵگاو ئاینێکە، دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی حەجاج؟

لەهەفتەی یەکەمی دوای کەوتنی سەدامدا کاتێ چاوپێکەوتنم لەگەڵ (عەبدولحەسەن موحان موراد) دەکرد، کە سایەق شۆفڵ بووە لە دائیرەی ئەمن و لەسەردەمی ئەنفالدا بەشداربووە لە

زیندەبەچاڵکردن و داپۆشینی بەشێک لە ژن و مناڵە ئەنفالکراوەکان، لەیەکەم دیدارم ئەوەم بۆ دەرکەوت، هیچ هەستێکی پەشیمانی لەناخیدا نابینم، بۆیە زۆرترین سەرنجەکانم خستە سەر ئەوەی بزانم لەچی ژینگەیەک لەدایک بووە؟ لەچی کۆمەڵگایەکی خێڵەکی ژیاوە؟ چۆن گەورەکراوە؟ لە چی قوتابخانەیەک خوێندویەتی؟ لەناو چی جۆرە خێزان و کام گەڕەک گەورە بووە. لەکام دام و دەزگای بەعس کاری کردووە و جۆری ئەو تاوانانەی بەشداری تیاکردوون چی بوون؟

ئەمە بۆ حەجاجیش راستە، دەبێت لەوە بکۆڵینەوە ژینگەی خێزان و کەلتووری خێڵەکی و مەزهەب و ئاین و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، گەڕەک و سیستمی پەروەردەکەی بخەینە بەر نەشتەر، تا تێبگەین چۆن کەسێتی مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاستە لە دڕندایەتی؟ ئەمە نەکەین و چارەسەری ریشەیی بۆ ئەمە نەدۆزینەوە، هەمیشە لەبەردەم کۆمەڵێک حەجاجی دیکەدا خۆمان دەبینینەوە.

 

# دەستگیرکردنی عەجاج،
# خاڵی وەرچەرخانی پرسی جینۆسایدە
# لەکوردستان!

هۆمەر محەمەد- رزگار عومەر

ڕۆژی ٢٠٢٥/٨/١ دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی عێراق، هەواڵی دەستگیرکردنی بەدناوترین ئەفسەری ڕژێمی بەعسی ڕاگەیاند بەناوی (عەجاج ئەحمەد حەردان) ئەو ئەفسەرە دڵڕەقەی بە حەجاج ناسرابوو، ئازار و ئەشکەنجەی لەڕادەبەدەری قوربانییەکانی ئەنفالی دابوو لە قەڵای نوگرەسەلمان. وێرای دەستخۆشی و سوپاسمان بۆ هەموو ئەو کەس و لایەنانەی بە دوایەوە بوون و هەتا بەئەنجامیان نەگەیاند کۆڵیان نەدا. دەستگیرکردنی لەسەر داواو سکاڵای ڕزگاربووانەوە دوای زیاتر لە سێ دەیە لە خۆشاردنەوەی بەردەوام و بڵاوکردنەوەی درۆی «مردنی» لە نێوکەس و کارەکەیدا، خاڵێکی وەرچەرخانەو ئیدی لە چاوەڕێی داداگایی کردنیداین بۆ بەرەوپێشچوونی ڕەوتی دادگاییکردنەکە، ئێستا کە ڕووبەڕووی یەکەم سکاڵای فەرمی بۆتەوە لەسەر تاوانەکانی، ئەرکی کەسوکاری ئەنفالکراوانیشە کە بەخۆبکەون و نابێت بەوەندە سکاڵایەی فەزیلەو هاوڕێکانی کۆتایی بێت.

بەپێی ئاژانسی ئاسایشی نیشتمانی عێراق (INSA)، دوای چەندین ساڵ لە خۆشاردنەوەو شوێن گۆڕین و خۆدزینەوە لە دادپەروەری، عەجاج لە پارێزگای سەلاحەدین دوای ووردبینی شوێنپێکەوتنی درێژخایەن دەستگیرکراوە. بۆ شاردنەوەی

تاوانەکانی، کەسوکارەکەی بە درۆ ئیدیعایان کردبوو کە مردووە. ئەو پیاوە ئەفسەرێک بوو، بەرپرسی زیندانی نوگرە سەلمان بوو، هێشتا نازانرێت ئاخۆ ماوەی چەند بەرپرسی بەرێوەبردنی زیندانی نوگرەسەلمان بووە، بەڵام ئەوەی ڕوونە لەماوەی دەستبەسەرکردنی ئەنفالکراوان لەو قەڵایەدا ئەفسەرێکی دڵڕەق و توندڕەفتار بووەو فەرماندەیی ئەشکەنجەو کوشتن و برسی کردن و تۆقاندنێکی گشتی دەکرد لەگەڵ دەستبەسەرکراوانی نوگرە سەلماندا.

نوگرەسەلمان شوێنێک بوو، بۆ داماڵی مرۆڤ لەهەموو بەها مرۆییەکانی، تەنانەت لەدەرەوەی یاساو ڕێساکانی دەوڵەتیشدا بوو. بۆیە ناوهێنانی وەک زیندانیش هێشتا پێناسەیەکی ناتەواوە، چونکە نە زیندان بوو، هەتا دەستبەسەرکراوان وەک زیندانییەک هەندێک مافییان هەبێت وەک (سەردانیکردنی کەسوکاریان، یاخود دادگایی کردن و داکۆکی لە خۆکردن و گرتنی پارێزەر) ئەنفالکراوان لە نوگرەسەلمان هیچ یەکێک لەم مافانەیان نەبوو. لەراستیدا دەستبەسەرکردنی ئەنفالکراوان لە نوگرەسەلمان هێشتنەوەیان بوو لەدۆخێکدا هەتا ژیانێک بژین ئاوێتە بەمەرگ و مردنێک بمرن بۆ لەیادچوونەوەی هەتاهەتایی. ئەنفالکراون تەنانەت مافی ئەوەیان نەبووە گۆڕیشیان هەبێت. چ ئەوانەی بەدەستەجەمعی کوژراون و لەچاڵی ئامادەکراودا شاردراونەتەوە، چ ئەوانەی لە نوگرەسەلمان لەترسان و لەبرسان مردون بێ کفن و گۆڕ ژێرخۆڵدراون.

دوای ڕوخانی رژێمی بەعس و دادگایی کردنی هەندێک لەسەرکردەکانی بەعس و ناوهێنانی لەزاری شایەتحاڵەکانەوە، لە ناو هۆڵی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال لە دادگای باڵای تاوانەکاندا، وای کرد کە ئەم جەللادەی ئەنفال بیرلە حاڵی خۆی بکاتەوەو بۆماوەیەک خۆی لە چاوان وونبکات و لەدەست دادگاو سکاڵاکاران رزگاریی بێت. لە ساڵانی خۆشاردنەوەیدا پەنای بۆ ڕێ و شوێنی جیاواز بردووە. ماوەیەک هەڵاتووە بۆ سوریاو دواتر گەڕاوەتەوە بۆ زیدی خۆی جگە لەوەی نەشتەرگەری جوانکاری کردووەو خاڵەکانی سەر روخساری لابردووە هەتا نەناسرێتەوە. ئینجا پروپاگەندەی مردنی بڵاوکردووەتەوە و لە ناوچەیەکی لاچەپ خۆی خەریکی ئاژەڵداری کردووە، لەهەوڵی ئەوەدابوو ئەم ڕابردووە خوێناویەی خۆی لە سایەی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتدا بشارێتەوە. بەڵام؛ خوێنی بێتاوانەکان لەگەڵ کاتدا لەناو ناچێت، بە تەوێڵی مێژووەوە دەلکێت و هەرکاتێک خاوەنێک بۆ ئەم مێژووە پەیدا دەبێت سەندنەوەی مافیش ڕێگەیەک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە.

تۆماری تاوانەکان و دڕندەیی عەجاج بەجۆرێکە، کە لە تێڕامانیدا مرۆڤ توشی ساردبوونەوەو بێ تاقەتیەکی زۆر دەکات.

**ئەنفال**

ناوی سورەتی هەشتەمی قورئانە، لە سەدەی بیستەمیشدا رژێمی بەعس ئەو پرۆسە سەربازییانەشی بەناوەونا، کە

ساڵی ١٩٨٨ لە هەشت قۆناغی پەلاماری سەربازییدا لە دژی گوندنشینانی کورد ئەنجامدرا. ئەگەرچی (ئەنفال) تەنها بۆ پەلامار و قۆناغەکانی ئەنفال ڕاستە، بەڵام تاوانەکە بەوەندەوە نەوەستا بەڵکو زۆربەی هەرەزۆری ئەو خەڵکانەی لەلایەن سوپاوە گیرابوون. بەکۆمەڵکوژران و بێسەروشوێنکران. لە سەرەتادا گوندنشینانی کورد دەستنیشان دەکرێن و لە هەشت قۆناغی پەلاماری سەربازیدا سوپای نا نیشتمانی وەک ئامرازێکی پارێزەری ڕژێمی بەعس و سەدام حسێن دژی کورد دەجوڵێ. گوندەکان دەڕوخێنن و هەموو ئەو خەڵکە کۆدەکەنەوە کە دەستنیشانکراون بۆ لەناوبردن- دوای کۆکردنەوەیان هێزەکانی سوپا هەموو خەڵکە گیراوەکە ڕادەستی دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری دەکەن چارەنوسی خەڵکە دەستگیرکراوەکە لە سنوری چالاکی و دەسەڵاتی سوپادا نامێنێ.

**تۆپزاوا کەمپی کۆکردنەوەو پۆلێنکردن:**

لێرە ئەرکی ئاسایش و هەواڵگری ئەوەیە خەڵکە دەستگیرکراوەکە لە سەربازگەی تۆپزاو کۆبکەنەوەو پۆلێن بکەن. ژن و پیاو، پیرو گەنج لێک جیادەکەنەوە، هەتا بزانن کێ بۆ مردنی خێراو بە کۆمەڵ و کێ بۆ مەرگی شێنەیی بنێرن. دوای پۆلێنکردن و جیاکردنەوەیان تەنها شەوێک ئەوپەڕی دوو شەو لەتۆپزاوا هێڵدرانەوە ئەمەش لەبەر زۆری خەڵکەکە بوو. هەرچی گەنجەکان بوون بە خێرایی بەپاسی (بێپەنجەرە)

لە تۆپزاوا دەبرێنە دەرەوەو دابەش دەکرێنە سەر پارێزگاکانی عێراق کە پێشوەخت شوێنی گوللەبارانکردنیان بۆ دەستنیشان کردبوون و چاڵیان بۆ شاردنەوەیان ئامادەکردبوو. لەناویاندا پارێزگاکانی (دیوانییەو سەماوەو موسڵ و تکریت) زۆرترین گۆڕی بەکۆمەڵیان تێدا دۆزراوەتەوە.

## نوگرەسەلمان:

لە یەک دوو مانگی سەرەتادا هەرچی پیرەمێرد و پیرەژنەکان بوون. رەوانـەی قـەڵای نوگرە سەلمان کران و ژن ومنداڵیش رەوانــەی سـەربـازگـەی دوبـزکـران. نوگرەسەلمانیش شوێنی دەستبەسەرکردنی پیرەمێردو پیرە ژنان بوو، ئەگەرچی دواتر چەند کاروانێکی پاسی پڕ لە ژن ومنداڵیشیان لە دوبزەوە بۆ بردو تێکەڵ بە پیرەمێردو پیرەژنەکانیان کردن. بۆئەوەی لەوێ لە برسان و لە فەرامۆشیدا بمرن. دوای ئەوانیش ئەو هەڵەبجەییانەیان گەیاندە نوگرەسەلمان کە بەپڕوپاگەندەی لێبوردنی گشتی گەڕابوونەوە بۆ نیشتمان، بەڵام بەعسیەکان درۆیان لەگەڵدا کردن و ئەوانیشیان ڕاپێچی نوگرەسەلمان کرد، بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕە هەتا دوا دەرفەتی رزگاربوون هیچ گۆڕانکارییەکی باشی بەسەر دۆخی نوگرەسەلماندا نەهێنا، بەپێچەوانەوە دڵڕەقی و دەستدرێژی بۆسەر گەنجەکان بەتایبەتیش کچ و ژنەکان ئازارێکی ویژدانی و دەرونی خستەسەر ئازاری دەستبەسەرکراوەکان. ئەگەرچی هەڵەبجەییەکان تاڕادەیەک دۆخیان لەوانەی پێشوتر باشتربوو،

بەلای کەمەوە هەندێک زەخیرەی خواردنیان بەشی چەند رۆژێک لەگەڵ خۆیان بردبوو، بەڵام ئەوە دادی نەدان و نزیکەی ٥٢ کەسیان لەوێ لەبرسا مردن. ئیتر نوگرەسەلمان بوو بەشوناسی مەزلومییەتی کوردو فاشیزمی دەوڵەت و وەک هێمای قوڵترین تۆقاندن بۆ ئەو زیندوانەی لە پۆلێنکردندا بۆ کۆمەڵکوژی نەبران لەوێ ئەشکەنجەی حەجاج و مەرگی شینەییان پێبڕا.

ئەوانەی لەوێ ئازاریان چەشتووە و بەرێکەوت ڕزگاریان بووە، بیریان دێتەوە کە عەجاج وەکو درندەیەکی بێبەزەیی لە نێو حەوشەو هۆڵەکاندا دەگەڕا، ئازاری هەموو کەسێکی دەدا. ئەفسەرێکی دڵڕەق و پیاوێکی باڵابەرز و دەموچاو تاریک بوو کەهەموو جاران دەرکەوتنی بە مانای مردن یان ئەشکەنجەدان بوو. شێوازەکانی بۆ شکاندنی حورمەتی مرۆڤەکان نەک تەنها جەستەیی بوو، بەڵکو ئازاردانی ڕۆح و شکاندنی شکۆی دەستەبەسەرکراوان بوو: پیاوان هەڵدەواسران و ئەندامەکانیان پارچە پارچە دەکران، منداڵان لە باوەشی دایکان دەکوژران و کچانی گەنجیش لەبەردەم دایک و باوکە بێدەسەڵاتەکانیان ئەتک دەکران و دەستدرێژی سێکسیان دەکرایە سەر.

### سەردان بۆ نوگرەسەلمان و سەرەداوی دۆزینەوە:

«دوای ئەوەی چەندجارێک کەسوکاری ئەنفال سەردانی نوگرەسەلمان دەکەن، لە ١٥ی ئایاری ساڵی ٢٠٢٣دا بەڕێژەیەکی زیاترو بەشێوەیەکی ڕێکخراوتر، کەسوکاری ئەنفال و هەندێک

لە چالاکوانانی ئەو بوارە چوونەوە بۆ نوگرەسەلمان. ئەو رۆژە هاوکات بوو لەگەڵ رۆژی گۆڕی بەکۆمەڵ لە عێراقدا، بەکاروانێک ماشێن و پاس چالاکوانەکان چوون بۆ نوگرەسەلمان. بەڵام خزمێکی قایمقامی سەلمان زۆری لێکردبوون کە «هەردەبێ بچنەوە بۆ قەزای سەلمان و ڕێگەنادەم بە شەو لەم بیابانە بمێننەوە» دوای ئەوەی چالاکوانەکان لەماڵی قایمقام کاتێک بە بەقسەو دۆخی عێراق وکوردستان بەسەر دەبەن، بۆ خەوتن دابەشکران بەسەرچەند ماڵێکدا، خاوەن ماڵێک لەگەڵ نوسەری دیاری بواری ئەنفال «سمکۆ سابیر» دەکەوێتە گفتوگۆ، لەوێ باسی کتێبەکەی خۆی بەناوی (نوگرەسەلمان قەڵای مەرگ وپاکتاوی نەژادی) بۆکرد. کاتێک باس هاتە سەرعەجاج و رەفتارەکانی خاوەن ماڵ بە (عەجاج) ناوی دەبات، تەنانەت جەخت دەکاتەوەو بەعەرەبی دەڵێت: (کاکە اخویە إنت غلطان، هو اسمە عجاج مو حجاج... یعنی عجاج بالعین مو بالحاء.) بۆ بەیانیەکەی چالاکوانەکان دەچن بۆ نوگرەسەلمان لەوێ عەرەبەکان دڵنیایان دابوو کە ناوی عەجاجەو لە عەشیرەتی ئەبولناصرەو ئێستاش لەناو خزمەکانیدا دەژی. ئەمە بۆ سمکۆ وەڵامێکی شۆک ئامێزدەبێت چونکە شایەتحاڵێک بەبێ دوودڵی قسەی بۆکردووەو لەکتێبەکەیدا چاپی کردووەو وتوویەتی کە لە سوریا مردووە! جگەلەویش عەرەبێکی خەڵکی قەزای سەلمان قسەی بۆ کەناڵی روداوکردووەو دیسان جەخت دەکاتەوە لەوەی کە مردووە. ئیتر دوای ئەوەی عەرەبەکانیش چەندجارێک سەردانی گەرمیان و کەلار دەکەن و میوانداریيیان

دەکەن دڵنیا دەبن لەوەی حەجاج لە ژیاندا ماوەو دیوەخانداریشە.
دوای بـەدواداچـوون و دڵنیابوونەوە لە راستییەکە چەند کەسێکیان دەچنە سەماوە و لەوێ سکاڵای یاسایی لەسەر عەجاج تۆمار دەکەن و دوای کەمتر لە ٤٨ کاتژمێر بەسەر تۆمارکردنی سکاڵاکەدا عەجاج دەگیرێت. بەڵام دوای دوو رۆژ ئینجا هەواڵی گرتنەکەی بڵاودەکرێتەوە»

فەزیلە محەمەد، کە ئەوسا کچێکی ١٥ ساڵان بووەو بەختی ڕزگاربوونی لە نوگرە سەلمان، هەبووە، ئەم یادەوەریە خوێناویانە سی وحەوت ساڵە لەسەر ڕۆحی برینداری خۆی هەڵگرتووە. ئەو ئێستا یەکێکە لەو کەسانەی سکاڵای لە دژی عەجاج تۆمارکردووە. بیری دێتەوە کە عەجاج بە لێدانی زیندانییەکان و دەستدرێژیکردنە سەر کچانی گەنج و کوشتنی خوشکەکەی وێنەی دڕەندەیی بێ هاوتای جێگیرکرد. بیری ناچێتەوە کە لە بە یانییەوە تا ئێوارە لەگەڵ خوشکە گەورەکەی ئەشکەنجە درا، پێستی دەستەکانیان بە ئاسنی زیندانەکەوە مابوو، شکایەت ئیفادەکەی فەزیلە لە ئەمڕۆدا تەنها بیرهێنانەوەی چیرۆکێک، یاخود برینێکی ڕابـردوو نییە. بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ دۆسیێی کراوەی کۆمەڵکوژی کورد. فەزیلە و ڕزگاربووانی دیکە نیشانیاندا کە کاتێک قوربانییەکان بوێری قسەکردن و تۆمارکردنی سکاڵایان هەیە، دەتوانن سەرلەنوێ دادپەروەریش بگێڕنەوە، جابا درەنگیش بێت. لە ١٦ی ئایاردا، سکاڵاکەی فەزیلە و ڕزگـارو عەلی. دەرگـای زیندانی بەڕووی بەدڕەفتارترین و دڕندەترین مەخلوقدا کردەوە ئەوان نەبوونایە

(عەجاج)ی جەلاد. هەر پیاوی ناو پیاوانی دیوەخان دەمایەوە. فەزیلەو هاوڕێکانی دەنگی ڕزگاربووەکانن؛ کە بە شەهامەتەوە دەرگایەکی کردەوە کە «بێباکی سیاسی» بۆ دەیان ساڵە دایخستبو!.

ئێمە لەبەردەم ڕووداوێکی گەورەداین، نابێت «گرنگی» ئەم ساتەوەختە لەدەست بدەین. دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کە بۆ لێپێچینەوەو دادگایی کردنی تۆمەتبارانی جینۆسایدو تاوانەکانی جەنگ و تاوانی دژی مرۆڤایەتی لەعێراقدا دامەزرا، چەند کەسێکیشی بەتۆمەتی ئەنجامدانی ئەنفال دادگایی کرد، بەڵام دوای ئەوەی دۆسێکانی یەکلایی کردەوە هەڵپەسێردراو ئێستا لە ڕووی یاساییەوە ناچالاکە، بۆیە دەستی یاسایی تایبەت بە کۆمەڵکوژی بەهۆی گۆڕانی ئەولەویەتەکان و پشتگوێخستنی سیاسییەوە نزیکەی دە ساڵێکە مات ببوو. ئەوە لە کاتێکدایە کە هێشتا زۆرێک لە تاوانباران بە ئازادی لە سەرانسەری عێراق و دەرەوەی عێراق دەژین بەبێ ئەوەی دادگا بێ تاوانی یەکلایی کردبنەوە.

بۆیە ئەرکی دەوڵەتی عێراقە دۆسێکە بەکراوەیی بهێڵێتەوەو دادگاکەش چالاک بێت بۆ هەر حاڵەتێکی دەستگیرکردنی تۆمەتباران یاخود هەرکەسێکی وەک ئەم نمونەیەی ئێستا لەبەردەستدایە، چونکە ئێستا نابێت کەسوکاری ئەنفالکراوان و خەڵکی کوردستان قایل بن بەوەی لەدادگایەکی بەرایدا (عەجاج ئەحمەد حەردان) دادگایی بکرێت. بەڵکو ئەرکی دەوڵەتە ئەم

تۆمەتبارەش وەک هەر تۆمەتبارێکی ئەنجامدەری جینۆساید دادگایی بکات و هەمان ئەو یاسایانەی بەسەردا جێبەجێبکرێت کە لەبەندەکانی (١١ و١٢ و ١٣)دا هاتوون.

ڕاستە بێدەنگی و خەمساردی و داڵدەدانی ئاشکراو شاراوەی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بۆ ئەوانەی ناویان لە لیستی داواکراوانی ئەم دادگایە دایە؛ ژانی ئەم برینەی قووڵتر کردووەتەوە؛ پرسی جینۆساید بووەتە بارگرانییەک کە کەم کەس هەیە لە حیزب و فیگەرەکانی دەسەڵات بیانەوێ هەڵیبگرن کاتێک ڕووبەڕووی قەیرانە بێکۆتاکانی ئەمڕۆ و ململانێی دەسەڵات دەبنەوە. بەڵام دەوڵەت و دەوڵەتداران نابێت لەئەرکی یاسایی و دەستوریدا کەمتەرخەمی بنوێنن بە پاساوی ئەوەی حزبەکان و قەوارە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق هاوکارنین. چونکە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی لە دۆسێی جینۆسایددا تێپەڕبوونی کات بەسەر تاوانەکەدا نابێتە ڕێگر لەبەردەم دادگاو مافی بەدواداچوونی دۆسێی جینۆساید هەر بەکراوەیی دەمێنێتەوەو کۆن نابێت و هەرچەندی ماوەی بەسەردا تێپەڕبێت، تاوانباران لەسزا دەربازنابن و مافی قوربانیەکان بەهۆی کۆن بوونەوە نادیدە ناگیرێت.

«ڕازی بوون» بە بێدەنگی زۆر مەترسیدارە. کاتێک جینۆساید لە هۆشیاری گشتیدا کاڵ دەبێتەوە، تۆوی نائومێدی دەڕێژرێ و زەمینەی دڕندەیی نوێ خۆش دەبێ و لەوەها حاڵێکیشدا نائومێدی و هەستی دڕندایەتی و تاوانکاری دەتوانێت بە هێمنی

ڕەگ داکوتێت. زیندووکردنەوەی یادەوەری ئەنفال پەیوەندی بە کردنەوەی برینە کۆنەکانەوە نییە بەڵکو لە دوور مەودا پەیوەندی بە ڕێگریکردنە لە برینە نوێیەکان. پەیوەندی بە گەڕاندنەوەی کەرامەتی نەتەوەییەوە هەیە، لەنگەرگرتنی ناسنامەی بەکۆمەڵ لە ڕاستیدا نەک لە»بیرکردن«. هەموو تاوانبارێکی ڕاکردوو لە سزا بوێری ئەوانی تر دەدات کە پێیان وایە کات دەتوانێت گوناهەکانیان بسڕێتەوە.

گرتنی عەجاج تکریتی بەڵگەیە کە زەمانە یان مێژوو لێی خۆش نابێت؛ جا با توانیبیشێتی بۆ ماوەیەکی درێژ خۆی بشارێتەوە. ڕزگاربووان و چالاکوانانی بواری جینۆسایدی کورد و کۆمەڵگەی مەدەنی ئەگەر بخوازن دەتوانن ئەم گرتنە بکەنە خاڵی وەرچەرخان.

یەک سکاڵا تۆمار کراوە دەبێ سەدان سکاڵای ئامادەکراوی تۆکمەی یاسایی هەبن. پێویستە فشار بخرێتە سەر دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی عێراق بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی لە دادگاییکردنی مانەوەی تاوانبارانی ئەنفالدا کارابکاتەوە، گرنگ نییە لە ئەمڕۆدا شوێنی حەشاردانیان هەبێت.

گرنگە دلسۆزبین، بەڵام مەترسیدارە دڵسۆزی نەزان بین

بەداخەوە هەندێک کەس لە دڵسۆزیانەوە پێشنیاری ئەوە دەکەن؛ دادگاییکردنی ئەو تۆمەتبارە بهێندرێتە گەرمیان یان کوردستان بەڵام ئەو داوایە جگەلەوەی زۆر خراپەو دەشێت دۆسێکەی لە جێنۆسایدەوە بگۆڕن بەدۆسێی «کەسی» ئەوەش

واتا سوک کردنی تۆمەتەکە لەسەری تێنەگەیشتنێکی یاسایشە لە تاوانی جێنۆسایدو تاوانە نێودەوڵەتییەکان، چونکە ئەو تۆمەتبارانە نەک هەر لەکوردستان بەڵکو لە هیچ دادگایەکی تری عێراقیشدا ناتوانرێت ئەو جۆرە تۆمەتبارانە دادگایی بکرێن. تەنها لە دادگای باڵای تاوانەکان نەبێت. تکایە وەها داوایەک مەکەن و رێگەمەدەن بەهیچ یاسایەکی تر تۆمەتبارانی ئەنفال دادگایی بکرێن تەنها بەمادەکانی (١١ دژ بەکۆمەڵکوژی و ١٢ دژ بەتاوانی دژەمرۆڤایەتی و ١٣) نەبێت بەهەموو برگەکانیانەوە لە یاسای ژمارە ١٠ی یاسای سزادانی لە دادگای باڵای تاوانەکان ٢٠٠٥.

دادپەروەری بۆ خوشک وبراکانی فەزیڵەو ئەو کچانەی لە نوگرە سەلمان دەستدرێژییان کراوەتە سەر، یان بۆ ئەو منداڵانەی لە نێو باوەشی دایکیان کوژران، بۆ ئەو دایکانەی منداڵەکانیان بەبەرچاویانەوە لە تینوێتیدا خنکان و لەبرسان وشک بوونەوەو مردن دەبێت بخرێنەوە بەردەم دادگا. ئەگەرچی ئەمە تەنها «ئەرکی دادگا و دادوەرەکان نییە» بەڵکو بەرپرسیارێتی هەر دەنگێکە کە تا ئێستاش دۆسیەی ئەنفال لەیادەوەریدا زیندووە.

گرتنی عەجاج نابێت وەک مانشێتێک بمێنێتەوە کە لە ماوەی هەفتەیەکدا کاڵ ببێتەوە. دەبێت ببێتە هاوارێکی کۆکردنەوە: بۆ ڕاستی، بۆ لێپرسینەوە و بۆ ئەو بەڵێنەی کە تەنانەت دەیان ساڵ دواتر هیچ جەلادێک نەتوانێت لە دەستی دادپەروەری ڕزگاری بێت. ئەمەش سادەترین مافی قوربانییە کەدەبێت وەری بگرێتەوە.



# نوگرەسەلمانەکەی عەجاج
# عەجاج وەك نزار خەزرەجی داواکراوی ئەنفال نەبوو

عەلی مەحمود محەمەد

حسێن رەشید و سەدام حسێن لەکاتی دادگاییکردنیان لەسەر کەیسی ئەنفال باسی ئەوەیان کردووە، ئەم حەجاجە هەر ناوی دووبـارە دەبێتەوە، مەعقولە بەم هەموو پارە و ئەم کات و دەسەڵاتە نەزانرا کێیە و نەدۆزرایەوە؟

مەعقولە بەرێوەبەری هــەردوو سـەربـازگـەی تـۆبـزاوە و نوگرەسەلمان نەدۆزرانەوە؟ پرسیارەکانیان لە جێی خۆیەتی، مەعقولە نەتان دۆزینەوە؟

دۆزینەوەی عەجاج دەرکەوت وەک سەدام حسێن و حسێن رەشید وتیان زۆر ئاسان بووە و خەمخۆر نەبووە سۆراغی بکات، لە رابردوو جۆرەها شێوە و وێنە بۆ عەجاج داتاشرابوو، کرابووە کەسی سـەدام حسێن... لە کۆتایدا دەرکـەوت هەموو پێناس و ناسینەکان راست نەبوون.

بە وتـەی فەزیلە حسێن ١٩٧٥ کچی حەمەخولەی بەقاڵی نوگرەسەلمان کە دوو منداڵیان لەو دۆزەخە بە نەخۆشی کۆچی دواییانکردووە، بۆ کەناڵی ئازادی لە رۆژی ٢١ـ ٨ ٢٠٢٥ ساڵی ١٩٩١ حەمەخولەی باوکی چووە بۆ زلوعییە بۆ ماڵی باوکی حەجاج بۆ سۆراغی ئەنفالەکان، بـەڵام باوکی دەڵێت حەجاج بتبینێت دەتگرێت، ئیتر نازانم ئەم پیاوە ئێستا لە ژیاندا نەماوە زانـیـاری جێگەی عـەجـاجی بـەکـەس وتــووە یـان هــەر خۆی

ڕۆیشتووەو نهێنییەکەی ئاشکرا نەکردووە بۆ کەسی دیکە؟ چۆن ناونیشانەکەی زانیووە؟ چونکە دەکرا بەو سەرەداوە عەجاج بدۆزرێتەوە، ئەگەر دۆزینەوەی ماڵی باوک عەجاج ڕاست بێت؟ هەرچەندە هەمان کچی لە کۆڕێکیدا بۆ دەزگای ستاندار وتی: بە تەلەفۆن ٤ خولەک قسەم لەگەڵ عەجاج کردووە، منی ناسیوەتەوە و وتوویەتی: تۆ کچەکەی ئەبو مستەفای، زانینی ماڵی باوکی عەجاج و ناسینەوەی کەسێک پاش ٣٧ ساڵ لە ناو نزیکەی ١٠ هەزار زیندانی دیکە، دەربڕی ئەوەیە یەکتریان ناسیووە، ئیتر بۆ کەڵک لەم پەیوەندی و زانیاریانە وەرنەگیرا تا ئێستا؟ بۆ دۆزینەوەی ئەم نهێنیە گەورەیە هەمومانی بەخۆیەوە خەریک کردبوو.

**دۆزینەوەی عەجاج و سەفەرەکان نوگرەسەلمان**

دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و سەفەری قوربانیان بوونە کلیلی دۆزینەوەی حەجاج، لێرەوە پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانە دروست دەبێت کە جێگای عەجاج دەزانن و قوربانیان و ڕێکخراوەکان و تیمەکان ئاگادار دەکەنەوە، پەیوەندییەکان گەیشتە ئەوەی بێنە کوردستان و دەعوەتی قوربانیان و کۆنفرانسەکان بن لە گەرمیان و سلێمانی.

دوای دۆزینەوەی جێگاکەی لە لایەن ئاسایشی نیشتمانی عێراقییەوە، بیرۆی سەرۆک کۆماری عێراق ئاگادار دەکەنەوە بۆ دیاریکردنی سێ سکاڵاکار، بۆ ئەوەی لەسەر سکاڵای ئەوان

بڕیاری دەستگیرکردنی بدەن، سکاڵاکاران بریتین لە هەریەک لە فەزیلە محەمەد، رزگار شەمدین عەلی رەشید و عەلی ئەبو بەکر عومەر، یەکەمیان پەری خان راوێژکاری لە سەرۆکایەتی کۆمار و دووەمیان لەسەر پێشنیاری قاسم کازم دیاریدەکرێن.

## کاریگەرییەکانی دادگاییکردنی عەجاج

عەجاج ناوی لە لیستی ٤٢٣ لە داواکراوانی ئەنفال نەبوو، بۆیە تا سکاڵای لەسەر تۆمار نەکرا نەیانتوانی دەستگیری بکەن، دادگاییکردنی عەجاج کاریگەری لەسەر پێناسی یاسایی تاوانی ئەنفال نابێت، چونکە ئەو تاوانە پێناسی خۆی کە جینۆسايد و تاوانی جەنگ و تاوانی دژی مرۆڤایەتییە وەرگرتووە، تەنها عەجاج دەکاتە بەشدار لەو تاوانە و سزا دەدرێت، بەهۆی بەشداری چەند کەسێکی دیکە لە پاڵ ٦١ کەسەکەی پێشوو تر، لە درێژەی پرۆسەی دادگاییەکە دۆسێکە دەوڵەمەندتر دەبێت، وە پێکهاتەی بەڕێوەبەری زیندانی قەڵا نوگرەسەلمان دەزانرێت، لەسەر زمانی عەجاجەوە زانیاری زیاتر لەسەر دۆزەخی نوگرەسەلمان ئاشکرا دەبێت، لەوانەیە کاردانەوەکانی بەرەو ئەکتیڤکردنەوەی دادگای باڵای تاوانەکان و جووڵاندنەوەی کەیسەکە بڕوات، بەرۆکی خەڵکی دیکەش بگرێت، دەتوانرێت بەهەما شێوە سکاڵا لەوانەش بکرێت ناویان لە لیستی تۆمەتباران نەبێت.

## عەجاج کێ دەرچوو؟

عەجاج ئەحمەد حەردان عوبەیدی لە دایک بووی ١٩٦٠ برا گەورەی ٥ برایە،باوکی کچ و کوڕێکە، لە خێڵی عوبێدە نەک ئەلناسری خێڵی سەدام وەک تا ئێستا وا باس دەکا، لە دایکبووی شارۆچکەی زلوعییەی پارێزگای سەلاحەدینەدەرچووی خولی حەوتەمی کۆلێژی ئاسایشی نەتەوەییە لە ١٤-٧-١٩٨٥، پۆستی جۆراوجۆری لە بەڕێوبەرایەتییە ئەمنییەکانی (هەولێر، رومێسە، نەجمی، بسیە و موسەننا) هەبووە، تاوەکو لە کۆتادا بۆتە سەرپەرشتیاری گشتی زیندانی نوگرەسەلمان، لە ساڵی ١٩٩٠ خانەنشینکراوە، دوو هاوسەری هەبووە، یەکەمیانی لە ساڵی ١٩٨٩ هێناوە، لە دووەمیان منداڵی نەبووە.

## کەماسی لیستەکە

نەبوونی ئەم ناوە گەورانەی تاوان لە لیستی داواکراوانی ئەنفال، نیشانەی دەستێوەردانی سیاسییەکان و ناشارەزایی تیمی داکۆکیکار و تیمی دادگا و لاوازی دادگاکە دەگەیەنێت، نەبوونی ناوەکانی نزار خەزرەجی، چوارەم تاوانباری ئەنفال، بەڕێوەبەرانی سەربازگەکانی تۆبزاوە، دووبز، نوگرەسەلمان، نزارکێ، سەلامییە، ئاکرێ، قۆرەتوو، تکریت، مەرکەز شەبابی دووز، هەروەها ناوی زۆر لەو مەفرەزە خاسە و موستەشارانەی سکاڵایان لێکراوە و نەچوونەتە ناو لیستەکەوە، لەگەڵ ئەو تاوانبارانەی لە ماوەی ٢٣ ٢ ١٩٨٨ بۆ ٩ ٩ ١٩٨٨ تاوانیان لە جوگرافیای ئەنفال ئەنجامداوە

و سکاڵایان لەسەر تۆمار نەکراوە، بۆیە تاوانێکی ئاوا گەورە کە لە ماوەی ٢٠٠ رۆژ ئەنجامدراوە، سەدان هەزار کەس و هەزاران فەرماندەی سەربازی و فڕۆکەوان بەشدارییان تێدا کردووە، مانای نییە لە ٤٢٣ کەسدا قەتیس بمێنێت، وێڕای ئەوەی ئەوانیش سزا نەدرێن، نەبوونی ناوی عەجاج ئەم برینەی زیاتر کولاندەوە.

## بەخێر بێن بۆ دۆزەخ

بەخێر بێن بۆ دۆزەخ، دروشمێک لەسەر دەرگای هاتنە ژوورەوە بۆ سەربازگەی نوگرەسەلمان بە خەتێکی گەورە نووسرابوو، باشترین دەربڕین بوو بۆ ئەو جێگایە، بۆ ژیانی ئەوانەی لە نێوان دوو بۆ ئەو هەشت مانگەی تێیدا ژیان، هاتنە ژوورەوە هەبوو، دەرچوون تەنها بەهۆی عارەبانەی یەک تایەی بچووکەکانەوە بوو، ئەویش بۆ گۆڕستانەکەی، گۆڕسانێک یەک دنیا چیرۆکی حەشارداوە، بۆ ناشتنی مردووان و مردووەکانی ناو عارەبانەکە، سەربازگەیەک دەورووپشتی بە چەکدار پارێزراو بوو.

لەو زیندانە بێبایەخترین پێداویستی ژیان نەبووە، ئەوەی دەهات بۆ ئێرە کەمێک خوێندەواری هەبووایە تێدەگەیشت بۆ دۆزەخ هێنراوە.

قەڵای نوگرەسەلمان سەربازگەیەکە لە سنووری نێوان هەردوو وڵاتی عێراق و مەملەکەتی عەرەبی سعودیە لە پارێزگای سەماوە، لە ناو بیابانێکی پان و بەرینی کاکی بە کاکی وشک

و برینگی گەرمی ژینگە دۆزەخی، بە هۆی شەپۆلی گەرما و شەپۆلی لمەکەیەوە، بە تایبەتیش لەو وەرزەی ئەنفالکراوان تێیدا ژیان لە ترۆپکی دۆزەخی خۆیدایە، بە تایبەتیش بۆ هاووڵاتیانی کوردستان کە ئاووهەوای ناوچەکانیان فێنک و وڵاتی سەوزاییە، ئەوێ بۆیان دۆزەخی راستەقینەکەیە.

لێرە لە دەرگای سەرەکییەوە هەر دەهاتیتە ژورەوە، گۆڕەپانی گەراجەکە بچووکتر بوو لە گۆڕەپانە سەرەکییەکە، زیندانییەکان جووت دەکران، بە خێرایی ناو، پیشە و شوێنی نیشتەجێبوونی رابـردوویـان تۆمـار دەکـرا، بـە دوایـدا فـڕێ دەدرانـــەوە ناو هۆڵێکی گەورە لە ژوورەوە، ئیتر مەگەر لە پەنجەرە بچووکە قایمکراو بە شیشە ئەستورەکانەوە دەرەوەت ببینیایە، ئەویش گـڕەی گەرماییەکەی وەک تارمایی نیشانی دەدا، شارۆچکە تۆزاوییەکی نوگرەسەلمان لەناو گڕە و گەردەلولی لمدا زۆرجار شوێنەوارەکەی بە چاو نەدەبینرا.

ئەو خەڵکەی لێرە بـوون لە مرۆڤایەتی خـرابوون، ڕێگە بە عەجاج و دارودەستەکەی درابوو دیلەکانی ئەنفال وا لێبکەن لە بارودۆخێکی زۆر نامرۆڤانەدا بژین، لە جێگای زۆر قەرەباڵغدا، بەبێ سەرچاوە و ئاوی خواردنەوە و لە ژێر بارودۆخی برسێتیدا، نەبوونی پێداویستی و خزمەتگوزاری و چارەسەری پزیشکی و رایەخی خەو بان و بن و دەستشۆر و حەمام و فێنککەرەوە و گەرمای بەتین و تەنانەت بێ ئۆکسجین و لە پاڵ سوکایەتی نەپاراستنی کەرامەت و ئەشکەنجەدان و گێچەڵی سیکسی و...

درێژە بە ژیان بدەن ئەگەر شانسی مانەوەیان هەبووبێت، بەم شێوەیە دەردەکەوێت رژێم بە شێوەی سستەماتیک مەرگی هێواشی پڕ لە ئازاری بۆ ئەم خەڵکە هەڵبژاردبوو.

### قەڵای نوگرەسەلمان

زیندانی نوگرەسەلمان، کە پێشتر یەکێک بووە لەو سەربازگە قەڵاّییانەی لە زۆر ناوچەی کوردستان، وەک سوسێ، حەسار، قەرەبەگ، چەمچەماڵ، قۆرەتوو، ئاکرێ، نزارکێ...هەن. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦ ەوە لە سەرتاسەری عێراق دەست بە دروستکردنیان کراوە، لە ماوەی پێنج ساڵدا تەواو کراوە، لەسەر رووبەری ١٥،٠٦٨،٣٣٦ مەتر چوار گۆشە، لەسەر دیزاینی سۆڤییەتی، کە لە هەر چوارلاواوە دژە فڕۆکە پاراستوونی، شێوەی لاکێشەییە، درێژییەکەی ٧٤،١٤٩ مەترە، وە پانییەکەی ٦٣،١٠٠ مەترە.

بەشێک لەم قەڵایانە بۆ زیندانیکردنی دیلەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەکارهێنراون، جگە لە زیندانی قەڵای نوگرەسەلمان، سەربازگەی قەڵاکانی سووسێ و قۆرەتوو و ئاکرێ و نزارکێش کرانە ناوەندی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوان و زۆر بەسەرهات و چیرۆکی رەشیان هەیە، بەتایبەت قەڵای نزارکێ و قەڵای نوگرەسەلمان.

قەڵای سەربازگەی نوگرەسەلمان ١٤٤ کم لە شاری سەماوەوە دوورە، کەمتر لە دوو کیلۆمەتر لە شاری سەلمان، لە باشووری رۆژئاوای قەزای سەلمانەوەیە، هەر بە ناوی قەزای سەلمانیشەوە

ناو نراوە، کەوتۆتە ناوچەیەکی کەم دانیشتووانی پان و بەرینی خێڵەکییەوە، سەلمان بە خۆی و هەر ١٦ ناحیەکەیەوە ژمارەی دانیشتووانی ناگاتە ١٠ هەزار کەس، بەڵام پانتایی خاکەکەی ٤٦،٩٢٨ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.

ئەم سەربازگەیە، زیندانی بەناو بانگی کۆنی نوگرەسەلمانییە، وەک هەندێک وا ئاماژەی پێدەدەن، کە ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩٢٨ لە سەردەستی کلوب باشا، وەک بنکەی پۆلیسی سنوور دروست کراوە دواتر لە نیوەی دووەمی چلەکانی سەدەی رابردوو زیندانییە سیاسییەکانی لە خۆیگرت، بەڵام قەڵای سەربازگەی نوگرەسەلمان ٧٣ ساڵ دواتر بەعس بۆ سەربازگە دروستیکردووە.

زیندانەکانی ناو قەڵای سەربازگەی نوگرە سەلمان لە سێ جێگاوە هێنرابوون، بەڵام بە چەندین کاروان.

١. لە سەربازگەی تۆبزاوەوە: سەربازگەی نوگرەسەلمان لە تۆبزاوەوە نزیک بە ٦٧٤ کیلۆمەتر دوورە، ئەمانە ئەو ژن و پیاوانەی قۆناغەکانی حەوت پرۆسەی ئەنفالن جگە لە کۆتا قۆناغی ئەنفال، کە تەمەنیان لە سەروی پەنجا ساڵەوە بووە، هەندێکیان منداڵیشیان لەگەڵدا بووە، لە گەڵ هەموو ئەو زیندانیانەی ئەنفالی هەڵەبجە کە پێش لێبوردنە گشتییەکەی ١٩٨٨/٩/٦ خۆیان رادەستکردوەتەوە پێکەوە بێ جیاکردنەوە رەوانەی ئەم زیندانە کراون. سەفەرە شوومەکە لە گوندی تۆبزاوەی ١٠ کیلۆمەتری باشووری کەرکوکەوە بۆ سەربازگەی قەڵای نوگرەسەلمان، نێوان ١٤ بۆ ١٧ کاتژمێری خایاندووە، هەندێک جاریش تا شەو

و رۆژێک، ئۆتۆمبیلی ئەمن و ئیستیخباراتیش کەوتبوونە پێش و پاشی کاروانەکان بە ئامێری بێتەلەوە، بەردەوام لە پەیوەندیدا بوونە لەگەڵ سەرەوەی خۆیان.

لە ڕێگا لە هیچ جێگایەک وەستان نەبووە، هیچ سەرئاوییەک نەبووە، هیچ نان و ئاوێکیان بە زیندانیکراوەکان نەداوە و بۆیان دابین نەکردوون، بە تەنگە نەفەسی و تەنگاوی و تینوێتی و برسێتی، هەندێکیشیان بە خۆ پیسکردن ئەو سەفەرەیان بردۆتە سەر، تا ئاستی منداڵان ناو ئۆتۆمۆبیلە سەربازییەکان بێ مامان لە دایک بوونە، بوورانەوە و لە هۆشچوون و پیسایی کردنە خۆ بەربڵاو بووە، تەنانەت لە کاتی بردنیان بۆ زیندانی نوگرەسەلمان منداڵ لە دایک بووە بەر بۆتەوە هەڵیان نەگرتۆتەوە.

٢. بەشێک لەو ژن و منداڵانەی لە زیندانی دووبز بوون، دوو کاروانیان لە ناوەڕاستی مانگی شەش نێردران بۆ زیندانی سەربازگەی نوگرەسەلمان، دوای ئەم دوو کاروانە ناردن بۆ نوگرەسەلمان راوەستا، ناردنەکان لەوێوە بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان گواسترانەوە لە ریگای ناردنیان بۆ سەربازگەی تکریت. " لێرە هەر ماوە نا ماوەیەک و بە پێی وەختێکی دیاریکراو کۆمەڵە پاسێکی داخراو خۆیان دەکرد بە بنکەکەی دووبزدا و ژمارەیەکی زۆریان لە گیراوەکان باردەکرد. لایکەمەکەی دوو جاریان ئەو کۆمەڵە خەڵکەی ناوچەی کەلاری باشووری گەرمیان بوون، کە بەپێی مەزەندەیەک تێکڕا نزیکەی پێنج سەت ژن و منداڵ دەبوون و گوێزراونەتەوە بۆ بەندیخانەی نوگرەسەلمان ".

٣. ئەو ژن و پیاوە پیرانەی زیندانی تکریت تەمەنیان لە سەروی ٥٠ ساڵییەوە بووە، ژن و منداڵیان لەم زیندانەوە بەهەمان پێوەری تۆبزاوە و دووبز نەهیناوە بۆ زیندانی نوگرەسەلمان.

واتا زیندانیەکانی تۆبزاوەی قۆناغەکانی ئەنفال و سەربازگەی تکریت بژاردە کراون، پیرەکانیان راگواستووە بۆ سەربازگەی نوگرەسەلمان، بەشێکی تۆبزاوە لە ژنە گەنجەکان و کوڕە کەمتر لە پانزە ساڵانییەکان نێردراون بۆ سەربازگەی دووبز، لە تکریتیش پیرەکان بۆ نوگرەسەلمان، گەنجەکانیش بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان، بەڵام لە قۆناغی ئەنفالکراوانی هەڵەبجەدا کە لە مانگی ئابی ١٩٨٨ پێش لێبوردنە گشتییەکەی بڕیاری ٧٣٦ تەسلیم ببوونەتەوە، هەموویان پێکەوە هێنراون بۆ سەربازگەی نوگرەسەلمان. بە پێی نامەی نەخۆشخانەی سەماوە، لە ناو مردووەکاندا زیندانی ١١٠ ساڵانە هەبووە.

یەکەم زیندانەکانی نوگرەسەلمان کەی هێنران و کێ بوون؟

بە پێی گێڕانەوەی زیندانیان، رۆژی گەیشتنی یەکەم کاروانی ئەنفالکراوان بۆ سەربازگەی تۆبزاوە دیاری دەکرێت، چونکە بەڵگەنامەی وامان لەبەردەستدا نییە سەلمێنەری ئەوە بێت کەی یەکەم زیندانی بۆ قەڵای نوگرەسەلمان نێردراوە.

پیاوێکی خەڵکی گوندی تەپە سورە لە دایک بووی ساڵی ١٩٣١ دەگێڕێتەوە، دوای دەستگیرکردنەکەیان دوو رۆژ لە تەواری سلێمانی ماونەتەوە، دوو رۆژیش لە سەربازگەی تۆبزاوە، بۆ سێیەم رۆژ گواستراونەتەوە بۆ سەربازگەی نوگرەسەلمان، کە

گەیشتوونەتە ئەوێ چۆڵ بووە، بەڵام خەڵک پێشتر لەوێ بوونە شوێنەواریان دیار بووە، بە پێی لێدوانی ئەو بێت، ئەوان ئێوارەی پێش یەکەم رۆژی رەمـەزان گەیشتونەتە نوگرەسەلمان، واتا رۆژی شەممە رێکەوتی ١٩٨٨/٤/١٦ بۆ شەوەکەی گەیشتونەتە سەربازگەی قەڵای نوگرەسەلمان.

جەبار محەمەد سالح خەڵکی گوندی چیمەنی جەباری دەڵێت: "دوای گرتنیان براونەتە قەرە تامورر، لەوێوە بۆ چەمچەماڵ و دواتر بۆ سەربازگەی تۆبزاوە، ئەوان یەکەم گرووپ بوونە براونەتە سەربازگەی نوگرەسەلمان، کە گەیشتوونەتە ئەوێ، کراونەتە دوو هۆڵەوە، یەک بۆ ژنان هۆڵکیش بۆ پیاوان"، دوای دوو شەو کاروانی دیکە هێنراوە بۆ زیندانەکە، ئەویش بەهەمان شێوە دەڵێت: کە گەیشتوونەتە سەربازگەی نوگرەسەلمان، بە پێی شوێنەوارەکانیان پێشتر خەڵکی لێبووە، هەموو پیاو بوونە، ئەمانیان بردۆتە جێگای ئەوان، بە پێی وتەی ناوبراو خواردنە باشەکەی مانگی رەمـەزان کە داویانە پێیان، پێشبینی دەکرێت بۆ زیندانەکان پێشوو بوو بێت، بەڵێندەر گرتبێتی بۆ ئـەوان، لە سەرەتا تا کۆتایی مانگی رەمـەزان خواردنیان باش بووە. بە پێی وتەی ئەو سەرەتا سەربازگەکە موبەریدە و ئاویشی لێبووە، هی زیندانەکان پێشوو بوون بەجێ مابوو، تەنانەت ئەوان کشتوکاڵیشیان بۆ خۆیان کـردووە... ئەویش بە هەمان شێوە دەڵێت: پێش مانگی رەمەزان گەیشتوونەتە ئەوێ.

سەبری عومەر ئیسماعیل لەو زیندانیانە بووە کە براونەتە قەرەتامور دەڵێت" ئێمە یەکەم کەس بووین چوینە نوگرەسەلمان، سەرەتا ژورەکە هەموو شتی تێدابوو، لە جلوبەرگەوە بۆ دۆڵمەو کەرەوس و...."، هەروەها خەڵکی ناوچەکەش لە مانگی رەمەزان شوتی و نانیان بۆیان بردووە. ئەو دەڵێت"زیندانی دیکە پێشتر لە نوگرەسەلمان بووە، ئەگەر هەیە دیلی ئێرانی بووبێتن، نوگرەسەلمان دوو رۆژ پێشتر بۆ ئێمە چۆڵکراوە".

کەچی هیومان ڕایتس وۆچ - میدڵ ئیست وۆچ لە پەرتووکە بەناو بانگەکەی بە ناوی "جینۆساید لە عێراقدا پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد" بە پێچەوانەی ئەوانەوە دەڵێت «ئەوانەی کە یەکەمجار لە ناوەڕاستی نیساندا لە تۆپزاواوە گەیشتبوون تەماشایان کردبوو نوگرەسەلمان تاریک و چۆڵە» هەروەها دەنووسێت «چەند ساڵ بوو بە چۆڵی مابووەوە و کۆچەرە عەرەبەکان مەڕوماڵاتیان تێدەکرد. سەر دیوارە ڕووتەکانیش تێکەڵ و پێکەڵ یاداشتنامەی زیندانییە سیاسییەکانی لێنووسرابوو».

پێشتر زۆر قسە لە سەر بوونی ئەو زیندانیانە دەکرا پێش ئەنفالکراوان لە زیندانی نوگرەسەلمان بووبێتن، وەک دیلی ئێرانی یان بارزانی و هتد، بەڵام رۆژنامەی سەباحی عێراقی ئەم پرسەی یەکلاکردەوە کە ٤٠٠ زیندانی عەرەبی عێراقی پێش ئەنفالکراوان لەو زیندانە بوونە، زیندانەکە بۆ ئەنفالکراوان چۆڵکراوە.

## ژمارەی زیندانیان

تا ئێستا ئامارێکی ورد نەکراوە بۆ ژمارەی ئەو زیندانیانەی لە قەڵای نوگرەسەلمان و زیندانەکانی دیکەدا بوونە، ئەمەش خەمساردییەکی گەورەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەردەخات.

هیومان ڕایتس وۆچ میدڵ ئیست وۆچ لە پەرتووکی جینۆساید لە عێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد پێی وایە بەندییەکان بە چوار کاروانی سەرەکی گەیشتن، سەرجەم گیراوەکانی نوگرەسەلمان لە سەردەمی ئەنفالدا پێدەچێت شەش تا هەشت هەزار بووبێتن، هەرچەندە ئەو زانیارییەی کە ئەنفالکراوان بە چوار کاروان گەیشتبێتنە نوگرەسەلمان زۆر هەڵەیە، ڕاستییەکەی ئەوان چوار گرووپن" تۆبزاوە، دووبز، تکریت، هەڵەبجە، نەک چوار کاروان، چونکە ژمارەی کاروانەکان زۆر لەوە زیاترن، تەنانەت ڕوونیش نییە بە چەند کاروان گەیشتبێتن".

یەکێ لە زیندانیکراوان خەڵکی گوندی گۆپتەپە، ساڵی لە دایک بوونی ١٩٣٥، لە ڕێکەوتی٢٠٠٥/١/٢ ٢ وتەی بۆ دادگای باڵای تاوانەکان داوە دەڵێت " ئێمە هەموو ١٠ بۆ ١٢ ڕۆژ جارێک ئامار کراوین، بە پێی ئەو زانیارییەی وەرمگرتووە لە سەربازەکانەوە، ئێمە ئەنفالکراوان ژمارەمان (٨٧٠٦) کەس بووە لە زیندانی نوگرەسەلمان". ئەو زیندانیانەی هەڵەبجە کە بردراون بۆ نوگرەسەلمان ژمارەیان (١٢٠٥) کەس بوونە، ئەوان زیندانیانی ئەنفالی خۆیان بە ڕێکوپێکی ئامار کردووە.

پێیدەچێت ژمارەی زیندانیانی نوگرەسەلمان لە نێوان ٨،٠٠٠ بۆ ٩،٠٠٠ هەندێکیش بە ١١،٠٠٠ کەسی دەدەنە قەڵەم، زیندانیان ئەوانەی لەوێ بوونە لەسەر ژمارەیەک دیاریکراو کۆکنین.

رۆژنامەی سەباح زمانحاڵی نیوە فەرمی حکوومەتی عێراقی ژمارەی زیندانیکراوانی نوگرەسەلمانی بە ٣،٠٠٠ کەس داوەتە قەڵەم، کە ئەم ژمارەیە دوورە لە راستییەوە، قەبارەی تاوانەکە بچووک دەکاتەوە.

## سەربازگەکە چۆن بوو؟

قەڵای نوگرەسەلمان لە جێگایەکی رەقەنی بەرز کە دەڕوانێتە سەر شاری سەلمان درووست کراوە، نەخشەی ئەم سەربازگەیە وەک لە ئاسمانەوە دیارە، تەلارێکی دوو نهۆمی لاکێشەییە، باکوورو باشووری کەمتر لە دووجاری رۆژهەڵات و رۆژئاواکەیەتی، وا دەردەکەوێت نزیک بە ئەندازەی زیاتر لە دوو یاریگای تۆپی پێ بێت، چەند هۆڵ لە سەرەوە بووبێت، هەمان ژمارەی هۆڵیش لە خوارەوە هەبووە، ئەگەر هۆڵەکان روپێویان وەک یەک بێت، بەڵام پێدەچێت هۆڵی گەورە و ژووری بچووک بچووکی تێدا بووبێت، هەرچەندە لەمەشدا هیومان ڕایتس وۆچ - میدڵ ئیست وۆچ کەوتۆتە هەڵەوە کە دەڵێت: «پاسەکان لە یەکێک لە دوو دەروازە گەورەکەوە چوونە ژوورەوە و لە ناوەڕاستی حەوشەیەکی پان و پۆڕدا وەستان کە «سێ ئەوەندەی یاریگاکەی تۆپی پێی سلێمانی بوو» هەموو زیندانییەکانیشیان لە دەروازەی پێشەوە بردۆتە

ژوورەوە، لایەنە فەرمییەکانی ژماردن، ناو نووسین و وەرگرتن لەوێ بوونە.

لە سەربازگەکە کە دەچیتە ژوورەوە بە دەستی چەپدا شەش ژووری بچووک نزیک چوار بە چوار مەتر هەیە، نێوان ژوورەکان ڕاڕەوێکە پانایییەکەی نزیک دوو مەترە، دەگەیتە بازنەی یەکەم کە پێچێکی تاریکە بە لای چەپدا گەرماو ژمارەیەک سەرئاوی و دەستشۆر هەیە، دوای ئەو هۆڵەکان دێت، دووای دوو هۆڵ پلیکانەیە بۆ سەرەوە، بەو دیو پلیکانەکە دوو هۆڵی ترە، دەگەیتە موشتەمالاتی دووەم هەمان پێکهاتەی یەکەم، ئینجا کەوانەی دووەم دێت، کە دەسوڕێیتەوە هۆڵێکی دیکە دێت، بە دوایدا ژورێک دێت، ئینجا دەرگای پشتەوە دێت، لە بەرامبەریش هەمان پێکهاتە دێت، سەرەوەش بە هەمان شێوەیە، ژووری حەجاج لەبان دەرگای هاتنە ژورەوەیە، لە گۆڕەپانی گەراجەکە شوێنی کارگێڕی خۆیان بووە، بە گشتی ٢٠ هۆڵ بوو، ١٠ لەسەرەوە دە لە خوارەوە کە روپێویان یەکسان نییە، چوار کۆمەڵ تەوالێتی سێ جێی و پێکهاتەکانی دی.... ئەم سەرو ئەوسەر لەسەری هەردوو دەرگاکە پرسگەی چەکدار هەبووە.

هۆڵە ڕەقوتەقەکان هەر یەکەی چەند پەنجەرەیەکی بچووکی تێدا بوو، لە قەبارەدا جیاواز بوون، بۆ قەبارەی هۆڵەکانیش کۆمەڵێک ژمارە لە لایەن زیندانییەکانەوە دەوترێن لەوانە " بردینیان بۆ نهۆمی دووەم و لەوێ شەست و چوار کەسیان

لێمان خستە ژوورێکەوە کە بە ئەندازەی نزیکەی ٨ × ٦ مەتر دەبوو - هیومان".

یەکێکە دیکە دەڵێت "هۆڵەکان قەبارەیان ١٢ بە ٢٤ مەتر بوو"، یەکی دی دەڵێت ١٠ بە ١٢ مەتر بوو.

هۆڵەکان هەموو وەک یەک نەبوونە، هەبووە گەورەتر بوو لەوەی تر، زیندانییەک دیکە دەڵێت "لە هۆڵەکەی ئێمە ٤٤٨ کەسی تێدا بوو"، بەڵام پێی دەچێت بەشێک لە جیاوازی ژمارەی زیندانییەکان ناو هۆڵەکان پەیوەندی بە خودی پێکهاتەی زیندانییەکان و ئەو جێگایەی لێوە هاتوون بووبێت، نموونە زیندانییەکان هەڵەبجە هەموو بەشی سەرەوەیان بۆ تەرخان کراوە خۆشیان ١٢٠٥ زیندانی بوونە، زیندانییەکان قۆناغەکانی ئەنفال زیاتر لە پێنج جاری ئەوان بوونە خراونەتە خوارەوە.

لە هەموو سووچێکی زیندانەکەشەوە قولەی چاودێریی پاسەوانی بازنەی هەبووە بۆ دژە فڕۆکە، کە خوارەوەی وەک گۆڕەپانێکی بچووک وابوو، جارێکیان حەجاج منداڵەکانی لە خوارەوەی ئەو قولانە زیندانی کردووە وەک سزادان.

زیندانەکە دوو حەوشەی هەبووە، حەوشە گەورەکە گۆڕەپانی دوو گۆڵی تێدابووە، شیشی گۆڵەکەیان بۆ ئەشکەنجەو بەستنەوەی ئەنفالکراوان بەکار هێناوە، حەوشە بچوکەکە کە لە لای دەرگا سەرەکییەکەوە بوو، پێی دەوترا ساحەی گەراجەکە. لە دیوی گۆڕەپانی گەراجەکە لە بەشی رۆژهەڵاتی ئیستخبارات، لە رۆژئاوا هۆبەی پۆلیس هەبووە، هەروەها چواردەوری زیندانەکە

پەرژینی تەلدڕک بووە و بە توندی بە پاسەوان پارێزراوە لە هەرچوار لاوە.

**گەیشتن و دابەش کردن بەسەر هۆڵەکاندا**

یەکەم گرووپ ئەنفالکراونی گەرمیان لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٤/١٦ گەیشتنە نوگرەسەلمان، دوا گرووپیش هەڵەبجەییەکان لە ڕێکەوتی ١٠ یان ١٢ی ئۆگەست گەیشتونەتە سەربازگەکە، واتا چوار مانگ دواتر.

سەرەتا ژن و پیاو لە نوگرەسەلمان هەیوان و حەوشەکانیان تێکەڵ بووە، تەنها هۆڵەکانیان جیا بووە، دوای مانگی رەمەزان هەیوان و حەوشەکانیان جیاکراوەتەوە، بە بەرمیل دیوارێکیان لە نێوان هەیوانی بەردەم هۆڵەکانیان دروست کردووە، دوای هاتنی دوو کاروانەکەی زیندانی دووبز، ئەو منداڵ و ژنانەیان لێکجیا نەکردۆتەوە، بەڵکە ئەوانیان پێکەوە بردۆتە بەشی سەرەوە، بەڵام بە هاتنی هەڵەبجەییەکان کچ و ژنە گەنجەکان کە خرابوونە بەشی سەرەوە، هێنایاننە خوارەوە بۆ لای ژنە پیرەکان، ئیتر ئەنفالکراوان لە خوارەوەو ئەنفالکراوە هەڵەبجەییەکانیش لە سەرەوە.

دەرگاکان لە کاتژمێر ١٠ی شەوەوە بۆ ٧ی بەیانی دادەخران، لە کاتی تردا گیراوەکان بە سەربەستی لە هۆڵ و بەرهەیوانەکان دەسووڕانەوە، بەڵام لە نێوان بە تەمەنەکان و ئەوانی دابڕێکیان بە بەرمیل و تەلبەند درروست کردووە. هەڵەبجەییەکان کوڕ و کچی گەنجیشیان لە گەڵدا بوو، هەموو پێکەوە بوونە، ژن و پیاو،

گەنج و پیر و منداڵ لە یەکتر جیا نەکراونەتەوە، خۆشبەختانە ئەوان گەنجەکانیان نەبردراوون بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان سزاکەیان سوکتر بووە، ماوەی مانەوەشیان کەمتر بووە.

**کەم ئەندامەکان**

لە پۆلێنکاری ئەنفالکراوان لە سەربازگاکانی تۆبزاوە و تکریت، تەنها لەسەر بنچینەی تەمەن زیندانییەکان لە یەکتر جیاکراونەتەوە، ئەوانەی لە پەنجا ساڵ بە سەرەوە بوونە نێردراون بۆ سەربازگەی نوگرەسەلمان، جگە لە دوو کاروانی زیندانی دووبز کە نێردراون بۆ نوگرەسەلمان کە نزیک ٥٥٠ زیندانی بوونە، لە گەڵ بەشێک لەوانەی تا لێبوردنە گشتییەکە لە دووبز ماونەتەوە، ئەوانی دیکە بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکان نێردراون، خوار و سەروی ١٥ ساڵ نێر و مێ پێکەوە کۆمەڵکوژ کراون، واتا جیاوازی زۆر نەبووە لە نێوان ئەو منداڵەی بە ١٥ ساڵ یان کەمتر دراونەتە قەڵەم، لە پۆلێنکردنی تۆبزاوە و تکریت، کەم ئەندامیش مامەڵەی مرۆڤی ساغیان بۆ کراوە و گەنجەکانیان بە ناوی پێشمەرگەوە کۆمەڵکوژ کراون، پیرەکانیش نێردراون بۆ نوگرەسەلمان.

نوگرەسەلمان زیندانی نابینا و شەل و شێت و سەقەتی تێدا بووە، نزیک ٥٠ نابینای تێدا بووە، لە پێشدا نابیناکان کەوتوونەتە مردن بە هۆی برسێتی و نەتوانینی خزمەتکردنی خۆیان، چاویان نەیبینیوە خۆیان لە ئەسپێ و پیسی پاک بکەنەوە، تا گەیشتۆتە

ئەوەی کرم لێیانی داوە، نەشیان توانیوە لە بەر قەرەباڵغی و پاڵە پەستۆ و نەبوونی بینایی ئاو و خۆراک بۆ خۆیان وەربگرن بەردەوام تێنوو برسییان بووە، زۆریشیان کەسی خۆیان لەگەڵ نەبووە تاکو خزمەتیان بکەن.

**کێشەی ئاو**

ئەنفالکراوان بۆ دواجار هەر لە ماڵ خۆیان دەرچوونە، کێشەی تێنویەتیان هەبووە، لە هەموو قۆناغەکانی زیندانیدا وەک سزا تێنوو کراون.

لە ناوەڕاستی مانگی یۆنی بە دواوە، بە دوو کاروان ئەنفالکراوانی ژن و منداڵی دووبزیان هێناوە بۆ نوگرەسەلمان، بە پێی وتەی شایەتحاڵەکان لە رێگا منداڵ لە تێنوەتیدا مردووە.

لە سەرەتا ئاوی بۆڕی لەناو سەربازگاکە هەبووە، دەڵێن کاتێک ئاوی بیرەکەمان دەخواردەوە، لێومان سپییەوە دەبوو، بەهۆی زۆری خوێی ئاوەکەوە، ئاوێکی گەرم و سوێر و تاڵ وەک دەگێڕنەوە وەک ژەهری مار بووە.

ئەم ئاوە نە بۆ خواردنەوە و نە بۆ خۆشوشتن و جل شوشتن بەکار نایەت، تەنها بۆ ئاوڕشێنی زەوی بەکار هاتووە، وەلێ ئەم ئاوە بۆ ئەنفالکراوان نیعمەت بووە لەچاو ئەو ئاوەی دوواتر بە تەنکەر هێناویانە بۆ زیندانیان.

لە پێش مانگی تەمموزەوە ئاوەکەیان گرتۆتەوە، ئیتر بە تەنکەر ئاویان لە شاری سەماوەوە بۆیان هێناوە، دەگێڕنەوە کە ئاوی

تەنکەرەکە خراپتر بووە لە ئاوی بۆڕییەکە. تەنانەت دەڵێن لە جەژنی قوربان تکێ ئاوی شۆریشیان پێمان نەداوە.

ڕۆژانە دوو جار ئاو هاتووە، ئاوەکە لە بەر پیسی و سوێری تاڵ بووە، دەڵێن کە دەڕشا زوو دەبووە قەوزە، پڕی کرم بووە، بە جەمەدانی و قوماش پاڵاوتوویانە، لە بەر گەرمی بە کارتۆن باوەشێنیان دەکرد تا سارد دەبێتەوە ئەینجا بیخۆنەوە، کە دەخواریەوە توێژاڵێک سپی لەسەر لێو درووست دەبوو.

کە ئاو هاتووە سەجانەکان " هەر هۆڵێک دوو نوێنەری هەبووە، بۆ وەرگرتن و دابەشکردنی خۆراک" و زیندانییە بەهێزەکان زۆربەیان بۆ خۆیان بردووە، لاوازەکان زۆرجار دەستیان نەکەوتووە، زیندانییەکان هەندێک جار لەسەر ئاو لە یەکترییان داوە، بەشێک لە کێبڵ وەشاندنەکان و بەستنەوەکان لە کاتی دابەش کردنی ئاو کراون.

وەک دەگێڕنەوە جاری وا هەبوو ئاویان لە دۆلکە و سەتڵدا دەهێنا لە یەک کاتدا چەندین کەس سەریان دەخستە ناو سەتڵەکەوە بۆ ئاو خواردنەوە، دەبووە راکێش راکێش ئاوەکە لەو نێوەدا دەڕژا. ئەم ئاوە پیسە سەرچاوەی سەرەکی قژ وەرین و بەشێک لە نەخۆشییەکان بوو لە زیندانەکە، تەنانەت ڕۆژی مەرگە بە کۆمەڵکە کە ٥٣ کەس مردن هۆکاری ئاوەکە بووە. لە هەمان کاتدا ئاو فرۆشیش پەیدا بووە، شۆفێری تەنکەرەکان ئاویان بە زیندانەکان فرۆشتووە، سەتڵی تا چوار دینار فرۆشراوە.

**ئەی خواردن چۆن بووە؟**

وەک وتمان سەرەتا لە مانگی رەمەزان خواردنیان داوە بە ئەنفالکراوان زیندانی سەربازگەی قەڵای نوگرەسەلمان، هەرچەندە یەکەم رۆژی رەمەزان بۆ پارشێو هیچیان پێنەداون بیخۆن، بەڵام ئەو مانگە سەرتاپا تاکو رەمەزان تەواو بووە خواردنیان باش بووە، تەنانەت خەڵکی ناوچەکەش لە مانگی رەمەزان شوتی و نانیان بۆ ناردوون، لەو ماوەیەدا برنج و شلەو جارجارە گۆشت و میوەشیان پێداون.

کاروانێکی ئەنفالکراوانی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی چوار، کە خەڵکی بناری خاڵخاڵان و شێخ بزێنی سەروو و کۆیە و ناوچەکانی ئەنفالی چوار بوونە، سێ رۆژ پێش جەژنی رەمەزان گەیشتۆتە نوگرەسەلمان، ئەو ژنەی لە تەق تەق کە منداڵەکەی گریاوە بەهۆیەوە دۆزراوەتەوە، لە گەڵ ئەو کاروانە بووە دەڵێت ئەو سێ رۆژە تەماتە و باینجان و برنجی وەرگرتووە و لێی ناوە، دواتر خواردن گۆڕاوە بۆ سەمونی وشک و ئاوی سوێر.

کە رەمەزان تەواو بوو، شلە و برنج و خۆراکیش تەواو بوو، ئەمە وای کرد دوای رەمەزان، زیندانییەکان لە برسان بکەونە دەرهێنانی کۆنە نانی بە کەرە شیفە و پیسی ناو بەرمیلی پاشماوەکان پێشووتری خۆیان.

رۆژانە هەر یەکەی نیوەڕوان دوو بۆ سێ سەمونی بچووکی بێ خوێی بۆری رەق و ئاوی خوێیاویان داوە پێیان بۆ تەواوی رۆژەکە، لەبەر بێ خوێ، بۆیە سەمونەکانیان بە خوێوە خواردووە،

یان بەهۆی رەقی کوتاویانە ئەوجا خواردوویانە، یاخود دواتر کە ئاو تەماتە پەیدا بووە، بە ئاو تەماتەوە خواردوویانە، ئاوتەماتە و پیاز بە لەزەتترین خۆراکیان بووە، تەنانەت لە جەژن خواردنیان نەداوە پێیان، ئەمە وایکردووە سکی خۆیان توند لە برسان بگوشن بۆ ئەوەی خەویان لێبکەوێت.

بەهۆی خراپی خواردن و کەمی ئاوەوە ژنان شیریان نەبووە، شیری قوتوش نەبووە، داوای شیریان بۆ منداڵە ساواکانیان کردووە نەیان داوە پێیان، بۆیە منداڵان لە برسان زۆریان مردوونە.

حەنیفە فەتاح عومەر بە رەگەز عەرەب ئەنفالکراوی گەرمیان، منداڵی کچی بووە، خۆی ناوکی بڕیووە لە ئاو دەست، منداڵەکەی داوەتە سەگ بیخوات لە نوگرەسەلمان، لەبەر برسێتی و نەبوونی شیر.

سابیر عەبدی مەحمود کانی هەنجیری دەڵێت"لە نوگرەسەلمان وامان لێهاتبوو وەک پشیلەیەک دایکی نەمابێت بە چوار چنگۆڵە دەڕۆیشتین".

## فرۆشتنی خۆراک:

سەرەتا شت فرۆشتن نەبووە لە سەربازگەکە، تەنها ئەو خواردنەی دراوە بە زیندانییەکان هەبووە، فرۆشتنی خۆراک دوای نزیک سێ مانگ پەیدا بووە، واتا لە ناوەڕاستی یۆلییەوە دەستی پێکردووە، دوای هاتنی ژن و منداڵەکانی دووبز بە ماوەیەک

پاسەوان و شۆفێری تەنکەرەکان بۆ قازانجی خۆیان کەوتوونەتە هێنانی شت و مەک و خۆراک بە پارەیەکی زۆر، نزیک بە ۲۰ جار زیاتری نرخی بازاڕ.

خزمێکی حەجاجیش یەکێک بوو لە ئەوان، تا گەیشتە ئەوەی لەناو سەربازگەکە چەندین وردە بەقاڵیش پەیدا بوون، بە کۆ خواردن و پاکەتەکەیان لێیان دەکڕییەوە و بە قازانج دەیان فرۆشتەوە بە زیندانییەکان دیکە.

نرخی شت و مەکەکان زیاتر لە ۲۰ جار قیمەتی بازاڕ بووە، کیلۆی ڕۆن لە سێ پەنجاییەوە فرۆشراوە بە دینار و نیوێک تا دوو دینار، پیاز سەلکی بە دینارێک و زیاتریش تەنانەت باسی پێنج دیناریش دەکرێت، ئاوی تەماتە بە زیاتر، برنج کیلۆی لە ۱۲۵ فلسەوە بۆ دوو دینار و بەرەو بان، شیری قوتوو پاکەتی جگەرە و شەربەتی وشک و تەنانەت برنج و شەکریش بە فەردە فرۆشراوە، جار جارە گۆشتی ئاژەڵ و مریشکیش خۆی کردووە بە ناو زیندانەکەیا.

بەڵام کێشەی چێشت لێنانیش هەبووە، نەبوونی ئاگر کێشەی سەرەکی بووە، بایی کوڵاندن بەتایبەت گۆشت نەبووە تەنها بایی گەرم کردن هەندێک جار هەبووە، ئەویش بە پارچە پەڕۆی دامێن کراس و کەوا و جلی ژێرەوە و خوارەوە و ملیوانی جل و بەرگەکانیان ئەنجامیان داوە، یان لە دەرەوە پوش پەڵاشیان کۆکردۆتەوە، هەندێکیش باس لە بوونی تەباخێکی غازی یەکچاو دەکەن لەناو قەڵاکە.

چەند بەقاڵێک هەبوونە لەناو زیندانەکە، ناسراوترینیان حەمەخولە بووە پاش بەقاڵی ناو سەربازگەکە بووە، خەڵکی ئاوایی عەزیز قادر، کوڕو کچێکی بە نەخۆشی لەوێ مردوونە، نووری حەمەلاو کە ئەوکات هەرزەکارێکی ١٢ ساڵانە بووە، باسی دوو بەقاڵ دی بە ناوەکانی شێخ محەمەد و غەنی دەکات، کە لەو کاتە توانیویەتی پیازو گۆشتی قوتویان لێبکڕێت.

باسی هەندێک کەس دەکرێت کە لەوکاتە پارەیان بە قەرز داوە بە خەڵک لەوانە مام فەخرەدین خەڵکی ناحیەی نەوجول، کە لە ساڵی ١٩٨٧ لە لایەن حیزبی بەعسەوە خەڵکەکەی دەرکران، ئەوان گواستیانەوە بۆ گوندی وارانی ژوورو لە ناوچەی داوێ بەر قۆناغی سێی تاوانی ئەنفال کەوتن دواجار لەنوگرەسەلمان کۆچی دوایی کرد، دەگێڕنەوە (٥.٠٠٠) دینار سویسری پێبووە هەمووی دابەشکردوەتە سەر خەڵکەکە پێش مردنی.

هەروەها حەمەی تۆفیق خەڵکی گوندی براوگەل پارەی داوە بە خەڵک، هەروەها پیاوێکی گوندی دالاوەی ناوچەی قەلاسێوکە بەناوی حاجی رەزا ١٥،٠٠٠ دیناری داناوە بۆ خەڵکەکە، وەلی هەر لەگەڵ ئەواندا ئامینە ئەحمەد محەمەد بەخۆی و شەش منداڵەوە (ئاوات، مەجید، لەیلا، هێرۆ، سوعاد، بێستوون) خەڵکی گوندی قەلاچەرمەڵەی داوێ دەگوازرێتەوە بۆ نوگرەسەلمان فلسی ئەحمەری پێ نابێت و کەسیش هاوکاری ناکات، تا دوان لە منداڵەکانی لەماوەی کاتژمێرێکدا دەمرن، تا دەگەڕێتەوە هەر سەمونە رەقەکە و ئاوە پیسە سوێرەکە خواردنی خۆی و

منداڵەکانی دەبێت و خۆی و منداڵەکانی جگە لە نەخۆشییەکانی برسێتی تووشی نەخۆشی پێستیش دەبن.

ئەوکەسەی پارەی نەبوایە لە نوگرەسەلمان وەزعی خراپ بوو، نەیدەتوانی شت بکڕێت، کەس قەرزی بە کەس نەداوە و هەشبووبێت زۆر کەم بووە، هەندێک لە زیندانییەکان ناچار بوونە جل و بەرگی بەری خۆیان بفرۆشن بۆ کڕینی خۆراک، زۆربەی ئەوانەی کە مردوونە، ئەوانە بوونە پارەیان پێ نەبووە.

هەندێک لە زیندانەکان پارەیان پێ بووە، چونکە لە هەموو قۆناغەکان گیرفانیان گەڕاون و ئەوەی پێیان بووە لێیانیان سەندووە، بەڵام لە سەربازگەی تۆبزاوە، بەڵگەنامە و پارەکانیان لە پیرەکان نەسەندووە، بۆیە بەشێکیان پارەیان پێ مابوو لە نوگرەسەلمان.

**ئەشکەنجەدان:**

ئەشکەنجەدان لە هۆڵی گەراجەوە کە تازە ئەنفالکراوانیان بۆی هێناوە، تا ڕۆژی گەڕانەوە لەو زیندانە بەردەوام بووە، چەندین کەس بە لێدان مردوونە ناویان ئاشکرایە.

پیاوێک خەڵکی گوندی کەریم باسام عەبدی ناو بووە، نەخۆش بووە، لە کاتی ناو خوێندنەوە، ناوی باوکی نەوتووە، بە دار کوشتویانە، کەسێکی نابیستی هاواری لای هەڵەبجەش گوێی لێ نەبووە ناوی خوێنراوەتەوە، بە هەمان دەرد براوە.

شێخ ساڵەح شێخ نەسرەدین هاووڵاتی گوندی سماقەی سەر بە قەزای تەق تەق بە لێدان مردووە لە نوگرەسەلمان، لێدان بە کێبڵ دیاردە بووە رۆژانە، تەنانەت وەک زیندانییەکان دەگێڕنەوە منداڵی چوار ساڵان بە لێدان کوژراوە.

لە مانگی تەموزی سەلمان، خەڵکیان بە عامودی دوو گۆڵییەکەوە لەبەر خۆرەتاو بەستووەتەوە، پێست بە گیانییەوە داماڵاوە لەبەر گەرما.

کێبڵ وەشاندن و فەلاقە کردنی کەسانی بە تەمەن، شێت، منداڵ، ژنان رۆژانە بەردەوام بووە تا مردن.

حەجاج بە گەرمای مانگی تەمموز لە کاتژمێر یەکی نیوەڕۆوە تا چواری ئێوارە خەڵکەکەی دەهێنایە بەر خۆرەتاوەکە، وەک شێوازێک لە ئەشکەنجەدان.

لەو زیندانە زۆر شێوازی ئەشکەنجە و سوکایەتی بە پیاوەکان کراوە، کە خێزانەکان لە یەک جیا کراونەتەوە، بە بەرمیل و سیم بەین کراون، لەسەر ئەوەی پیاوەکە چۆتە لای خێزانەکەی بۆ بینینی چەند خولەکی لە پیسایی ئاو دەستەکانیان وەرداوە، لە کاتێک ئاو و بەرگی زیادەی نەبووە. ئەشکەنجەدانی جەستەیی و کەرامەت شکاندنی زیندانیان بەردەوام بووە.

ئاوات خورشید ١٠ ساڵانە، خەڵکی گوندی قەڵاچەرمەڵە ناوچەی داودە لەسەر ئەوەی شوتی بۆگەنی نەخواردووە، حەجاج دەستی شکاندووە و زیندانی کردووە،لە هێنان و بردن، سەموون و ئاو وەرگرتن، تا چێشتلێنان لێدان هەبووە، سابیر عەبدی مەحمود

کانی هەنجیری دەڵێت: بیزانیایە یەکێک ئاشی کردووە لێی دەدا حەجاج دەیوت ئەم برنجەت لە کوێ هێناوە، لە کاتێکدا خۆیان شەریک بوون لە هێنانەکەی.

**پیسی و ئەسپێ:**

بەهۆی پیسی ژوورەکـان و نەبوونی پاککەرەوە و ئـاو و قەرەباڵغی زۆر، نەهاتنە ژوورەوەی خۆرەتاو، نە شوشتنی خۆیان و جل و بەرگەکانیان و نەگۆڕینی و پیسی و سوێری ئاوەکە، بووە هۆی ئەوەی ئەسپێ لەناو زیندانەکە پەیدا ببێت، بە ئاستێک جگە لەوەی لە زیندانییەکانی دابوو و هەراسانی کردبوون، وەک دەگێرنەوە لەسەر زەوییەکە رێی دەکرد، بە گسک رایان دەماڵی، ئەسپێ جگە لەوەی مرۆڤ هەراسان دەکات، هاوکات هۆکاریشە بۆ گواستنەوەی نەخۆشی.

هەروەها تەوالێتەکانیش زۆر پیس بوونە، پیسایی تیایدا پەنگی خواردۆتەوە، لە ناوی بەسەر بەرددا رۆیشتوونە، دوای چوونە سەر ئاو دەست شوشتنیش نەبووە، جار جارە ئەوانەی پارەیان نەبوووە لە بەرامبەر پارەیەکی کەم پاکیان کردۆتەوە.

نەخۆشییەکانی پێست و گەڕی و قژ وەرین لەناو زیندانەکە بڵاو ببوەوە، بەهۆیەوە ژمارەیەک زۆر منداڵ مردوونە.

دەڵێن زۆرێک لە ژن و منداڵ سەری خۆیان بە مەقەس کورت کردبوەوە لە بەر ئەسپێ و کێچ، چونکە سابون نەبوو، ئاوەکە

ئەوەندە سوێر بوو، سابوون و تایتیش کەفی نەکردوە ئەگەر هەبووبایە جار جارە.

**رۆژە ترسناکەکە:**

بەردەوام دەرد و نەخۆشی ئاسایی لە سەربازگەکە هەبووە، وە پزیشک و داودەرمانی چارەسەری نەبووە، چونکە خەڵکانێکی لاواز و بە تەمەن لێرە کۆکرابوونەوە، وێڕای پیسی و خراپی خواردن و خواردنەوە و نەبوونی چارەسەر لە داو دەرمان و خزمەتگوزاری پزیشکی، بۆیە بەردەوام نەخۆشی و مردن رۆژانە هەبووە، بەهۆی خراپی خۆراکەوە شەو کوێری زۆر بووە، بەهۆی کەم ئاوییەوە پێست وشک بۆتەوە، تیفۆئید و حومە ماڵتاو کولێراش بڵاو بۆتەوە، کوێرەکان بەهۆی نەبوونی بینایی و نەتوانینی خزمەتکردنی خۆیانەوە سەرەتا ئەسپێ و کرم لەوانی داوە.

هەروەها لە زۆر حاڵەتدا دژە چارەسەری کراون، نموونە ژنێک دەگێڕێتەوە کە دەرزیان لە منداڵەکەی داوە، ناو دەمی رەش بۆتەوەو بە هۆیەوە مردووە.

دوای هاتنی هەڵەبجەییەکان بە تایبەت لە نامەی نەخۆشخانەی سەماوە تایبەت بە مردنەوە دەردەکەوێت، رێکەوتی ١٩٨٨/٩/١٩ ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی گیانیان لە دەستداوە.

ئەوان دەڵێن، لەو رۆژەدا بەهۆی ئاوەکەوە هەموو تووشی رشانەوە و سکچوون بووین چاومان چوو بوو بە قوڵا پێیان دەوت

چاوەقوڵکە، بەشێوەیەک تەڕایی لە جەستەدا ناما، نەخۆشییەکە بتیگرتایە بە بیست خولەک دەتیکوشت، لە رۆژی مردنە زۆرەکە کەس نەیوێراوە بچێ بە لای تەرمەکاندا، کە لەناو سەربازگەکە لە هەموو کونج و لایەکی سەربازگەکە تەرمەکان وەک تارماییەکی ترسناک کەوتبوون، ئەو رۆژە ترسناک بوو، مەرگ باڵی بەسەر سەربازگەکەدا کێشابوو، راکردن لەو رۆژە ئەستەم بووە، ئامینە دەڵێ ئەو رۆژە ٥٣ کەس مردووە.

ئەو رۆژە دوای هاتنی تیمی تەندروستی لە شاری سەماوەوە، هەر یەکە لە نەخۆشەکان یەکی دوو حەبی سکچوویان داوە پێیان، سەرەتا زۆریان ترساون نەیان خواردووە، وایان زانیوە دەرمان خواردیان دەکەن.

ئـەو رۆژە تـاک تاکە خەڵکیان بـردووە بۆ نەخۆشخانەی سەماوە، وە هۆڵێکیشیان لە نهۆمی سەرەوە لە ناو هەڵەبجەییەکان چۆڵکردووە و تەرخانیان کـردووە بۆ چـارەسـەری بە پەلە، موغەزیان بۆ هەندێک نەخۆشی مەترسیدار بەستاوە، کە هەموو وشکەوە بوبوون، ترساون دەردەکە بگوازرێتەوە بۆ دەرەوە، تیمێکی پزیشکییان لە سـەمـاوەوە هێناوە بۆ چارەسەرکردن، یەکێک لەوان کەسێک بووە بە ناوی سادات محەمەد سەرحان عەبدالموتەلیب... یاریدەدری پزیشک خەڵکی دومیاتی میسر بووە، لە گەڵ نەخۆشەکان مامەڵەیەکی مرۆڤانەی کردووە.

**دەستدرێژی سێکسی:**

یەکێک لەو زیندانیانەی کە کاری لێنانی خواردنی بۆ حەجاج و شەمخی ملازم ئەمن و هاوەڵانی کردووە، خۆی لە ئەنفالکراوانی هەڵەبجە بووە، دەڵێت: چەند کچە گەنجێکی ئەنفالەکانیان جیاکردبوەوە، دەستدرێژییان دەکردە سەریان، هەروەها چەند ژن و پیاوێکیان بۆ کاری سوخرا دانابوو بۆ خزمەتی خۆیان، خواردنیان پێ لێدەنان و خزمەتی تایبەتی خۆیانیان پێ دەکردن. وێڕای ئەوە کاریان بە منداڵەکانیش کردووە. هەروەها زیندانییەکان دەگێڕنەوە کچی سک پڕی بچووک لە نوگرەسەلمان هەبووە، بەڵام راستی ئەمە پشتڕاست نەکراوەتەوە، بە پێچەوانەوە هەندێکی دیکە بە توندی ئەم قسانە رەت دەکەنەوەو دەڵێن: لە زیندان هیچ دەستدرێژییەک نەکراوە.

**مەراسیمە ئاینییەکان:**

حکومەت لە کاتی رەشبگیری ئەنفال، دەستی نە پاراست لە گرتنی پیاوانی ئاینی، بۆیە ژمارەیەک مەلا کەوتنە سەربازگەی نوگرەسەلمانەوە، فەقێکانیش لە تۆبزاوە و تکریتەوە نێردران بۆ مەرگ، لە هۆڵەکان مەلا هەبووە بەیانیان بانگی داوە و پێش نوێژی بۆ زیندانییەکان بە بێدەست نوێژ و بەرماڵ کردووە، تەنانەت نوێژی جەژن و هەینیشیان بە جەماعەت کردووە.

لەبەر ئەوەی بەرماڵ و ئاویان بۆ دەستنوێژ دەست نەکەوتووە، بۆیە زۆربەی جارەکان تەیەمومیان کردووە و نوێژیان لە بان

جل و بەرگ و جەمەدانی و پشتوێنەکانیان ئەنجام داوە، تەنانەت لە بۆنە ئاینییەکان لە بری قوربانی هەندێکیان لەو برسێتی و نەبوونییە شەکر و برنجیان کردۆتە خێر بەسەر زیندانییەکان دابەشیان کردووە.

رەزا حەسەن دەگێڕێتەوە ژنێک خەڵکی شار بوو هاتبوو بۆ لای کوڕەکەی پێشمەرگە بووە، لە گەڵ جەلەمۆردییەکان دەستگیر کراوە، لە کاتی مردندا بە رۆژوو بوو، داوایان لێی کردبوو رۆژووەکەی بشکێنێت،لەسەر مەرگدا ئاوی نەخواردبووەوە و رۆژووی نەشکاندبوو، ٩٠٪ی خەڵکەکە لە نوگرەسەلمان بەرۆژوو بوون.

**مردن دێوەزمەکەی نوگرەسەلمان:**

مردن دێوەزمەی ئەنفالکراوان بوو لە زیندانی نوگرەسەلمان، هەڵەبجەییەکان کە دەگەنە زیندانەکە، دەگێڕنەوە ئەنفالکراوان هەموو رەنگی مردوویان گرتبوو، دیمەنیان ترسناک بووە، هەموو پێستیان ژەنگاوی و وشک ببوەوە و نەخۆشی پێستیان گرتبوو، لاواز و لات، کەمخۆری و نەخۆشی و گڕەی گەرما بڕستی لێ بڕیبوون، گەرمای ئەو بیابانە، مانەوەی شەو رۆژ لەو هۆڵە گەرمانە بێ ئامێری فێنک کەرەوە و ئاو، نەبوونی کزەیەکی با وێرانی کردبوون، لە بەر گەرما یەکپارچە هاوار و زریکەو گریان بوو لە هۆڵەکان. لەو زیندانە ترسناکە لە ئاودەست منداڵ بووە، ژن لەسەر منداڵ مردووە منداڵەکە ماوە.

هیومان ڕایتس وۆچ - میدڵ ئیست وۆچ لە پەرتوکەکەیان دەنووسێت:“ عەبدولقادر کارێکی زۆر باشی کردووە کە ژمارەی مردووەکانی تۆمارکردووە و تا سەرەتای ئەیلوول کاتێ کە لە بەندیخانە بەردرا، ٥١٧ قوربانیی بارودۆخی نامرۆڤانەی نوگرەسەلمانی ژمێرە کردبوو“، لە ڕاستیدا زانیارییەکە بەشێکی هەڵەیە، سەرەتای ئەیلول هیچ زیندانییەک لە سەربازگەی نوگرەسەلمان بەر نەدراوە، زیاتر کەوتۆتە نزیک ناوەندی مانگەوە، هەرچەندە تا ئێستا زانیاری درووست نییە لە سەر ڕۆژی بەربوونی یەکەم گرووپ.

هەروەها شێخ عەبدالقادر زیندانی پرۆسەی ئەنفالی چوار بووە، ئەوان نزیک مانگێک دوای ئاوەدان کردنەوەی سەربازگەی نوگرەسەلمان گەیشتونەتە ئەوێ، بۆیە ئامارەکەی ئەو کەماسی تێدایە.

شایەتحاڵێکی دیکە دەڵێت ”فەقێ عەلی خەڵکی گوندی چەوری یاداشتی ٨٥٠ کەسی کردووە لە نوگرەسەلمان مردوونە“، یەکێکی دیکە شایەتحاڵی ناو نوگرەسەلمانە ژمارەی مردووەکان بە ٧٧٩ داوەتە قەڵەم.

زیدانییەکی جەلەمۆردی دەڵێت: لە نوگرەسەلمان ڕۆژێک بەهۆی ئاوەوە ١٨ کەس مردن، فازڵ حەمە مەولود جەلەمۆرد و غەفور خەڵکی گوندەکەیان لەو مردووانە بوونە، دەڵێت کۆی گشتی تا ئێمە لەوێ بووین ٧٧٠ کەس مردن، بە وتەی عەبدولخالق جەلەمۆردی گوندی جەلەمۆرد ٤٠١ ئەنفالکراویان

هەیە، ٣٠ کەسیان لە نوگرەسەلمان گەڕاونەتەوە، حەوتیان لە نوگرەسەلمان کۆچی دواییان کردووە.

شایەتحاڵێکی دیکە دەڵێت: ٣٥٥ کەس لە نوگرەسەلمان مردووە، یەکێک دی دەڵێت: ٣٦٠ کەس، بۆیە ژمارەیەک دیاریکراو نییە، بەڵام هەژمارکردنی مردووان ئامارکردنی قورس نییە، دەبوایا بکرابایا.

خۆشبەختانە هەڵەبجەییەکان ئاماری مردووەکانی خۆیان کردووە لە زیندانی نوگرەسەلمان، ژمارەیان ٧١ کەس بووە، ٦١یان ناویان زانراوە.

نەخۆشخانەی نوگرەسەلمانیش لیستی ناوی ٩٣ کەسی لابووە لە مردووان، ئەوانەی نەخۆشخانە یاداشتیانی کردووە، تەمەنیان لە چوار مانگەوە بۆ ١١٠ساڵ بووە، ٤٠ کەسیان تەنها لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٩/١٩ مردوونە، ئەوانی دیکەش مردووی ١٤ ڕۆژی جیای دیکەن لە ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١٤ بۆ ١٩٨٨/٩/١٩. تەنها لە گوندی عەزیز قادر ١١ کەسیان لە نوگرەسەلمان مردووە، ٩١ کەسیشیان لە دووبز و نوگرەسەلمان گەڕاونەتەوە، بەڵام مخابن کەسیان لەو سەفەرە نەگەڕانەوە.

لە لێدوانەکەی ئەمنی وەتەنی بۆ ڕۆژنامەی صەباح هاتووە لە ٣٠٠٠ زیندانی نوگرەسەلمان هەزاریان مردوونە.

**ناشتنی مردووەکان و مەراسیمی ئاینی:**

لەسەرەتای هێنانی زیندانییەکانەوە بۆ نوگرەسەلمان هەر لە

ڕێگاوە بە هۆکاری جیاجیا مردن هەبووە، بەڵام دوای هاتنی گەرما لە کۆتایی مایسەوە مەرگ بووە بە دیاردە، لە گەڵ هاتنی ژن و منداڵەکان لە دووبزەوە زیادی کردووە، بە هاتنی هەڵەبجەییەکان و بڵاوبوونەوەی تیفۆید و گرانەتا و حومەماڵتا و شەوکوێری یەکجاری چۆتە سەر.

مردنی ژنان لەسەر منداڵ بوون چەندین جار هەبووە، بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری پزیشکییەوە، نموونە دانای بابا عەلی منداڵێک بوو بیست ڕۆژ ژیا، دایکی بەسەر لە دایک بوونی ئەوەوە مرد. کوشتن بە لێدانیش نموونەی زۆرە لە منداڵی بەرباوەشەوە تا پیری بە تەمەن نموونە ئاکۆ بەکر لە باوەشی دایکی سەلمە بووە، کێبڵ بەری کەتووە، پێی مردووە.

لە نوگرەسەلمان مەراسیمی پرسەو شیوەنکردن بۆ مردووان قەدەغە بووە، کە شیوەنیان کردووە چونەتە گیانیان، کفن نەبووە سەرەتا، ڕزگار نەجمەدین تەمەن ١٢ ساڵانە مردووە کەشیدەی حاجییەکیان لێ ئاڵاندووە لە جیاتی کفن، زۆر جاران مردووەکان کە مردوونە بەتانی و پارچە قوماشی مردووەکەیان لێیان ئاڵاندووە لە بری کفنکردن.

بۆ مردوو شوشتن ئاویان لە زیندانییەکان کۆکردۆتەوە، بە قوتی ئاوتەماتە دواتر کە شت فرۆشتن پەیدا بووە، لە دوای جەژنی قوربانەوە، کفن پەیدا بووە، مام مەهدی خەڵکی دێی چەوری گەرمیان کفنی فرۆشتووە، ئیتر کفنێکی کەم بۆ زۆربەی مردووەکان دابین کراوە، کفن فرۆشیش لەناو زیندانەکە پەیدا

بووه و هەندێک لە زیندانییەکانیش کفنیان کڕیووە و لە بەریان کردووە، ئامادە بوونە بۆ مردن.

مردووەکان کفن دەکران و دەشۆردران، سوچێک لە ناو سەربازگەکە بۆ کۆکردنەوەی تەرمی مردووەکان داندرابوو، هەفتانە تەنها شەمموان مردووەکانیان بە عارەبانەیەکی بچووکی یەک تایەیی دەبردرایە دەرەوە بۆ ناشتن، هەر جارەی چەند تەرمێکیان ناوەتە بان یەکەوە، هەندێکیش دەڵێن رۆژانە بردراون.

ئامینە محەمەد ئەحمەد لەو هۆڵە دەبێت کە حەجاج بەناویا بۆ ژوورەکەی خۆی سەرکەوتووە و رۆژانە ئیهانەیانی کردووە دەڵێت «سوعادی کچم چوار ساڵ» لە نوگرەسەلمان لە بەردەمم چاوەکانی زەرد هەڵگەڕان و گیانی سپارد، دوای ئەو هەزار جار مردم، بێستوونی کوڕیشم»پێنج مانگ» بە هەمانشێوە لە برسا کۆچی دواییکرد، حەجاج نەیهێشت بە دەستی خۆم بە خاکیان بسپێرم، چەند کەسێکیان برد گوایە ئەوان بیاننێژن، کە هاتنەوە پێیان وتم لە باشترین شوێن و بە باشترین شێوە بە خاکیان سپاردوون، تەنها بۆئەوەی دڵگرانتر نەبم، ئەگینا سەربازەکان نەیانهێشتبوو، لەناو ئەو لمە خستبوویاننە چاڵ، ئەو ناوە پڕبوو لە سەگەڕەش. ئامینە دەڵێت: حەجاج هات زانی منداڵەکانم مردوون، بە سۆندە لێی دەدام، دەیووت نابێت بگریێت ئەگەر بگریێت تۆش دەنێرم بۆ لای منداڵەکانت، ئێستاش شێوەیان لەپێش چاومە، ئێستاش بە رۆح لەو ساتەدا دەژیم کە سوعاد و بێستوون تێیدا مردن.

ئامینە پارەی نەبووە حاجی عەلی جەوهەر محەمەد پارەی کفنی منداڵەکانی دەدات دووای راپەڕین لە رزگاری پارەی کفنەکەی دەدەنەوە کە حەوت دینار بووە.

ئامینە شانسی دەبێت لە دووبز لە کاتی بارکردندا بۆ نوگرەسەلمان، پاسێکی دیکە راوەستابوو، هاوڕێیەکی بەناوی مەحبوبە مستەفا حسەن تەنیا دەبێت، خۆی داوا دەکات بەو پاسە بڕوات یەک کەسی کەم دەبێت، ئیتر ناگەڕێتەوە.

نادر خەڵکی قزلۆی دەشتی کۆیە بووە، سەتڵێکی بردووە داوای ئاوی کرد مردووی پێ بشوات، دای بەسەریا لە خوێنی وەردا.

مەجید محمد ساڵح لە دایکبووی ساڵی ١٩٣٥ گوندی فەقێ مستەفا دەڵێت»

ڕۆژانە (١٠ بۆ ١٢) کەس لەناو سجنی نوگرەسەلمان دەمردن، زۆربەی ڕۆژەکان بانگی منیان دەکرد بۆ ئەوەی مردووەکان بنێژم، لەوێ هەندێک شوێنی دەمە شۆفڵ هەبوو بەبێڵ و خاکەناز ئەو شوێنەمان کەمێک چاڵ دەکرد و دەمانخستە ناویەوە، ئەویش زۆر بچووک و تەنک بوو هەر ئەوەندە مردووەکە بشارێتەوە. جاری واهەبوو کە دەماننناشت بەپێ دەمانکوتایەوە دەنگی پەراسوەکانی مردووەکان دەهات و دەشکا، ئەوانە قەبر نەبوون چاڵێکی بچوک بوون، ئێمە زۆر بێ هێزو بێ توانا بووین هەر ئەوەندە دەمانتوانی قەبرەکان قوڵ بکەین، مردووەکان نەدەشۆران زۆرجار بە جلوبەرگەکەی خۆیانەوە دەماننناشتن. ئەو ڕۆژەی دەچووین بۆ ناشتنی مردوویەک، دەبینین ئەوەی

دوێنی ناشتوومانە سەگ دەریکردووە و تەرمەکەی خواردووە، جاری واهەبوو تەنها جلوبەرگەکەی مابوو، واتە ئەو جلوبەرگەی خۆی کە لەبەریا بوو پێوەی ناشتوومانە، سەگەکان زۆر بوون و زۆربەیان سەگی توولە بوون. بەڵام یەکێکیان سەگێکی ڕەشی گەورەبوو".

پایزە مەحمود مەنسور خەڵکی گوندی تەپە سپی دەڵێت" ئەسمەر سێ منداڵی لە برسا مردووە، نەیان هێشتووە بۆیان بگرێت"

لەبەر ئەوەی ئەنفالەکان بێ هێز بوون، زۆر جار هەڵەبجەییەکان مردووەکانیان دەنایە قەبر، ئەوان هەم تازە هاتبوون، هەم کوڕی گەنجیان لە گەڵدا بوو، وە پارە و خۆراک و شتومەکیانیشیان لە گەڵ خۆیان هێنابووە ناو زیندانەکە، کەمتر برسێتی و نەخۆشی و گەرما پەی پێیان بردبوو.

زەوییەکە رەق بوو ناتوانرا بە دەست زۆر قووڵ بکرێت بۆ لێدانی گۆڕ، شاخی رەقەن بووە، بۆیە سەگەکان دواتر تەرمەکانیان دەردەهێناو دەیان خوارد، دایک منداڵی خۆی دەبینی بە دەم سەگەوە.

بۆیە دواتر هەفتەی جارێک شۆفەڵ هاتووە لە سەماوەوە گۆڕەکانیان بە قولایی نزیک مەتریک وەک خەتێکی درێژ هەڵکەندووە، دوای ئەوەی پڕ کراون لە تەرم خۆڵی کردووە بە سەر تەرمەکانا بۆ ئەوەی سەگەکان روفاتەکان دەرنەهێنن، هەرچەندە لەسەر داوای زیندانیان سەگە رەشەکەیان تۆپاندووە، ئینجا

شۆفەڵەکان خەتێکی دیکەیان لێداوە بۆ گۆڕی نوێ، گۆڕستانی ئەنفالکراوان لە ڕۆژهەڵاتی سەربازگەکەوە بوو بە دووری چەند سەت مەترێک لە سەربازگەکەوە، گۆڕەکان هیچ شوێنەوارێکی دەستنیشان کراویان نەبووە تا لە ئێستادا بناسرێنەوە.

هەرچەندە مەلای زیندانی هەبووە لە نوگرەسەلمان، بەڵام ڕێگای تەڵقین خوێندن و نوێژی مردوو خوێندن و پرسە نەدراوە، مەگەر بە نهێنی، تەنها چەند کەسێک لە گەڵ مردووەکان چوونە بۆ ناشتنیان، بە خێرایی گەڕاونەتەوە.

**بەرتیلدان بۆ ئازاد بوون:**

دوا نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٩/٦ بڕیاری لێبوردنی گشتی بە ژمارە ٧٣٦ دەرچوو، بڕیارەکە لە ڕۆژنامەی وەقائعی عێراقی ژمارە ٣٢٢٠ لە ڕۆژی ١٩٨٨/٩/١٩ بڵاو کراوەتەوە، زۆر لە دیدار لە گەڵ زیندانییەکان بەشێکیان باس لەوە دەکەن ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٩/٢٠ هەواڵی لێبووردنە گشتییەکە دەگاتە ناو زیندان.

تا ئێستا دیار نییە یەکەم کاروان چەندی مانگ لە قەڵای نوگرەسەلمان ئازاد کراون، هەفتەی کاروانێک لە زیندانییەکان ئازادکراون، هەر کاروانەی ٤٠٠ بۆ ٥٠٠ کەس بوونە، بۆ پێشخستنی ناو بۆ دەرچوون ئەوانەی پارە یان زێڕیان پێبووە بەرتیلیان داوە، بە تایبەت هەڵەبجەییەکان وەزعیان باشتر بووە

لە ئەنفالەکان، زێڕ و پارە بەخشراوە بە حەجاج و بەرپرسانی دی بۆ پێش خستنی کەسەکان.

یەکەمجار زیندانی ناو ئەو هۆڵانەی لە پێشەوە بوونە لە گەڵ نابینا و شەل و نەخۆش و منداڵە نەخۆشەکانیان ئازاد کراون.

بۆ کاروانی یەکەم بەشێکی زۆر لە زیندانییەکان نەیان وێراوە ناوی خۆیان بنووسن بۆ ئازادکردن، ترساون لە مەرگ بە تایبەت فڕێیان بدەنە دەریاوە، بە پێچەوانەوە هەندێکی دیکە دڵیان خۆش بووە لە نوگرەسەلمان بیانبەن ئەگەر بۆ زیندە بەچاڵکردنیش بووبێت، هەرچەند پیاوانی بەعس وتوویانە دەردەچن و دەچنەوە لای کوڕو پیاوەکانتان، ئەوان خانوویان بۆتان ئامادە کردووەو چاوەڕێی ئێوەیانە.

قادر سدیق هاوڵاتی ناوچەی ئەنفالی یەک، کە یەکەم کاروان بەر کەوتووە، بەهۆی ئەوەی لە هۆڵەکانی پێشەوە بووە، دەڵێت ڕێکەوتەکەی لە ١٩٨٨/٩/٢٠ بوو بردیانین بۆ ئازادکردن.

ئەنفالکراوان دووای بردنیان لە سەربازگەی نوگرەسەلمان، دوو سێ ڕۆژ، بەشێک هەفتەیەک، هەندێکیش دەڵێن دوو هەفتە لە ناو شاری سەماوە ماونەتەوە، ئەو ماوەیە خواردنی باش و خۆشوشتنیان هەبووە، پشکنینی پزشکییان بۆ کراوە، لە بازاڕیش نوێنەرەکانیان شتیان بۆیان کریووە، هەر ١٠٠ کەس نوێنەرێکیان هەبووە، ئەمەش بۆ ئەوەی شوێنەواری ئەو مەرگە ساتە بە سیمایانەوە نەمێنێت، کەڵکی بردنەوەیان بۆ ناو خەڵک هەبێت.

هەموو ڕۆژێک کاروانی ئازادکردن نەبووە، هەفتانە بووە یان

زیاتر، هیچ کات دوو کاروان لە شاری سەماوە و سەربازگەی تۆبزاوا تێکەڵ نەبوونە و پێی ناچێت رۆژێکی دیاریکراو هەبووبێت بۆ ئازادکردن، یەکێک دەڵێت ١٠/٢٧ ئازادکراوین کە دەکاتە رۆژی پێنج شەممە، یەکێکی دیکەش دەڵێت : ١٩٨٨/١١/٢٥ دەکاتە دووشەممە، یەکێکی تر دەڵێت: ١٢/١٩ کە دەکاتە دووشەممە، یەکێکی دی وتی: سێشەممە ١٩٨٨/٩/٢٠.

دووشەمە ١٩٨٨/١٢/١٩ کاروانی پێش کۆتایی دەهێنرێنە ناو شاری سەماوە، دوو هەفتە لەوێ دەمێننەوە، رۆژێکیش لە رێگاو رۆژێکیش لە سەربازگەی تۆبزاوە، کەواتە ئازادبوونیان کەوتۆتە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩، زیندانیان لەسەر ئەم زانیاریانە کۆکنین.

ئەگەر لە چوون بۆ نوگرەسەلمان منداڵ لە دایک بووە، کە بەر بۆتەوە هەڵیان نەگرتۆتەوەو لە رێگا بەجێیان هێشتووە، لە ئازاد بوونیش لە کاتی هاتنەوە لە نوگرەسەلمان، پیاوێک لە رێگا مردووە لە ئۆتۆمۆبیلەکە بەریان داوەتەوە، وتویانە لە سەر شارەوانی ئەو شوێنەیە بینێژن ئێمە نایبەینەوە، لە رێگای ئازادبوون ژمارەیەکیان کۆچیدواییکردووە، مردووش هەبووە، خاوەنەکەی دەنگی نەکردووە تا گەیشتۆتەوە کوردستان لەوێ رایگەیاندووە مردووە، بۆ ئەوەی روفاتەکەی ببەنەوە.

### چەند کەس گەڕاونەتەوە؟

ئامارکردنی گەڕاوەکان و مردووەکان نوگرەسەلمان سانا بوو، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بیکردبایا، وەک بە نافەرمی

بڵاوکراوەتەوە بە گشتی نزیک ٦٤٠٠ کەسیان گەڕاونەتەوە لە ئەنفال رزگاریان بووە» لە ئۆردوگاکانی عەربەت، سمود، شۆڕش، باینجان نیشتەجێکران» جگە لە ئەنفالکراوانی بادینان، یاخود رزگاربووانی ناو مەڵبەندی لاوان لە دوز» نزیک ٢٠٠٠ زیندانی تێدا بووە» و یان تەق تەق هەندێک هەڵاتوون یان بەر لێبوردن کەوتن «لە دووزو تەقتەق هەندێک جاش خەڵکیان رزگار کردووە»، یاخود ئەوانەی لە دووبز بەر لێبوردنەکە کەوتن.

هەڵەبجەییەکان ١١٥٢ کەسیان نێردراوە بۆ نوگرەسەلمان، لەو ژمارەیە ٧١ یان لەوێ مردوونە، ئەوی دیکە گەڕاونەتەوە.

گەڕاوەکانی ئەنفال سێیەکیان پیاون و زیاتر لە ٨٠٪یان تەمەنیان لە ١٠ ساڵ کەمتر یان لە شەست ساڵ زیاتر بووە، زیاتر ١٠٪یان لە نوگرەسەلمان گیانیان بەختکرد بەهۆی ئەشکەنجەدان و کەمخۆراکی و نەخۆشییەوە.

**سەرچاوەکان:**

١- جینۆساید لە عێراقدا... پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد - هیومان ڕایتس وۆچ، میدڵ ئیست وۆچ.

٢- هەڵەبجەییەکانیش ئەنفالکران، گوڵاڵەی گەرمیان، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٢٤.

٣- جینۆسایدی باشووری کوردستان، پرۆسەی ئەنفالی یەک بە نموونە ٢١-٢-١٩٨٨ - ١٩-٣-١٩٨٨، جەمال مەجید فەرەج.

٤- سی دی دۆسیەی ئامادەکراوی ئەنفال لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە.

٥- محکمه الانفال اعداد ریکار مزوری بمساعده محامی ایاد کاکەیی.

٦- بەرنامەی بەڵگەنامەیی خۆم لەوێ بووم، تەلەفزیۆنی ئازادی، کەناڵی گەرمیان.

٧- پێوانەی پانی و درێژی سەربازگەکە لە لایەن نووسەری بواری جینۆساید دلێر کەریم.

٨- (گوندی فەقێ مستەفا لە مەرگەساتی ئەنفالدا)٠

٩- دایکە جەرگ سووتاوەکانی ئەنفال چیرۆکی نەهامەتییەکانی نوگرەسەلمان دەگێڕنەوە، راپۆرتی/ سامان یاروەیس.

١٠-جریده الصباح خمیس ٢١ اب ٢٠٢٥ العدد ٦٢٣١

**تێبینی:**

- گوندی فەقێ مستەفا کە وەک سەرچاوە هاتووە چی؟ کتێبە رۆژنانەیە؟

- دایک جەرگ سووتاوەکان کە سەرچاوەی نۆهەمە ئەو راپۆرتە لەکوێ بڵاوکراوەتەوە؟

- وشـەی مـردوو بۆ کۆچکردووان بەکار هێنراوە وشەی جوانتر زۆرە؟

- دەکرێت لەرووی زمانەوانییەوە پێیدا بچنەوە.

حسێن عەزیز (پ)



# دانپێدانان و تاوانەکانی عەجاج
# تاوانبارە ناوزڕاوەکەی نوگرەسەلمان تۆمار بکەن:

دەرسیم پێشەوا

عەجاج ئەحمەد حەردان ئەلعوبەیدی ئەلتکریتی (١٩٦٠/ الضلوعیە/ تکریت)، ئەفسەر بە پلەی ملازمی یەکەم لە ئەمنی ڕژێم لە ساڵی (١٩٨٨)دا، سەرپەرشتیاری زیندانی نوگرەسەلمان بووە لە شاری سەماوە، کە بنکەی سەرەکی کۆکردنەوەی ژن، منداڵ و پیرە پیاوی کورد بوو بە مەبەستی ئەنفال کردنیان. عەجاج، دیارترین جەللاد و مرۆڤکوژ، منداڵکوژ، ژنکوژ، پیرکوژ و کوردکوژی زیندانی نەگرەسەلمان بوو، کە لە مێژووی دەسەڵاتی حکومەتی بەعس و سەدام، هیچ دەزگایەکی سەرکوتکەر دڕندەی وا مەترسیداری بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەو زۆر دڕندەتر بووە لە نازم گزار، فازڵ بەڕاک، سەبعاوی ئیبراهیم تکریتی، بەرزان ئیبراهیم تکریتی و دەیانی دیکە. چیرۆکی دڕندایەتی عەجاج زۆر باسکراوە بۆیە من خۆم بەدوور دەگرم لە چیرۆکی کوشتنی منداڵ، ژن و پیرەمێرد، یان دەرخوارددانی سەدان کورد بە سەگە ڕەشەکان!

دوای ئەوەی دەزگای ئەمنی نیشتمانیی عێراق (جهاز الأمن الوطنی العراقی)، لە ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (٢٠٢٥/٧/٢٩) دا، دەستگیرکردنی عەجاجی لە شارۆچکەی (الضلوعیە)، کە (١٣٠) کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری تکریت دەستگیرکراوە، کە ناوبراو لە ماوەی ڕابردوودا هەم ڕوخساری

خۆی بەهۆی چەند نەشتەرگەری و ناوی خۆی بۆ حسێن محەمەد ئەلسەماوی گۆڕیوە، ئینجا تۆزێک دڵم فێنک بوو، کەمێک باوەڕمکرد و خۆشییەک کەوتە نێو دڵمەوە، کە هیوادارم ئەم هەواڵە ڕاست بێت، سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی کوردی پێشتر تەنانەت کوشتنی ئەویان ڕاگەیاندبوو.

تاکە داخوازیم ئەوەیە لەلایەن نوێنەرانی کوردی باشوور کە بەشداری دادگایی تۆمەتبار عەجاج دەکەن، وەکو چاودێر و شارەزای تاوانەکانی ئەنفال و بواری جینۆسایدی گەلی کوردستان بانگم بکەن بۆ ئەوەی بەشێوەی شارەزای ئەمنی فازڵ ئەبو ڕەغیف چۆن لێکۆڵینەی لەگەڵ لیوا ڕوکن سەعدون سەبری جەمیل ئەلقەیسی بەڕێوەبەری هۆبەی پێنجەمی هەواڵگری سەربازی، هەیسەم عەبدولعەزیز فائق بەڕێوەبەری ئەمن، خەیروڵڵا حەمادی عەبد بەڕێوەبەری ئەمنی بەلەد، شاکر تەها یەحیا بەڕێوەبەری ئەمن، نعمە محەمەد سوهەیل بەڕێوەبەری هۆبەی چوارەم (خوێندکاران) دەکرد و هەمووی تۆمار دەکرد، منیش بە ڤیدیۆ تەواوی تاوانەکانی عەجاجی جەللاد لە کوشتنی سەدان و هەزاران کوردی بێتاوان وەکو بەڵگەی زیندوو بۆ تاوانەکانی ناوبراو، ڕژێمی بەعس، سەدام و حکومەتی عێراقی (١٩٦٨ - ١٩٨٨) لەدژی کورد تۆمار بکەم. هیوادارم گەر بانگهێشت نەکرێم، کەسێکی دیکە کە وەکو ئەفسەر و نوێنەری هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شەهیدان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵکوژی ئەنفال، هەڵەبجە و مافەکانی مرۆڤ، یان وەکو

چاودێر بەشداری لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنەکە دەکات، تەواوی لێکۆڵینەوەکان بە زنجیرە تۆمار و یاداشت بکەن بە مەبەستی بڵاوکردنەوەیان لە داهاتوویەکی نزیکدا لە کەناڵە ئاسمانییە (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی و هەر زمانێکی دیکە) بڵاوبکرێنەوە. خۆزگە گەر هەواڵەکە ڕاستە ئەو ئاواتەم دەهاتە دی، کە پێشتریش بە ئاواتی ئەوە بووم وێنەی تەواوی ژوورەکانی سێدارەی موسڵ کە سەدان و هەزاران کوردی لێ لەسێدارە دراوە بە ڤیدیۆ وێنەیان بگیرێت، بەڵام ئاواتەکەم نەهاتە دی و لەساڵی (٢٠١٤)دا داعش زیندانەکەیان تەختی زەوی کرد.



# مێژووی زارەکی و بەڵگەنامەیی
# جینۆسایدی ئەنفال لە قەڵای نوگرە سلمان ١٩٨٨

عەدالەت عومەر

**سەرەتا**

عجاج احمد حردان التکریتی ناسراو بە حەجاجی نوگرەسلمان دووناوی گرێدراو بە یەک لە یادەوری مێژووی جینۆسایدێکی سامناک و پڕ لە دڕندەیی و توندتیژی بەرامبەر بە هەزاران ئەنفالکراو لە تەمەنی ناو سکی دایکی هەتا نزیک ١٠٠ساڵ بە پێی بەڵگەنامەکان و مێژووی زارەکی کە لە دادگای باڵای تاوانەکان بە دەیان جار لە لایەن شایدحاڵە زیندووە رزگاربووانی شاڵاوەکانی ئەنفال ناوی هات و سەدام و داروودەستەکەی نکۆڵیان لە بوونی کەسێکی وا کرد. هەواڵی گرتنی دەرگایەکی تری لە رووی کەیسی ئەنفال کردەوە و بە دانپێنانی بە تاوانەکانی لە نوگرەسەلمان. حەجاج، جەلاد و گەورە تاوانباری نوگرەسەلمان، لە دوای خۆشاردنەوەی لە ماوەی ٢٢ ساڵ لە رووخانی رژێمی بەعسی گۆربەگۆر دەرکەوت بنەماڵەی تۆمەتبار ساڵانێک بوو بە مەبەستی چەواشەکردنی دەزگا ئەمنییەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە مردووە، حەجاج رۆح و ژیانی خۆی چەند خۆشویستووە، بەس بۆ ئەوەی زیاتر بژیی خۆی مراندووە و ناوی عەشیرەتەکەی خۆی گۆریوە، لەکاتێک و ژیان و رۆحی

هەزاران ئەنفالکراویی بەئەشکەنجە و ئازار و دەستدرێژی لێ سەندن و لە گۆرەبەکۆمەڵەکان زیندە بە چاڵی کردن. بەڵام لە کۆتاییدا لە لایەن دەزگای ئاسایشی نیشتمانی عێراق دەستگیرکرا.

لە راگەیاندنی دەزگاکەدا هاتووە دەزگای ئاسایشی نیشتمانی لە پارێزگای موسەننا، بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی باشووری سەلاحەدین، سەرکەوتوو بوون لە دەستگیرکردنی یەکێک لە دیارترین کەسە داواکراوەکان لە پاشماوەکانی ڕژێمی پێشوو، کە هەڵهاتووە تۆمەتبار عجاج احمد حردان التکریتی ناسراو بە "حەجاجی نوگرەسەلمان". پێشتر وەک ئەفسەری ئەمنی لە زیندانی بەناوبانگی نوگرەسەلمان کاری کردووە.

تۆمەتبار پێشتر لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٥- ١٩٩٠ چەندین پۆستی ئەمنیدا بووە، لەوانە: ئەفسەری کەرتی ڕمیپە، ئەفسەری کەرتی نەجمی، ئەفسەری کەرتی هەلال، ئەفسەری کەرتی پارێزگای موسەنا، ئەفسەری کەرتی بوصییە، لە کۆتای ئەفسەری کەرتی نوگرەسەلمان بووە.

لە سەردەمی دیکتاتۆریەتدا ئەم تۆمەتبارە زنجیرەیەک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامدا؛ بە تایبەتی سەدان هاوڵاتی عێراقی کە زۆربەیان لە نەتەوەی کورد بوون، بە زۆرەملێ نەفیکران و دەست بەسەرکران لە شاڵاوی ئەنفال بۆ پارێزگای موسەننا. ئەم تاوانانە بریتی بوون لە ئەشکەنجەدان و کوشتن و دەستدرێژی سێکسی لەناو ئەو زیندانە بەدناوەدا. بۆیە پێویستە کاری جیدی لەسەر بکرێت و لە دادگای باڵای تاوانەکان، کە بە پێی یاسای

ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ تایبەت بە جینۆساید و تاوانی جەنگ و دژبە مرۆڤایەتی دانراوە بۆ تاوانەکانی ساڵی ١٩٦٨- ٢٠٠٣ دادگایی بکرێت.

لێرەدا تیشک دەخەینە سەر بەڵگەنامەکان بە شێوەی نوسراو و مێژووی زارەکی شایدحاڵە دەربازبوەکانی قەڵای نوگرەسەلمان کە بەشێکن لە ئەرشیفی نەتەوەیی جینۆسایدی کوردستان، کە شێوازێکی لێکۆڵینەوەیە بە شێوەی زارەکی لە شایەتحاڵ کەڵک وەردەگرێت بۆ تۆمارکردن و شیکردنەوەی ڕووداوەکان و ئەو ئەزموونەی تێیدا ژیاوەن و بە بەڵگەنامەکان پشتڕاستی دەکەینەوە. ئەم شێوازە بە تایبەتی لەو توێژینەوەکاندا بەنرخە کە بەدوای تێگەیشتنێکی قووڵتر لە ئەزموونەکانی مرۆڤدا دەگەڕێت، بەتایبەتی ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کە تۆماری نووسراوی پێویستیان بۆ نییە. مێژووی زارەکی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی مێژووی نووسراو و نیشاندانی ڕەهەندە مرۆییەکانی مێژوو. یادەوەری تاڵەکانی ڕزگاربووانی جینۆساید و ئەوەی بەسەریان هاتووە لە ئەو ئازار و ئەشکەنجە دڕندانەی کۆتاییان نایەت، بۆیە ئاشکراکردنی تاوانەکان بە پشتبەستن بە شایدحاڵ و بەڵگەنامە و بۆ هێنانە بەرچاوی جیهان بۆ داکۆکیکردن لە دادپەروەری و بەردەوامبوون، شتێکی بنەڕەتییە. ئەوەی لێرەدا دەیبینن، لەسەر بنەمای چاوپێکەوتنی بەرفراوان لە ٢٠٠٦–٢٠٠٩ لەگەڵ ڕزگاربووانی جینۆسایدی ئەنفالکردنی کورد لە عێراق (کوردستانی باشوور)، کە لەلایەن دەوڵەتی داگیرکەری عێراق

لە سەردەمی ڕژێمی بەعس بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێنەوە ئەنجامدرا. قوربانیان لە قەڵای نۆگرەسەلمان لە باشووری عێراق، لە پارێزگای موسەنا قەزای سەلمان لە بیابانی سەماوە زیندانی کراون. پێش هەڵمەتی ئەنفال زۆربەیان دانیشتووی گوندەکان بوون و خەریکی ژیانی کشتوکاڵی و ئاژڵداری بوون.

ئەم ڕزگاربووانە شایدحاڵی زۆر چیرۆکە تاوانن کە لە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨دوای ئەوەی گوندەکانیان وێران کراو سوتێندرا، بە زۆرەملێ دەستگیرکران بەبێ گوێدانە ڕەگەز، تەمەن، ئایین. زۆربەی ئەوانەی دەستبەسەر کران پێکهاتەی خێزانی بوون لە پیاوانی بەتەمەن و گەنج، ژن و منداڵ کە لە کوردستان بۆ دوورترین ناوچەکانی عێراق گواستراونەوەو لەسەر لێواری گۆرەبەکۆمەڵەکان رمی کران و بەنیوە زیندوویی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا نێژران. ئەوانی دیکەش ڕەوانەی کەمپ و قەڵا سەربازییەکان کران و ئەشکەنجە و ئازار دراوەن تا مردن. لەم ئۆپەراسیۆنەدا ٤٥٠٠ گوند و دە ناوەندی کارگێڕی وەک شارۆچکە و قەزا خاپور و وێران کران.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٣- ١٩٨٨، بە تایبەتی لە شاڵاوەکانی ئەنفالی ٢٨٥ جار چەکی کیمیایی دژ بە گەلی کورد بەکارهێنرا، کە کیمیابارانی شێخ وەسان و بالیسان و گۆپتەپە و عسکەر و برجینی و سێوسینان و هەڵەبجە لە نموونە هەرە دیارەکانن.

شاڵاوەکانی ئەنفال کە بە هەشت قۆناغ لە سەرانسەری کوردستان ئەنجام دراون، ١٨٢هەزار کورد جینۆساید و زیندە

بەچاڵکران. ئەمە جگە لە شایدحاڵ و بەڵگەنامەکان، ڕێکخراوی میدل ئێست ووچ لە ساڵی (١٩٩٢) ڕاپۆرتێکی وردد بە ناوی ”جینۆساید لە عێراق - پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد“ ئاماژەی بە بابەتە کردووە.

## قەڵای نوگرەسلمان

قـەڵای نوگرەسەلمان یەکێک لـە کۆنترین و سامناکترین بەندیخانەکانی عێراقە کە لە ناحیەی سەلمان سەر بە قەزای سەماوە و پارێزگای موسەنایە و نزیک لە سنووری عەرەبستانی سعودیایە، نوگرەسەلمان کە بە عەرەبی (نقرە السلمان یا نکرە السلمان)ە کە لە زاراوەی عەرەبی ناوچەکە بە مانای (چاڵی سلمان) ە، لە ناحیەی سەلمان لە بیابانی سەماوە دوو بەندیخانە هەبووە کە بە نوگرەسەلمانی کۆن و نوێ یان ژمارە یەک و ژمارە دوو ناسراون. کە یەکەمیان لە بیستەکانی سەدەی رابردوو لە لایەن هێزەکانی بەریتانی لەم ناوچەیە وەک شوێنێکی دورە دەست و مەنفا بۆ کونترۆڵکردنی سنورەکان لە قاچاغ و بەرهەڵەستکاران و نەیاران دروستکرا و ئەوەی دووەمیش لە لایەن حکومەتی عێراق لە سەر یەکێک لە گردەکانی سلمان کە لەوەی یەکەم زۆر گەورەتر و سامناکتر بوو دروستکرا کە لێرەدا باسیان دەکەین.

بە پێی زانیارییەکان، قـەڵای نوگرەسەلمان لە باشووری ڕۆژئـاوای بیابانی سەماوەیە و لە سەردەمی پاشایەتی عێراق لە سەر پێشنیاری (ژنراڵ جون باکوت گلوب)ی بریتانی ناسراو

بە (گلۆب پاشا وابو حنیچ) وەک یەکەم بەرێوبەرایەتی ئەمن لە باشووری عێراق دروستکراوە و لە قەڵایەکی دوو نهۆمی دوو بورجی چاودێری پێکهاتبووە کە بۆ کاروباری ئەمنی ناوچەکە و شەرو پێکدادانی عەشایرەکان سودی لێوەردەگیرا، لە پاش زیادبوونی بەندکراوەکان لە نیوان ساڵانی ١٩٤١ تا ١٩٤٨ کرا بە بەندیخانەی نوگرەسەلمان و دواتریش لە ساڵی ١٩٥٣ (١٠) هۆڵی ٣٦ بە پێنج مەتریان لە شێوەی شەمەندەفەر لە ناو حەوشەکە زیاد کرد هەر، وەک ئەو شەمەندەفەرانەی مەرگ کە خەڵکیان پێ رەوانەی نوگرەسەلمان دەکردن، کە بە شەمەندەفەری مەرگ لە بەندیخانەکە و لە لایەن پاسەوانانی قەڵاکە ناسرا بوو لە دوای دروستکردنی هۆڵەکان بە پێی ووتەی خەڵکی ناوچەکە بە لێشاو خەڵکیان رەوانەی نوگرەسلمان دەکرد کە چارەنووسی زۆربەیان تاکو ئیستا نادیارە، بروانە وێنەی خوارەوە.



بەندیخانەی کۆنی نوگرە سەلمان

لە ساڵی ١٩٧٥ تاكو ١٠ كانوونی دووەم ١٩٨٣ قەڵای نوێی نوگرەسەلمان لە دوو نهۆم و چوار بورجی چاودێری دروست کرا، دیزاینی قەڵاکە نەک بۆ بەندیخانە بەڵکو بۆ پۆلیسی بیابان و سەرسنور دروستکرا بوو و دواتر بوو بە بەندیخانەیەک کە دەرباز بوون لێی زیاتر لە خەون دەچوو. بروانە وێنەی خوارەوە.



بەندیخانەی نوێی قەڵای نوگرە سەلمان

هۆکاری ناونانی "نوگرەسلمان" بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ناوچە نزمەکانی ناوچەی سەلمان دروستکراوە، کە دەکەوێتە نێوان بیابانی نەجد و هەفەر و ئەلبەتین و بیابانی سەماوە، کە جگە لە بەدەوی کۆچەر و قاچاخچییەکان زەحمەتە بدۆزرێتەوە.

ئەلفرێد سمعان، پارێزەر و سکرتێری گشتی یەکێتی نووسەران، ئاشکرای دەکات کە بەرپرسی "قاوشی ژمارە ١٠" بووە، کە کۆمەڵێک شاعیر و هونەرمەندی تێدابووە (قاوش وشەیەکە لە

زینداندا لەبری هۆڵ بەکاردێت). سمعان باس لەوە دەکات کە چۆن "دەستنەگەیشتن بە سەلمان و دوورییەکەی لە ناوچە دانیشتووەکان هەستی کۆتایی و بێهیوایی دەچێنێت".

هەڵبژاردنی ئەم ناوچەیە بەڕێکەوت نەبووە. دەربەدەرییە لە بیابانێکی بێکۆتادا کە بە تەپۆڵکەی خۆڵ و بەردی زەق و رەق ناسراوە. نزیکترین ناوچەی نیشتەجێبوون زیاتر لە ٢٠٠کم لێیەوە دوورە. بۆیە هەر جۆرە هەڵهاتنێک لە زیندان مەحاڵە، بە تایبەت کە ئاژەڵە نێچیرەکانی وەک گورگ و هیناس و سەگی کێوی شەو و ڕۆژ لەم ناوچانەدا دەسوڕێنەوە، لە دەوروپشتی قەڵاکە گۆری بە کۆمەڵ و تاکی لێیە کە هەموو ئەوانەی بە ئازار و ئەشکەنجە و برسیەتی و نەخۆشی جۆراجور و سامناکی بەربڵاوی ناوچەیی کە تێیدا بەردەوام بەدی کراوە گیانیان لە دەست داوە بە تاک و بەکۆمەڵ لەوەێ نێژراون، کە لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و رووخانی رژێمی دیکتاتوری بەعس چەندین گۆری بەکۆمەڵ لەنزیک سەماوە لە پارێزگای موسەنا دۆزرانــەوە، ئەم گۆرە بەکۆمەڵانە دەکەونە دەرەوەی شاری سەماوە، واتا لەقوڵایی بیاباندان و بـەرەو نوگرەسەلمان شۆردەبنەوە کە هەشت کم بە دەستە چەپی لای ڕێگای سەماوە، نوگرەسەلمان دایە بەپیی ئەو وێنانەی لەبەردەستدا بوون ١٥ -٢٠ چاڵ هەیە بەتەنیشت یەکەوە، قوڵایی چاڵەکانیش ٦٠تا ٧٠ سانتیمەترن تیمە پشکنەرەکە وایان خەملاند کە نزیکەی ١٥٠٠ تەرمی کەسی تێدابێت و بەپێی بەڵگە و قسەی شایەتحاڵەکانیش دەردەکـەوێـت کەمێژووی

گولەبارانکردنیان بگەڕێتەوە بۆساڵانی ١٩٨٨ و دوو لەسەر سێی ژن و منداڵن کە گەنج و ١٠ کۆرپەی شیرەخوری تێدایە، تیمە پشکنەرەکان تەنها دوو چاڵیان لە سەماوە هەڵدرانەوە بەمەبەستی پشکنین تایبەتی بۆ دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق. دواتریش ٣٤٦ تەرم کە تایبەت بە گۆرەبەکۆمەڵەکانی سەماوە ١٥٩ تەرم و حەزەر ١٨٧ لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکان درایە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە مانگی ٤ ی ساڵی ٢٠٠٦ گەڕاندرایەوە بۆ هەولێر و لە مانگی ٢٠٠٧/١١ لە مەراسیمێک لە دوکان بەخاک سپێردرانەوە.

بەندیخانەی قەڵای نوگرەسەلمان بە درێژایی مێژوو تایبەت بووە بە هەموو ئەو کەسانەی بەهەڕەشە بۆ سەر ئەمنی نەتەوەیی دیکتاتورەکان لە قەڵەم دراون، یەکەم کاروان کە ڕەوانەی بەندیخانەی کۆنی نوگرەسەلمان کراوە لە حەوت کەس پێکهاتووە کە بەناو بانگترینیان مەحمەد صالح بحر العلوم گەورە شاعێری عێراقی بووە کە لە ساڵی ١٩٤١ بەند کران.

لە گرنگترین بەندکراوەکانی گەلی کوردستان لە قەڵای نوگرەسەلمان کە سەدان جۆرە تاوانیان بەرامبەر ئەنجامدرا. وەک کوردە فەیلییەکان لەساڵانی ١٩٨٠- ١٩٩٠و بارزانییەکان لە ١٩٨٣ و ئەنفالکراوەکان لە ساڵی ١٩٨٨ و ئاوارە گەراوەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە وڵاتی ئێران لە هەمان ساڵ بووە و جگە لە وانەش بەندکردنی جووکانی عێراق و ئەندامانی حیزبی شیوعی عێراقی و حیزبی دەعوەی ئیسلامی و کەسایەتی سیاسی

و روشنبیر و نوسەری عێراقی و کوردستانی کە گرنگترینیان محەمەد جمیل رۆژبەیانی نوسەر و میژوو نووسی کورد و شاعیری عێراقی موزەفەر نەواب ە.

سەبارەت بەندیخانەی قەڵای نوگرەسەلمان گەر بمانەوێت بە بەراوەردیک سەربازگەی تۆبزاوا وەک یەکەم ویستگەی ئەنفال وجیاکردنەوەی نێر و مێ گەنج و پیر دەستنیشان بکەین ئەوە نوگرەسەلمان بە ویستگەی کۆتایی ئەنفال دادەنرێت، لێردەا دەتوانین بە پێی بەڵگەنامەکاندا بڵێین سەرجەم بەندییەکان زۆربەی ئەو کەسانەی لە شاڵاوەکانی ئەنفالی یەکەم و دووەم و سێیەم و بەشێک لە چوارەمیش، یەکەمجار ئەوانەی کە لەناوەڕاستی نیسانی ١٩٨٨دا گەیشتن هەزاران گیراوی گوندەکانی قەرەداغ و گەرمیان بوون، پاشان لەسەرەتای مانگی مایسدا ژمارەیەکی لەوە کەمتر لەخەڵکی دۆڵی زێی بچووکەوە گەیشتبوون. لەدوایدا کە کۆتایی مانگی هاوین بوو چەندین پاس ژن و منداڵی خوارووی گەرمیانیان لە بەندینخانەی دووبزەوە هێنا، هەروەها سەدان کەسی گەڕاوە لە ئاوارەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە پێش کۆتایی هاتنی شاڵاوەکانی ئەنفالی کۆتایی لە کاتی گەرانەوە لە سەر سنور دەسگیرو بۆ نۆگرەسەلمان رەوانە کران.

## شایتحاڵەکان لە نوگرەسەلمان

لە بەندیخانەی نوگرەسەلمان بەندییەکان لە ماوەی بەندکردنیان لە رووی جەستەیی و رۆحی بەرە و مردن دەچوون، زۆربەی

شایتحاڵەکان نوگرەسەلمان بە دۆزەخ ناو دەبەن، زۆرجار کە باس لە نوگرەسەلمان دەکرا بە کەمپێک بۆ بە ساڵاچووەکاندا ناوزەد کراوە، بەڵام کاتێک سەیری بەڵگەنامەکاندا دەکەین دەبینین جگە لە ئەوانەی لە ناو سکی دایکیان بوون، لە کۆرپەلەی شیرە خۆری چوار هەیڤی بگرە تا منداڵی ٥-١٢ ساڵان و گەنج و پیر و ژن و پیاو هەمووی تێدایە.

قەڵای نوگرەسەلمان ئەو شوێنەیە بە پێی زانیارییەکان و بەڵگەکان و وتەی شایتحاڵەکان لەسەر دەرگای چوونەژوورەوە نووسراوە" ئەوەی لێرەدا چووە ژورەوە هەموو شتێکی بەسەر دێ و لێی دەرباز نابێت".

لێرەدا باسی قوربانیانی نوگرەسەلمان دەکەم کە بەشێکی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵ شایدعەیانەکانی گەراوە لە سەفەری مەرگ ئەنجامم داوە و بەشێکی باسی ناوەرۆکی بەڵگەنامانە دەکەم کە ناوی قوربانیان و هۆکاری مردنیان تێدایە. لە هەموو بەڵگەکان لە بەشی پیشە بەپێ رەگەز و تەمەن نووسراوە" (ژن یان پیاو یان منداڵی دەستبەسەرداگیراو)" واتە"زیندانی"، لەبەشی ئاین نووسراوە"ئیسلام"، لەبەشی شوناسی ناسنامەدا نووسراوە"عێراقی"، جا وەرە ئیسلام بی و عێراقی بی، ناوی عەمەلیاتی قڕکردن و لەناو بردن و سرینەوەت ئەنفالی سۆرەتی هەشتەمی قۆرئان بێت، ئەوەش ئەوەمان بۆ رووندەکاتەوە مەبەست وسیاسەتی نیزامی دەسەڵاتدارانی بەعسی عەرەبی

شۆڤێنیی لە جینۆساید کردنمان تەنیا لەبەر“ کورد بوون“مان بووە.

بەڵگەنامەکانی ئەنفالکراوانی قەڵای نوگرەسلمان کە یەکێک لە ترسناکترین قەڵا سەربازییەکانی رژیمی بەعسی روخاو بووە کە دەکەوێتە باشووری عێراق لە سنووری پارێزگای موسەننا (المپنی) لە قەزای سەلمانە، بە پێی بەڵگەنامەکان، ئازار و ئەشکنجەدان لە زیندانی نوگرەسەلمان تا رادەی کوشتن بووە، ئەمە جگە لە زیندە بە چاڵکردنی بە کۆمەڵی خەڵکەکە، لەم بەڵگەنامانە هۆکاری مردنی نێر و مێ، گەورەو گچکە وا نوسراوە“ راوەستانی کتوپڕی (جوڵە) سووری خوێن لە ئەنجامی خوین لەبەرچوونی ناوهەناو (نەزیف داخلی) و راوەستانی مێشک (جلتە دماغیە) ”.

ئەم بەڵگەنامانەی مردن (شهادە و فات) لە بنکەی تەندروستی قەزای سەلمان دەرچووە ناوی هەواڵهێنی مردنەکە بۆ هەر هەمووی نووسراوە ”ئەفسەری ئەمنی قەڵای سەلمان“،هەروەها لە بەشی پەیوەندی بە مردووەکەدا نوسراوە“ دەست بەسەردا گیراو لەلایان“، ئەم بەڵگانە لە لایەن پزیشکێک بە ناوی سمیر ودیع شاکر ئیمزا کراوە و بەڵگەنامەی وەفاتیان بۆ دروست کراوە هەر هەمووی بەپێی نووسراوی فەرمی قەڵای نوگرەسەلمان بە ژمارەی و رێکەوتی جوراجور بە ئیمزای ئەفسەری ئەمنی قەڵا نێردراوە لە زۆربەی نوسراوەکاندا واهاتووە“ بۆ ئاگاداریتان مردووەکە هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمی نیە و ئەم بەڵگەنامانەش لە سەر داوای ئەفسەری ئەمنی قەڵای سەلمان رێک خراوە نابێت بە

هیچ کەسێک بدرێت ".

ئەمەش بیروکلتووری توندوتیژی و پاوانخوازی عەرەب بەتایبەتی سیاسەت و نیزام دەسەڵاتدارانی عەرەبی بەعسی عێراقی شۆڤێنیە لە جینۆساید کردنمان بەس لەبەر" کورد بوون" چونکە لە ئایدۆلۆژیەتی ڕژێمی بەعس هەموو ئەو نەتەوانەی کە لە ناو خاکی عەرەبدا دەژین بیانین و هیچ مافێکیشان ناکەوێت، ئەم بۆچوون و تێڕوانینە شۆفینستیە لەمەڕ کێشەی کەمە نەتەوەکان زۆر ڕوون و ئاشکرا لەبیروڕایان دەردەکەوێت.

یەکێک لە رزگاربووانی نوگرەسەلمان تا رۆژی بەر بوونی ٥٢٠ کەسی ژماردووە کە لە ژێر ئەشکنجەدا گیانیان لە دەست داوەو بە پێی ووتەی کارمەندانی بنکەکە ئەوان بەس بەڵگەنامەی وەفاتیان بۆ قوربانیان بە ناوی ئەو کەسانەی دروست کردووە کە بە نووسراو بۆیان هاتووە، بەڵام هەرگیز تەرمەکانیان نەهاتووتە لایان لە بنکە تەندروستیەکە.

مام نوری* شاید عەیانیکی دەربازبووی ئەنفال دەڵێت" لە نوگرەسەلمان دوو عەرەبانەی شکاوی لێ بو، عەرەبانەی دەستی یەک تایە، ئەو کەسانەی دەمردن لە سەر ئەو عەربانە دایان دەنا، جار هەبوو بەیانیان کە هەڵدەستاین شەش مەیتیان لەسەر دانا بوو. هێندێکیان ئەوندە مابوونەوە بۆگەن ببوون، زۆرجار مەیتەکان بەردەبوونەوە، خاکەنازێک و باڵتەیەکی شکاومان لا بوو خۆڵەکەش زۆر رەق بوو هەڵنەدەکەندرا ئەوە ناشتن نەبوو، فرێدان بوو، چونکە تۆزێک خۆڵمان دەکرد بە سەریاندا و دوای

ئێمە سەگ مەیتەکانی دەخوارد. چونکە سەگی بەرەڵای زۆر لێ بوو.

مام نوری لە بەردەوامی قسەکانی وا باسی قەڵای نوگرە سەلمان دەکات و دەڵێت ”نوگرەسەلمان دۆزخێک بوو دەتگووت رۆژی حشرە لە نوگرەسەلمان زۆرمان برسی و تینوو بوو چونکە لەماوەی شەو و رۆژێکدا هیچیان نەداینێ، کابرایەک (حمە صدقی) ناوو بوو خەڵکی (دارەختیار) بوو هاواری کرد وتی نانمان بەنێ وا لەبرسا مردین هاتن زۆریان لێدا بەس لەبەر ئەوەی داوای نان و ئاوی کرد، لە نوگرەسەلمان قاعەکان زۆر پیس بوون، بە سەدان کەس زیاتر لە قاعەکاندا بوون، جێگای خەوتنمان نەبوو لە سەر لاتەنیشت ئەخەوتین، ژەمی سەمونێک کە نازانین لە چی دروستکرابوو لەگەڵ یەک تۆز ئاو، ئەوشەش مانگە دەممان لە هیچ چێشتێک نەدا جگە لەو سەمون و ئاو، سێ مانگ بوو گیرا بووین وتیان شووتیتان بۆ دێنین ناردیان بۆ سەماوە بۆ شووتی، شووتیان هێنا لەهەر قاوشێک دوو کەسیان بانگ کرد تاکو دابەشی بکەن بە سەرماندا، شەو رۆژێک ئەو پیاوانەیان هیناو برد، شووتیەکان بۆگەنیان کردبوو، یەکی قاژێکیان داینێ زۆر کەس هەر نەی خوارد فرێیان دا منیش فرێم دا زۆر پیس بوو“.

لە بەشێکی تری قسەکانی دەلێت ”لە وانەی کە مردن ئافرەتێک بوو ناوی (فاتمە محمد**) کە ئامۆزای خێزانەکەی من بوو خەڵکی (ئاغجەلەر) بوو، رۆژێک تێنویەتی تەنگی پێ هەڵچنی

بوو، بەبێ ئێزن چوو لە حەوشەکەدا ئاو بهێنێت تەنکەرێکیان لەوەێ دانا بوو، تا دەستی برد بۆ ئاوەکە سەربازێک یەک بە هەموو تینی خۆی شیشێکی کێشا بوو بە پشتیدا و تا هێنامانە ژورەوە مرد. (هەر بۆ زانیاری یەکێک لە بەڵگەنامەکان بەناوی فاتمە محمد)ە.

دواتر ووتی"هەر خەڵکی گوندەکەی ئیمە نزیکەی١٠ کەس مردن، ئینجا ئەوەی داوای نان یان ئاوی بکردایە لە کاتی سەمون دابەش کردندا دەیان گرت وسەرەوخوار بەدار هەڵیاندەواسی و پەڕۆیان لە بەرلووتیان دەسوتاند.

لە چاوپێکەوتنێکی تر کە لەگەڵ شایدعەیانێکی رزگاربووی نوگرەسەلمان بەناوی مام جبار دانیشتوی بنەسڵاوە لە هەولێر ئەنجامم داوە لە بارەی حەجاج پرسیارم لێکرد؟ ووتی"بەرێوەبەری سجنەکە ناوی (عەجاج یا حەجاج) بوو، پێم ووت وابزانم ئەو کەسە عایدی ئەمن و ئیستخبارات بوو ئایا لەبەر دڵڕقی ئەو نازناوەیان داوەتە؟ وتی نازانم بەڵام هەرچی ئازارو و ئەشکەنجەدان و شتی خراپ بوو بە ئەمری ئەو بوو.

لە بەشێکی تری قسەکانی ئەو شایدعەیانە دەڵێت "یەکێک لە ئازارو ئەشکنجانەی حەجاج دڵی زۆر پێخۆش دەبوو ئەوە بوو نیوەرۆیان لەم گەرمایە ئەیان هێنایە دەرەوە بۆ بەر خۆرەکە سەعات و نیوێک لەو بەر خۆرە گەرمە دەبوو سەیری خۆرەکە بکەین ئەوەی تەماشای نەکردایە لێیان ئەدا، ئەوە تەعزیبێکی زۆر قورس بوو بۆ ئیمە چونکە تەمووز بوو گەرمایەکی زۆر بەتین

بوو. ئێمەش ئەو تاقەتەمان نەمابوو، خەڵک هەبوو ئەبورایەوە هەبوو لەو تەعزیبدانەدا دەمرد و ئیمەش هەر بە مەیتی دەمانبردنە ژوورەوە.

شایدعەیانێکی تری نوگرەسەلمان بە ناوی ئامینە دەڵێت "پاش چوار مانگ نۆگرەسەلمان نەخۆشەیەکی تێکەوت شەوی وا هەبوو (٣٠- ٤٠)کەس دەمرد. هەموو ئەوانەی دەمردن لەشیان رەش و رەق دەبوون بە جۆرێکی سەیر باریک دەبوون کەس نەیدەناسینەوە، هەموشی لەبەر پیسی و بێ خواردنی بوو، لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا یەک کەس خۆی نەشۆری

لەیلا ئەو کچەی لەکاتی ئەنفالکردنیان تەمەنی سێزدە ساڵان بوو و ماوەی شەش مانگ لەگەڵ دایکی لە نوگرەسەلمان زیندانی بووە ئەو دەلێت" کۆمەلێک کۆر و کچی گەنج بووین هەموو بەیانیان تاکو ئیوارە ئاودەستەکانیان پێ خاوین دەکردین کە حەوت ئاودەست بوون، شەشیان بە چیمەنتۆ سەب کرا بوو، ئەوەی حەوتەم کراوە بوو ئێمە دەبا هەموو رۆژێک هەموو ئەو پیسایی شەش ئاودەستەکانمان بردبا و لە ئاودەستی حەوتەم بەتاڵمان کردەبا کە پیرەمێردەکان دەیانووت هەمووی دەرژێتە ژێرزەمینێک (مەنهۆڵێکی گەورە) کە بەردەوام بەندیەکان تیدا ئەشکنجە دراوەن، ئەمە تەعزیبێکی زۆر قۆرس بوو ئیستاش پێستی جەستەم لەبەر ئەو پیساییە تووشی جۆریک لە نەخۆشیەکانی پێست بووە، کە تەماشای جەستەم کرد زۆر بێتاقەتی کردم هەموو جەستەی پەڵە پەڵە ببوو.

مام ئەحمەدی گەراوەی نوگرەسەلمان یش دەلێت "ماوەی هەفتەیەک بە ئەمری حەجاج لە ژێر زەمینێک ئەشکنجەدرام جێگایەک بوو کە بەردەوام پیسایی تیدا دەرژا لە سەر ئەوەی وتم ئیوە خواتان نیە بۆ وا لەم ژن و منداڵان دەکەن.

لە بەشێکی تری قسەکانی مام ئەحمەد وتی" حەجاج لە سەر نوێژ و رۆژو گرتن خەڵکی فەلاقە دەکرد ودەیگووت نابێ کەس لێرە نوێژ بکات و (مەمنوعە سوجدە بۆ خوا بەرن دەبی هەمووتان سوجدە بۆ من بەرن) هەورەها ئەو دەڵێت: رۆژیک خەریکی نوێژ کردن بووم لەناکاو قامچییەک بە سەرم کەوت بریسکە لە چاوم هەستا و کەوتمە سەر ئەرز حەجاج ووتی جارێکی تر سەروخوار بەدار هەڵت دەواسم و پەڕۆ لە ژێر لووتت دەسووتێنم ئەگەر سوجدە بۆ خوا بەری.

شاید عەیانێکی تر بە ناوی فاتیمە دەلێت "ئاوی نوگرەسەلمان زۆر پیسبوو، سوێر و تاڵ و پر لە وردە شت بوو، پر بوو لە مردن خەڵکەکە لە ناچاری و تێنویەتی دەیخواردەوە و دواتر پێی دەمرد، شەوێک ١٠٠ کەس زیاتر پێکەوە مردن مێرد وکۆرەکەی منیشی تیدا بوو وەک شێتم لێ هاتبوو تا بەیانی باوەشم پییان کرد ولەسەریان گریام، بەیانی لاشەی مردووەکانیان برد بۆ دەرەوەی قەڵا خەفەتم دەخوارد دەبێ سەگ بەرەڵاکانی نوگرە چییان لەم مەیتانە کردەبێت، پاش چەند رۆژێک زانیمان ئەو رۆژە چوونکە ژمارەی مردووەکان زۆر بووە حەفارەیان هیناوە

و هەموویانیان پێکەوە خستووتە ژێر خۆڵەوە بەم خەبەرە تۆزێک دڵم خۆش بوو کە خاک بە نسیبیان بوو".

عەدالەت تاڵەبانی شایدعەیانێکی دەربازبووی نوگرەسەلمانە لەبەشێکی کتێبەکەی بەناوی"ئەنفال ونهێنییەکانیدا"دەلێت" لەکاتی ئازاردانی جەستەی ئەوا بە نوێترین شێوەی ئازاردان بەندییەکانیان دەکوتا، بۆ نموونە (بوتڵە شوشەیەکی ئارەق یان بیرەیان لەنیوەڕا دەشکاند ئیتر ئەوەی دەمایەوە وەکو پەنجەی دەست تیژ بوون، بەندییەکانیان ناچار دەکرد لەسەری دابنیشن‌و زۆربە توندیش دەستیان دەنابەسەرشانیان بۆ ئەوەی ئەو شوشەشکاوە بچێتە ناوگیانیان، ئینجا خوێن وەکو جۆگای ئاو لەلەشیاندا دەچۆڕاوەو هیچ چارەسەرو دەرمانێکیش نەبوو، جاری واش هەبوو ئامێری سێکسی جهاز التناسلی پیاوەکاینان بەپلایز دەگوشی تالە هۆش خۆیان دەچوون.

لە بەشێکی تردا دەلێت "لە قرچەی گەرمای هاویندا رۆژانە یەک دوو ئافرەتیان ئەهێنا دەرەوە و بە عەمودەکانی ناو حەوشەی بەندیخانەکە هەر لە بەیانی تاکو نیوەرۆ ئەیانبەستنەوە هەتا ئەبورانەوە و نەدەبوایە کەسیش نزیکیان بکەوێتەوە شەوانیش کە سەربازەکان سەرخۆش دەبوون بە زۆری لولەی چەک و لە ژێر هەڕەشەدا گۆرانیان پێ دەگوتن و هەڵپەڕکێیان پێ دەکردن. مام نوری لە بەشێکی تری بەسەرهاتەکەی لەبارەی حەجاج دەلێت ". حەجاج هەر بە دەستی خۆی لە بەر چاوی ئیمە حەوت کەسی بەدار کوشت، لە قاعەکان دەگەڕا لە حەرەساکانی دەپرسی ئەو

ژن و منداڵانە هەموویان پێشمەرگەن؟! حەرەسەکانیش لە وەڵامدا دەیانووت" بەڵێ هەموویان پێشمەرگە وتاوانبار وخیانەتکارن جا بەدەم پێکەنینەوە دەهات و سووکایەتی بە ئافرەتەکان دەکرد و ئەو ئافرەتانەی سکیان هەبا بە سۆندە لە سکی دەدا دەیگوت مادام ئەوانە کوردن و خیانەتکارن نابێ بیمێنن" لەبەشێکی تری قسەکانی لە بارەی ئافرەتەکان دەڵێت" هەر ئافرەتێکیان بانگ دەکرد ئەگەر هاتەباوە ناو قاعەکە کزو مات دەبوو ئەگەر نەهاتباوە ئەوە کەس نەی دەزانی چییان لێ بە سەر دەهات، پرسیم ئەی ئافرەتەکان هیچیان نەدەگووت وتی بە دایک و خۆشک یان پیرەژنانەکانیان دەوت کە دەستدرێژیان کراوەتە سەر ئەوانیش بۆ ئیمەیان باس دەکرد، بەڵام دەسەڵاتمان نەبوو، ئەی هاوار چیمان کردەبا بە خوا قەت بیرم ناچیتەوە ئەی ئەو هەموو کچ و کۆر گەنجەیان چ لێ کرد بۆ کوێیان بردن؟

بەردەوام دەبێ و دەڵێت: شەوێک سەعات ١٢ی شەوبوو حەجاج هات بەدەم جێنودانەوە گووتی وەرنەدەرەوە وامدەزانی ئێوەش وەک بارزانیەکان ئێرە دەبێتە قەبرتان، بەڵام بەداخەوە ئێوە بەردەبن، ئێمە تا ئەو کاتە نەماندەزانی مەوزوعی بارزانییەکان چییە مەگەر تاک وتەرا نەبێت، کە حەجاج ئەو قسەیەی کرد، ئیتر زانیمان کە بارزانییەکان هەموویان تیاچوون ترسێکی زۆر کەوتە دڵمان گووتمان بە خوا ئێمەش وەکو ئەوانمان بە سەر دێت، ئەوانە درۆمان لەگەڵ دەکەن کەس باوەڕی پێیان نەبوو، وتمان دەمانکەنە ناو چاڵێکەوە، لە پاش ئەم قسانە دەستیان کردبە

لێدانمان بە سۆندە و دار و شیش زۆریان لێداین و بردنیاینەوە ژوورەوە، هەمووی جێی گۆڕا کەس جێی خۆی نەدۆزیەوە دواتر هاتنەوە ووتیان (٥٠٠) کەسمان دەوێت دەیان بەینەوە بۆ سلێمانی بەرتان دەدەین، کەس باوەری نەبوو خەڵک خۆی دەشاردەوە. وایان دەزانی بۆ کوشتن دەیانبن. ئیدی هاتنە ناو قاعەکان بە سۆندە و دار وجبەیەکی (٥٠٠) کەسیان تەواو کرد و و سواری سەیارەیان کردن رەوانەی سلێمانیان کردن.

ئێمە ئاخر قافڵە بووین و سواری سەیارەیان کردین ساعەت ١٢ی شەو بوو بردیانین بۆ سەماوە هەموومان چڵکن و ریشمان هاتبوو، لە سەماوە وتیان ئەبێ خۆتان بشۆن، هەموومان بە زۆر خۆمان شۆری کۆیان کردینەوە لە ساحەیەکدا ووتیان ئیوە تەعزیبی زۆرتان دیت هەر کەس لە هەر کوێ باسی بکات، بێ یەک و دوو ئیعدام دەکرێت بێ مەحکەمە، چونکە زۆر لە سەر حکومەت دەکەوێت ئەگەر ئەوەی بەسەرتان هاتووە باسی بکەن، دەبی بڵێین حکومەت بۆ ئێمە زۆر باش بووە، خزمەتی کردوین هەر لەبەر ئەوەش وتیان خۆتان بشۆن بۆ ئەوەی خەڵک بەو شێوە پیسە نەمان بینن، لە سەماوە سێ شەو ماینەوە خواردنیان داینە پاش سێ رۆژ ساعات دووی پاش نێوەڕۆ، سواری سەیارەیان کردین، هەر هەمان ئەو سەیارانەی کە پیشتر ئێمەیان بۆ نوگرەسەلمان بردبوو. شەو هاتینەوە بۆ تۆبزاوە هەر ئەو جێگایە ناو نوسیان کردین و لە یەکتری جیایان کردین لە قاعەیەکدا دایان ناین بەیانی بەزیلی عسکەری باریان کردین بۆ

سلێمانی ئینجا شارەکانمان بینی چونکە زیلەکان سەریان بەتاڵ بوو کەگەیشتینە سلێمانی لەوێ خەڵک و خزم لێیان ئەپرسین کوا کوڕەکانتان؟ کوا کچەکانتان؟ ترسێکی گەورە کەوتە دڵمان ئێمەش ووتمان ئەی لێرەنین؟ وتیان نەخێرجگە لەم چەند وجبەیەی ئیوە کەسی ترلە وانەی گیرابوون بەرنەبووینە نە منداڵ و نە کچ و کوڕ و نە پیاوی گەنج. یانی لە سەماوە درۆیان لەگەڵ کردین ووتیان کوڕ و کچەکانتان وا لە سلێمانین لای شێخ جەعفەرن کە ئەوسا پارێزگاری سلێمانی بوو، وا خەریکی مزاهەرەن داوای ئێوە دەکەن ئیوەش لە بەر خاتری ئەوان بەر بوون حکومەت بەقسەی کردوون، ئینجا دواتر هێنایانین بۆ چەمچەماڵ لە رێگا هەر دوعام دەکرد کە ئەم شتانەی گوێم لێ بووە درۆ بێت و کوڕ و کچەکانمان گەڕابنەوە هەر لەم فیکرانە دابووم وتیان گەیشتینە چەمچەماڵ دایانبەزاندین بەبێ ئەوی یەک فلسمان پێبێت و بەلاَم هیوایەتێک لە دڵمان بوو ئەویش دیتنی دووبارەی کەس وکارمان و گەڕانەوە بۆ کوردستان بوو، پێیان وتین هەر کەسێک لە جادەی قیر لابدات و بچێتەوە بۆ لادێ ئیعدام دەکرێت، ئەوەی خزم و کەسی هەبوو چووە ماڵی خزم و کەس و کاری خۆی ئەوەی کەسیشی نەبوو لەسەر جادە مایەوە، خەڵک بە خێری خۆی ئەیان بردنەوە بۆ ماڵ و جێگا و خواردنیان ئەداپێیان، منیش چووم بۆ لای برایەکم ماڵی لە تەیناڵ بوو کە گەیشتمە ماڵی براکەم ئەو کاتە زانیم سەرم چوو ماڵیشم چوو، ئیستاش وا دەبینی شکات لە سەدام دەکەم.

## پەراوێز:

*مام نوری: (نوری عبدالرحمن محمد) لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٢ گوندی جەلەمۆدی ناحیەی ئاغجلەری قەزای چەمچەماڵ. خۆی و خێزاکەی و دووکچی و کوڕێکیشی بە ژن و منداڵەکانیەوە ئەنفال کراون، کە بەس خۆی و خێزانی لە ئەنفال رزگاریان بووە و یەکێکە لەوانەی کە، وەک شایەتحاڵی ڕزگاربووی نۆگرەسەلمان و هەڵمانبژارد بۆ ئەوەی لە ٤-٦ی ئازاری ٢٠٠٤ دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لەگەڵ ئەندریاس ماڤرۆماتیس سکرتێری کۆمیسیۆنی باڵای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عەممان کۆببێتەوە. لە کۆبوونەوەکەدا چیرۆکی خۆی و میللەتەکەی گێڕایەوە، کە لە کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان (ژمارە ٦٠ خاڵی ٩) لە ١٦ی نیسانی ٢٠٠٤ کە ساڵیادی کیمیابارانی شێخ وەسان و بالیسان و کوشتنی بەکۆمەڵی کورد بوو، ئاماژەی پێکرا. کۆبوونەوەکە

سێ شایەتحاڵی لەخۆگرتبوو. کۆبوونەوەی نێوان مام نوری و ئەندریاس ماڤرۆماتیس لە دوای ئەوە بوو کە ئێمە لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٣ لەگەڵ ئەندرێاس لە عەممان کۆبووینەوە و داوای شایدحاڵی تاوانەکانیان لێکردین. (زۆر بەداخەوە مام نوری لە ساڵی ٢٠١٤ کۆچی دوایی کرد). رۆحی شاد و یادی بەخێر.

** بەڵگەنامەی فاتمە محەمەد کە مام نوری باسی بەسەرهاتی کرد لە ناو بەڵگەنامەکاندا هەیە لە لیستی ناوکان ژمارەی ٢٦.

ناوی بەشێک لە قوربانیانی نوگرەسەلمان بە پێی بەڵگەنامەکانی بنکەی تەندروستی قەزای سلمان لە کۆی هەزاران قوربانیتر کە تاکو ئیستا لە ناو گۆرەبەکۆمەڵەکان بێ ناو نیشان لە ژیر لمی بیابانی عەرەبدا ماونەتەوە، کە بە پێی ووتەی کارمەندانی بنکەکە هەرگیز لاشەی قوربانیان نەهاتووتە لایان بەم شێوەیە:

| ژ | ناوی سیانی | ساڵی لە دایکبوون | شوێن | شوێنی دەست بە سەر بوون | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەلێکە تاهیر جوهرقادر | ١٩٧٨ | نەوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١١٦لە ١٩٨٨\٦/١٤ |
| ٢ | دانە حسن رسول | ١٩٨١ | چەمچەماڵ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١١٦لە ١٩٨٨\٦\١٤ |
| ٣ | رەزا محمد شەریف | ١٩٠٧ | دوکان | نوگرە سەلمان | بە نووسراوی نهێنی ژمارە ١١٧ لە ١٩٨٨\٦\١٥ |
| ٤ | شیرین صالح حسین محمد | ١٩٨٤ | کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١١٧ لە١٩٨٨\٦\١٥ |
| ٥ | فاتح حسن سولتان | ١٩٨١ | نەوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١١٧ لە ١٩٨٨\٦\١٥ |
| ٦ | کریم عزیز ئەمین | ١٩٥٧ | سەنگاو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١١٧ لە ١٩٨٨\٦\١٥ |
| ٧ | سۆزە حسن قادر | ١٩١٨ | سووورداش | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١١٧لە ١٩٨٨\٦\١٥ |
| ٨ | نەزیرە حسین علی | ١٩٨٧ | نەوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١١٧لە ١٩٨٨\٦\١٥ |
| ٩ | زوهرە عبید رسول | ١٩٣٧ | شوان | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٢١ لە ١٩٨٨\٦\١٦ |
| ١٠ | حمید محمد محمود | ١٩٠٣ | چەمچەماڵ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ژمارە ١٢١ لە ١٩٨٨\٦\١٦ |
| ١١ | صالح ئەحمەد حمد | ١٩٠٨ | کویسنجق | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ژمارە ١٢٢ لە ١٩٨٨\٦\١٨ |
| ١٢ | زیرەك خورشید حسن | ١٩٨٥ | دوز | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٢٤لە ١٩٨٨\٦\١٨ |
| ١٣ | علی حسین علی | ١٩٨١ | نەوجول | نوگرە سەلمان | بە نووسراوی نهێنی ژمارە ١٢٥ لە ١٩٨٨\٦\١٨ |
| ١٤ | حسین احمد سعدون | ١٨٧٨ | کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٢٥ لە١٩٨٨\٦\١٨ |
| ١٥ | حسین محمود حسن | ١٩٠٨ | چەمچەماڵ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٢٥ لە١٩٨٨\٦\١٨ |
| ١٦ | پشتیوان رشید محمد | ١٩٨٥ | قادرکەرەم | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٢٢لە١٩٨٨\٦\١٨ |
| ١٧ | فاتمە حیدر عزیز | ١٩٢٨ | قادرکەرەم | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٢٢لە ١٩٨٨\٦\١٨ |
| ١٨ | عبدالرحیم کاسمە سور | ١٩١٠ | قادرکەرەم | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٢٤ لە ١٩٨٨\٦\٢٠ |
| ١٩ | سوارە حسن ابراهیم | ١٩٨٧ | قادرکەرەم | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٢٤ لە ١٩٨٨\٦\٢٠ |
| ٢٠ | محمد سلیمان خدر | ١٨٩٨ | چەمچەماڵ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٢٤ لە ١٩٨٨\٦\٢٠ |
| ٢١ | سوعاد خورشید فەریق | ١٩٨٠ | کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٢٢ لە ١٩٨٨\٦\١٨ |
| ٢٢ | یونس جوهر فتاح | ١٩٠٨ | نەوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ١١٢ لە ١٩٨٨\٦\٢٣ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٣ | بیستون خورشید فەریق | ١٩٨٧ | تیلەکۆ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ١١٢ لە ١٩٨٨\٦\٢٣ |
| ٢٤ | رابیعە حمە توفیق | ١٩٤٢ | سەنگاو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ١٣٨ لە ١٩٨٨\٦\٢٩ |
| ٢٥ | سویبە محمد ابراهیم | ١٩٧١ | نەوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ١٣٨ لە ١٩٨٨\٦\٢٩ |
| ٢٦ | فاتمە محمد لاوە | ١٩١٨ | ئاغجەلەر/ چەمچەماڵ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٤٧ لە ١٩٨٨\٧\١٩ |
| ٢٧ | قادر فرج موالی | ١٩١٣ | تیلەکۆ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٣٢لە ١٩٨٨\٦\٢٣ |
| ٢٨ | خۆرشیدە رحیم عارف | ١٩٣٣ | تیلەکۆ | نوگرە سەلمان | بە نووسراوی نهێنی ژمارە١٣٨ لە ١٩٨٨\٦\٢٩ |
| ٢٩ | عبداڵلە حمەصالح محمود | ١٩٣٢ | قرەداغ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٣٨ لە١٩٨٨\٦\٢٩ |
| ٣٠ | سعید بێجان محمود | ١٩٢٨ | سەر قەڵا/ کفری | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٣٩ لە١٩٨٨\٧\١ |
| ٣١ | نەرمین لەفزڵە جاسم | ١٩٢٣ | نەوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٣٩ لە١٩٨٨\٧\١ |
| ٣٢ | صبریە محمد احمد | ١٩٤٨ | سەر قەڵا/ کفری | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٣٩لە ١٩٨٨\٧\١ |
| ٣٣ | ابوبکر محمد | ١٩٨٥ | دوکان | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٣٩ لە١٩٨٨\٧\١ |
| ٣٤ | شێرکۆ علی حسن | ١٩٨٥ | سەر قەڵا/ کفری | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٣٩ لە ١٩٨٨\٧\١ |
| ٣٥ | بستیە کاکەخان رەمەزان | ١٩١٨ | باوەنور | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی ژمارە ١٤٢ لە ١٩٨٨\٧\١٤ |
| ٣٦ | ناوی یەکەمی دیار نیە ناوی باوکی عوسمان احمد | ١٩٨٤ | تیلەکو/کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٤٢ لە ١٩٨٨\٧\١٤ |
| ٣٧ | محی الدین محمد امین | ١٩٢٨ | نەوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٤٢ لە ١٩٨٨\٧\١٤ |
| ٣٨ | حمید مجید احمد | ١٩١٣ | تیلەکۆ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ١٤٧ لە ١٩٨٨\٧\١٩ |
| ٣٩ | حەبیبە حمید سعید | ١٩٣٠ | تیلەکۆ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ١٤٧ لە ١٩٨٨\٧\١٩ |
| ٤٠ | زوهرە سەفر رۆستم | ١٩٨٥ | عزیز قادر | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ١٤٧ لە ١٩٨٨\٧\١٩ |
| ٤١ | شەونەم محمد صالح | ١٩٧٣ | سورداش | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ١٤٧ لە ١٩٨٨\٧\١٩ |
| ٤٢ | کراس حسین عبداڵلە | ١٩٢٨ | تیلەکۆ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٥١ لە ١٩٨٨\٧\١١ |
| ٤٣ | احمد مستەفا خونچە | ١٩٢٨ | چەمچماڵ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٥١لە ١٩٨٨\٧\١١ |
| ٤٤ | غیدان احمد محمود | ١٩٣٢ | نەوجول | نوگرە سەلمان | بە نووسراوی نهێنی ژمارە١٥١ لە ١٩٨٨\٧\١١ |
| ٤٥ | قادر محمد محمود | ١٩٨٥ | تیلەکۆ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٥١ لە١٩٨٨\٧\١١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤٦ | صابر حسن عبدالله | ١٩٢٥ | خەلیفان | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٥٤ لە١٩٨٨\٧\١٣ |
| ٤٧ | صابر حمە صالح | ١٩٣٨ | سەنگاو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٥٤لە١٩٨٨\٧\١٣ |
| ٤٨ | صالح نصرالله علی | ١٩٣٨ | تیلەکۆ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢٠٠ لە ١٩٨٨\٨\٢٦ |
| ٤٩ | عەباس محمود احمد | ١٩٠٨ | سەر قەڵا | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٠٠ لە١٩٨٨\٨\٢٦ |
| ٥٠ | ئاکۆ بکر محمد | ١٩٨٧ | تیلەکۆ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢٠٠ لە ١٩٨٨\٨\٢٦ |
| ٥١ | عایشە احمد رسول | ١٩١٨ | قرەداغ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢٠٠ لە ١٩٨٨\٨\٢٦ |
| ٥٢ | خانم سلیمان قادر | ١٩٠٨ | سەنگاو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢٠٥ لە ١٩٨٨\٨\٢٨ |
| ٥٣ | حبیبە احمد چینە | ١٩١٣ | قادر کەرەم | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ٢٠٥ لە ١٩٨٨\٨\٢٨ |
| ٥٤ | سبایە ابراهیم عبدالقادر | ١٩٨٨ | سەر قەڵا | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ٢٠٥ لە ١٩٨٨\٨\٢٨ |
| ٥٥ | عمر یان حمد محمد رەزا | ١٩٢٨ | ئاغجەلەر/چەمچەماڵ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ٢٢٢ لە ١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٥٦ | علی سەمین بارام | ١٩٠٨ | شیروان/کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ٢٢٢ لە ١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٥٧ | ئاسکە عبدالمحمد عزیز | ١٩٦٣ | هەڵەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ٢٢٢ لە ١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٥٨ | بەهیە علی عبداللە | ١٩٣٢ | چەمچەماڵ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢٢٢ لە ١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٥٩ | علی سمیر بەهرام | ١٩٠٨ | کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢٢٢لە ١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٦٠ | ئاسکە عبدالمحمد عزیز | ١٩٦٣ | هەڵەبجە | نوگرە سەلمان | بە نووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٦١ | بەهیە علی عبداللە | ١٩٣٢ | تیلەکۆ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٦٢ | صالح محمود علی | ١٩٦٤ | هەڵەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٦٣ | سلمی عبدالرحمن مستەفا | ١٩٦٢ | هەڵەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٦٤ | سەردار حمە صالح حمە | ١٩٨٥ | سەرقەڵای کفری | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٦٥ | علی قادر اسکندر | ١٩٢٨ | توێڵە/ هەڵەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٦٦ | شادیە محمد عوسمان | ١٩٨٤ | بیارە/ هەڵەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٦٧ | ناسکە صالح علی | ١٩٤٢ | سەرچنار/سلێمانی | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٦٨ | علی سمین بهرام | ١٩٢٨ | هەڵەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢١٦ لە١٩٨٨\٩\١٠ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٩ | محمد سعید فتاح | ١٩٢٧ | نوجول/دوز | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٤ لە١٩٨٨\٩\١٩ |
| ٧٠ | مغدید هەمزە حمد | ١٩٢٤ | خەلیفان/ دیانا | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٧١ | سوسن سعید لەتیف | ١٩٣٣ | تیلەکو/کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٧٢ | سرباز نادی محمد | ١٩٨٢ | سەرچناری کفری | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٧٣ | نارنج حسن فتاح | ١٩٢٣ | تیلەکو/کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٧٤ | جبار اسماعیل رەحیم | ١٩٨٧ | کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢لە ١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٧٥ | سلمی حمەصالح قادر | ١٩٤٨ | هەڵەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٧٦ | عایشە حیدر رشید | ١٩٥٨ | هەڵەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢٢٢ لە ١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٧٧ | بەهیە محمد صالح | ١٩٢٨ | چەمچەماڵ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢٢٢ لە ١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٧٨ | عایشە حسین باباحسن | ١٩٠٨ | چەمچەماڵ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢١٦ لە ١٩٨٨\٩\١٠ |
| ٧٩ | سەعید محمود حسن | ١٩٢٣ | چەمچەماڵ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ٢١٦ لە ٩\١٠ ١٩٨٨\ |
| ٨٠ | محمد عبدالرحمن سەعید | ١٩١٨ | هەلەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ٢١٦ لە ١٩٨٨\٩\١٠ |
| ٨١ | حەلاوە صابر محمد | ١٩١٣ | کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ٢٢٢ لە ١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٨٢ | اللهکەریم سید احمد عزیز | ١٩٢٦ | هەڵەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ٢٢٢ لە ١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٨٣ | نارنج حسن محمد صالح | ١٩٤٢ | کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە ١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٨٤ | نەبەز یاوەر محمد | ١٩٨٣ | کفری | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢٢٢لە ١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٨٥ | کویستان یا گوڵشان حمەخان قادر | ١٩٨٠ | هەلەبجە | نوگرە سەلمان | بە نووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٨٦ | نازنین عوسمان روستم | ١٩٥٨ | کفری | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٨٧ | اکبر احمد علی شەریف | ١٩٨٦ | هەلەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٨٨ | هونەر عومەر احمد | ١٩٨٤ | کەلار | نوگرە سەلمان | بەنوسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٨٩ | ئامینە کریم سعداللە | ١٩٣٨ | کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢لە ١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٩٠ | شیلان فایق صالح | ١٩٨٠ | هەلەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٩١ | شیوە فایق صالح | ١٩٨٤ | هەلەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢٢٢ لە ١٩٨٨\٩\١٨ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩٢ | ئەحمەد عبدالرحمن | ١٩٣٣ | دوز | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢٢٢ لە ١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٩٣ | ئەحمەد کافی پیروز | ١٩١٣ | کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ٢٢٢ لە ١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٩٤ | وریا علی فەتاح | ١٩٨٦ | کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ٢٢٢ لە ٩\١٨ ١٩٨٨\ |
| ٩٥ | ئەکرم محمود مستەفا | ١٩٥٥ | هەلەبجە | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ٢٢٢ لە ١٨ ١٩٨٨\٩\ |
| ٩٦ | موسی سعید لەتیف | ١٩٣٣ | کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ٢٢٢ لە ١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٩٧ | فازیل عومەر رسول | ١٩٤٥ | چەمچەماڵ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ٢٢٢ لە ١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٩٨ | علی ئەسعد محمد | ١٩٢٨ | کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٢٢٢ لە ١٩٨٨\٩\١٨ |
| ٩٩ | جیلان مستەفا باباالله | ١٩٠٠ | چەمچەماڵ | نوگرە سەلمان | لەسەر داوای ئەفسەری ئەمنی قەڵای سەلمان لە ١٩٨٨\٥\١٧ |
| ١٠٠ | محمد سلیمان شاویس | ١٩١٠ | ناحیەی باوەنور | نوگرە سەلمان | لەسەر داوای ئەفسەری ئەمنی قەڵای سەلمان لە ١٩٨٨\٥\١٧ |
| ١٠١ | فرج عزیز سید مراد | ١٩١٠ | کەلار\تیلەکو | نوگرە سەلمان | لەسەر داوای ئەفسەری ئەمنی قەڵای سەلمان لە ١٩٨٨\٥\١٨ |
| ١٠٢ | تمینە مەعروف | ١٩٠٠ | کەلار | نوگرە سەلمان | لەسەر داوای ئەفسەری ئەمنی قەڵای سەلمان لە ١٩٨٨\٥\١٨ |
| ١٠٣ | رشید کەریم قادر | ١٩٠٠ | چەمچەمال\سەنگاو | نوگرە سەلمان | لەسەر داوای ئەفسەری ئەمنی قەڵای سەلمان لە ١٩٨٨\٥\١٩ |
| ١٠٤ | سلما شریف محمد | ١٩٠٠ | کەرکوك\شوان | نوگرە سەلمان | لەسەر داوای ئەفسەری ئەمنی قەڵای سەلمان لە ١٩٨٨\٥\١٤ |
| ١٠٥ | فەتاح حمە امین | ١٩١٢ | کەرکوك\شوان | نوگرە سەلمان | لەسەر داوای ئەفسەری ئەمنی قەڵای سەلمان لە ١٩٨٨\٥\١٤ |
| ١٠٦ | دڵپاك رشید علی | ١٩٨٦ | دوز\ نوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٧٨ لە ١٩٨٨\٥\١٩ |
| ١٠٧ | احمد عبدالرحمن احمد | ١٩٠٠ | چەمچەماڵ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٨٠ لە ١٩٨٨\٥\٢١ |
| ١٠٨ | حسنە حمە امین سیدە | ١٩٠٠ | کەلار \ باوەنور | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٨٤ لە ١٩٨٨\٥\٢١ |
| ١٠٩ | محمد احمد رسول | ١٩٠٠ | چەمچەماڵ\ ئاغجەلەر | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٨٤ لە ١٩٨٨\٥\٢١ |
| ١١٠ | محمد شفیق توفیق | ١٩١٠ | کەرکوك | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٨٦ لە ١٩٨٨\٥\٢٣ |
| ١١١ | حسن امین محمود | ١٩١٨ | کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٨٦ لە ١٩٨٨\٥\٢٣ |
| ١١٢ | زبیدە جوهر ابراهیم | ١٩١٧ | سەنگاو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٩٠ لە ١٩٨٨\٥\٢٩ |
| ١١٣ | امینە نادر قادر | ١٩١٧ | سەنگاو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٩٠ لە ١٩٨٨\٥\٢٩ |
| ١١٤ | جبار توفیق علی | ١٩٢٥ | کەلار \تیلەکو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٩١ لە ١٩٨٨\٥\٣١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١١٥ | احمد محمد نادر | ١٩١٣ | کەلار | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٩١ لە ١٩٨٨\٥\٣١ |
| ١١٦ | شمسە رستم فارس | ١٩٢٥ | کەلار\باوەنور | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٩٥ لە ١٩٨٨\٥\٣١ |
| ١١٧ | اومیت ابراهیم محمود | ١٩٨٧ | کەلار \تیلەکو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٩٧ لە ١٩٨٨\٦\٢ |
| ١١٨ | نرمە سعید کەریم | ١٩٨٦ | دوز \ نوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٩٧ لە ١٩٨٨\٦\٢ |
| ١١٩ | سردار جلال خورشید | ١٩٨٦ | کفری \سەر قەڵا | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٩٨ لە ١٩٨٨\٦\٤ |
| ١٢٠ | رابیعە عوسمان عزیز | ١٩٢٩ | چەمچەماڵ \ ئاغجەلەر | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٩٩ لە ١٩٨٨\٦\٤ |
| ١٢١ | عزیز رسول زوراب | ١٩٠٠ | دوکان \ سورداش | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە٩٩ لە ١٩٨٨\٦\٤ |
| ١٢٢ | ریبوار نجم الدین شهاب محیدین | ١٩٨٦ | چەمچەماڵ \ قادرکرم | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٠٠ لە ١٩٨٨\٦\٥ |
| ١٢٣ | محمد ستار محمود | ١٩٨٣ | کەلار \تیلەکو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٠٢ لە ١٩٨٨\٦\٥ |
| ١٢٤ | کەوان تاهیر جوهر | ١٩٨٦ | دوز \ نوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٠٢ لە ١٩٨٨\٦\٥ |
| ١٢٥ | حمید مولود سعید | ١٩١٨ | چەمچەماڵ/ ئاغجەلەر | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٠٢ لە ١٩٨٨\٦\٥ |
| ١٢٦ | جوهر بابا رحیم | ١٩٨٦ | دوز \ نوجول | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی مارە١٠٤ لە ١٩٨٨\٦\٦ |
| ١٢٧ | برزان صالح محمد | ١٩٨٠ | کەلار \تیلەکو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٠٤ لە ١٩٨٨\٦\٦ |
| ١٢٨ | حسنە محمد احمد | ١٩٢٠ | کەرکوك | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٠٤ لە ١٩٨٨\٦\٦ |
| ١٢٩ | عبدالله عزیز شاویس | ١٩١٠ | کەلار\پێباز | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە١٠٤ لە ١٩٨٨\٦\٦ |
| ١٣٠ | شێوە صالح محمد رشید | ١٩٨٧ | کەلار \تیلەکو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٠٦ لە١٩٨٨\٦\٧ |
| ١٣١ | سلمی توفیق حولان | ١٩٢٨ | کەرکوك | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٠٦ لە ١٩٨٨\٦\٧ |
| ١٣٢ | مجید محمد محمود | ١٩٠٠ | کەرکوك\الیلان | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٠٦ لە ١٩٨٨\٦\٧ |
| ١٣٣ | سوراب ستار محمود | ١٩٨٣ | کەلار \تیلەکو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٠٧ لە١٩٨٨\٦\٩ |
| ١٣٤ | کاریە ستار محمود | ١٩٨١ | کەلار \تیلەکو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٠٧ لە ١٩٨٨\٦\٩ |
| ١٣٥ | فهیمە علی حسین | ١٩١٠ | قادرکرم | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٠٩ لە ١٩٨٨\٦\١٠ |
| ١٣٦ | دانا بابا عبدالله | ١٩٨٨ | چەمچەماڵ | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٠٩ لە ١٩٨٨\٦\١٠ |
| ١٣٧ | شێوە محمد والی | ١٩٨٢ | کەلار \تیلەکو | نوگرە سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژمارە ١٠٩ لە١٩٨٨\٦\١٠ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٣٨ | فتح الله محمد شريف | ١٩٨٥ | دوز\نوجول | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژماره ١١٠ له ١٩٨٨\٦\١٢ |
| ١٣٩ | خديجه عبدالكريم قازی | ١٩١٨ | چەمچەماڵ\سەنگاو | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژماره ١١٠ له١٩٨٨\٦\١٢ |
| ١٤٠ | حمه حسن محمد خان | ١٩٢٨ | کەلار\تيلەكو | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژماره ١١٠له١٩٨٨\٦\١٢ |
| ١٤١ | مرجان كەريم احمد | ١٩٢٨ | کەلار\تيلەكو | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژماره ١١٠له١٩٨٨\٦\١٢ |
| ١٤٢ | توفيق محمدعلی امين | ١٩٣٣ | کەرکوك\التون كۆپری | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژماره ١١٦له١٩٨٨\٦\١٤ |
| ١٤٣ | ولی حميد محمد | ١٩٢٨ | دوز\نوجول | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژماره ١١٦له١٩٨٨\٦\١٤ |
| ١٤٤ | صالح سليمان محمود | ١٩٢٩ | چەمچەماڵ | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژماره ١١٦له١٩٨٨\٦\١٤ |
| ١٤٥ | خليل احمد رشيد | ١٩٨٦ | دوز\نوجول | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژماره ١١٦له١٩٨٨\٦\١٤ |
| ١٤٦ | امينه نادر قادر | ١٩١٧ | سەنگاو | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژماره ١١٠له١٩٨٨\٦\١٢ |
| ١٤٧ | عەباس محمد احمد | ١٩٠٨ | سەرقەڵا/كفری | نوگره سەلمان | بەنووسراوی نهێنی ژماره ١٢٠٠له١٩٨٨\٨\٢٦ |



## عەجاج:
## کارەکتەرێک لە قووڵایی کولتووری تاوان و یادەوەریدا.

سمکۆ سابیر

## پێشەکی:
## عەجاج لە چەند وشەیەکی سادەدا

هەواڵی دەستگیرکردنی تاوانبار عەجاج ئەحمەد حەردان تکریتی، کە لە کاتی پەلامارەکانی ئەنفالدا سەرپەرشتیاری زیندانی نوگرەسەلمان بوو، لەگەڵ ئەوەی دڵخۆشییەکی زۆری بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال دروستکرد، هاوکات برینە کۆنەکانی ئەو تاوانە گەورەیەی هەڵدایەوە و ئازارەکانی بە سۆ کردەوە. هەر بۆیە یەکەم داواکاریی رزگاربووانی ئەنفال، بەتایبەتی ئەوانەی لە نوگرەسەلمان زیندانیکرابوون، وێڕای تۆمارکردنی سەدان سکاڵا، ئەوەیە کە عەجاج بە سزای یاسایی خۆی بگات لە بەرامبەر ئەو تاوانە دڕندانەیەی کە بەرامبەریان ئەنجامدراوە.

لەپەلامارەکانی ئەنفالدا، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی گەرمیان و ناوچە جیاوازەکان، لەلایەن سوپا و جاشەوە دەستگیر کران و ئەنفالکران، جگە لە قۆناغی ئەنفالی هەشت کە لەناوچەی بادینان ڕویدا، هاوڵاتیانی حەوت قۆناغی پیشتری ئەنفال و دواتریش ئەنفالکراوانی هەڵەبجە براونەتە نوگرەسەلمان. عەجاج بێبەزەییانەترین سزای بەسەر ئەم قوربانیانەدا سەپاندووە و تا ئێستاش چیرۆکە پڕ ئازارەکانی ناو زیندان و دڕندەییەکانی

ئەو، دەماودەم لەسەر زاری رزگاربووانی ئەنفال و نەوەکانیان دەگێڕدرێتەوە.

**عەجاج: ئەفسەرێکی بەعسی دڕندە**

عەجاج ئەفسەرێکی عێراقیی بە ڕەچەڵەک عەرەب و خەڵکی شاری تکریتی زێدی سەدام بوو، پیاوێکی چوارشانەی بەدڕەفتار و توندڕەو بوو. لە ماوەی پەلامارەکانی ئەنفالدا، فەرماندە و بەرپرسی ڕاستەوخۆی زیندانی بەناوبانگی نوگرەسەلمان بوو لە پارێزگای سەماوەی باشووری عێراق. زۆرێک لە سەرچاوە و بەڵگەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە عەجاج لە سەرەتادا لە ڕێگەی سلکی ئەمنەوە (ئاسایش) مەشقی پێکراوە و دواتر پلەی «ملازم»ی وەرگرتووە، هەروەها دەوترێت دواتر پلەی سەربازیی گەیشتووەتە «ڕائید».

عەجاج، لە هەر پلە و پۆستێکی ئەمنی و سەربازییدا بووبێت، بە هۆی دەمارگیریی و شۆڤێنییەتەکەی، بە پاساوی خزمەتکردنی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و سەرۆکەکەی، سەدام حسێن، بووبووە کارەکتەرێک لە دڵڕەقی و خاوەن کەسایەتییەکی بەدڕەفتار بۆ نواندنی زۆرترین نمایشی تراژیدی لە نێو شانۆیی تاوانکاری و توندوتیژییەکانی بەعس لە عێراقدا.

حسێن مەلا مەحمود، هاوڵاتییەکی باشووری کوردستانە و دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە وەک وەرگێڕ لەگەڵ ئەمریکییەکان کاری کردووە. ئەو ئاماژە بەوە

دەدات: کە دوای دروستکردنی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانباران لەسەر دۆسیەی ئەنفال، وەک وەرگێڕێک بە گرێبەست لەگەڵ دادی ئەمریکا لە نووسینگەی هەماهەنگی دادگای تاوانەکانی ڕژێمی عێراق کاری کردووە. سەبارەت بە کەسایەتی عەجاج و زانیاری لە بارەی دیارنەمانی لە عێراق، ئەم زانیارییانەی بەتایبەت بۆ ئێمە ناردووە و دەڵێت: "ئەم جەللادەی نوگرەسەلمان ناوی تەواوی: (عەجاج ئەحمەد حەردان تکریتی)بە بنەچە خەڵکی تکریتە و لە عەشیرەتی ئەلبوناسر و هۆزی نزارەیە، واتە ئەندامێکی هەمان عەشیرەتی سەدام حسێنی سەرۆکی پێشووی عێراق و عەلی حەسەن مەجید، ناسراو بە عەلی کیمیاوی، بووە."

سەبارەت بەوەی ئایا ناوی "عەجاج" بووە یان "حەجاج"؟ حسێن مەلا مەحمود دەڵێت: "یەکەمین کۆمەڵەی ئەنفالکراوان کە گەیشتنە نوگرەسەلمان خەڵکی سنووری ڕانیە و دۆڵی جافایەتی و ئەو سنوورە بوون. زۆربەی ئەو ناوچەیە، بەتایبەتی سنووری رانیە و دەوروبەری، بە شێوەیەکی سرووشتی پیتی (ح) دەگۆڕن بۆ (ع) وە بە پێچەوانەوە، بۆیە لە زمانی ئەوانەوە ناوی عەجاج بووە بە حەجاج."

ئەم تاوانبارە ساڵانێکی زۆر بەهۆی عەشیرەت و کەسوکارەکەیەوە بانگەشەی مردنی خۆی دەکرد و تا ڕادەیەکی زۆر توانیویەتی ئەو دەنگۆیە لە نێو عێراق و ئەمریکییەکان بڵاوبکاتەوە. ئەمریکییەکان زۆر هەوڵیاندابوو لە کاتی

دادگاییکردنی سەدامدا زانیاری لەبارەیەوە کۆبکەنەوە، بەڵام هەموو سەرچاوەکان یەک شتیان درکاندبوو: ئەویش مردنیەتی.

عەجاج، بۆ کۆمەڵگەی عێراقی، بەتایبەتی دوای چوونە دەسەڵاتی بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٨، نموونەیەکی تازە و دەرکەوتەیەکی نوێ نییە. بەهۆی توندڕەویی بەعس لە عێراقدا، دەیان نموونەی عەجاج و دەمارگیری هاوشێوەو جیاوازمان لە سەردەمە جیاوازەکاندا بینیوە و یادەوەریمان لەگەڵ زۆر نموونەی تری کارەکتەری وەک عەجاجدا هەیە. بەڵگەشمان ئەو کەسانەن کە بەرکەوتەی ئازاری زیندانەکانی ئەو ڕژێمەن و لە سایەی ئەم سیستەمە فاشییەدا بە جۆرێک لە جۆرەکان بە سەختترین ساتەوەختدا تێپەڕیون و ئەم قۆناغەی ژیانیان بووە بە بەشێک لە یادەوەریی تاڵ و وەک تارمایی هەمیشە بەدوایانەوەیە.

ئەو وێنایەی ئێمە هەمانە بۆ عەجاج، لە ڕێگەی ئەو شایەتحاڵانەی کە لە نوگرەسەلماندوای ئەنفالکردنیان لە هەشت قۆناغی ئەنفالدا، (جگە لە قۆناغی هەشتی بادینان کە ئەنفالکراوانی بادینان نەبراون بۆ نوگرەسەلمان بەڵکو براون بۆ قەڵای نزارکێ لە پارێزگای دهۆک، بێگومان جگە لە هەزاران کەس کە وەک قۆناغەکانی تری ئەنفال، چارەنووسیان نادیارە و بێسەروشوێنن)، وێنایەکی ڕوونی دڵڕەقی و بەدکاری و بەد ڕەفتاری لەلای ئەنفالکراوانی نوگرەسەلمان بەجێهێشتووە. بۆ ئێمەش بە هەمانشێوە، نموونەیەکی باڵای لە پیشاندانی بەعس و ڕەفتارەکانی، بەعس و وێناکانی بۆ نەتەوە (ناعەرەبەکان) جێهێشتووە. ئیتر لەوە

تێدەگەین کە هەموو نەتەوە ناعەرەبەکان، واتە هەموو ئەوانەی بەعسیان وەک خۆی قبوڵ نییە، شایانی توانەوە و سڕینەوەن، دەبێت بەهۆی ئەجێندایەکی نیشتمانیی بەعسەوە دژایەتی بکرێن و هێڵی سووریان بۆ دابنرێت و هەموو بژاردەکانیش ڕێگەپێدراو و بەیاسایی کراون!

کارەکتەری (عەجاج) نموونەیەکی زیندوو بەرچاوی ئەم سیاسەتەی بەعس بوو، بەڵام جێبەجێکردنەکەی لەسەر خەڵکی زیندانیی نەخوێندەوار و عەرەبی نەزان و هەژاری لادێیەکانی کوردستان بوو. بۆیە دەتوانین بڵێین: بەعس بەهۆی تاوانەکانی عەجاج لە قەڵای نوگرەسەلمان دەتوانێت شانازیی ئەوە بەو پیاوە ببەخشێت کە لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی تاوانەکانی ئەنفالدا، دەچێتە ڕیزبەندی سێیەم کەسایەتی لە دوای سەدام و عەلی حەسەن مەجید، ناسراو بەعەلی کیمیاوی! (بەڵام شانازیی بە درندایەتیەوە!)

### عەجاج: لە جەللادەوە بۆ قوربانی لە نێو میدیادا

ئەوەی دەزگا نیشتمانییەکانی عێراق پێشانی ئێمەیان دا، عەجاجەکەی ساڵی ١٩٨٨ی قەڵا پڕ لە ستەمەکەی نوگرەسەلماننەبوو. ئەو روخسارەی کە ئێمە لە میدیادا بینیمان، روخساری عەجاجی نوگرەسەلمان نەبوو. کاتێک ئەنفالکراوانی نوگرەسەلمان لە ترسی قامچی و سوکایەتی و پەلامار و کارە قێزەونەکانی ئەم جەللادەدا، ناچاردەبوون لە کونجی ژوور و

هۆڵەکانیان سەردەرنەهێنن و لەسەر جێگەکانیان سەری خۆیان کز بکەن و داوا لە خوای گەورە بکەن کە ئەم بەڵایەیان لێ دووربخاتەوە و نەهێڵێت دەستی پێیان بگات و لەسەر دەستی ئەم دڵڕەقەی بەعس ئازارێکی تر نەچێژن. وا ئەمرۆش زەلیل و سەرشۆڕ لەمیدیا دەردەکەوێتەوە.

هێزە عێراقییەکان لەگەڵ نمایشی وێنەکەدا، هەرچییان نووسیبێت، بەڵام دواجار وەک دەوترێت: وێنەیەک بەقەد هەزاران وشە کاریگەریی هەیە. لە هەموو دنیادا پیشاندان و ئاشکراکردنی تاوانبار، یاسا و پرەنسیپ و ڕێسای خۆی هەیە. دەبوو بە هەمان ستانداردی نێودەوڵەتی دەزگا ئەمنییەکان عەجاج بهێننە سەر شاشەی تیڤییەکان، یان وێنەکەی بە ستانداردی جیهانی پیشان بدەن، ئەویش بەوەی وێنەیەکی نزیکی روخساری لە پێشەوە بگرن و تابلۆیەکی بەسەرەوە بێت کە ناوی تەواوی لەسەر بێت، بەڵام ئەوەی بڵاوکرایەوە تەواو پێچەوانەی ئەوە بوو، عەجاجیان وەک پیاوێکی بەساڵاچووی سەر و ریش سپی و هێمن نیشان دا. وێنەی شیشەکانی پەنجەرەکەی پشتی بەتەواوی کارەکتەرەکەی عەجاجی پێچەوانە کردبووەوە، عەجاجی وەک کەسێکی غەدرلێکراو وێنا دەکرد. رەنگە ئەم وێنەیە کەسانێک دڵخۆش بکات کە بارگاوین بە رق وتۆڵەسەندنەوە، بەڵام قسە لەمەڕ پرەنسیپە مرۆییەکان و رێکارەکانی نیشاندانە، دەبوو وا نیشانبدرایە کە ئەم پیرەمێردە بکوژی دەیان پیرەمێردی کورد و منداڵە لە نوگرەسەلمان.

لە کاتێکدا ئەم تاوانبارە دەستی سوورە لە خوێنی هەزاران ژن و پیاو و منداڵی بێتاوان و کەسێکی سەرەکی بووە لە ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال، ئەنفالیش تاوانێکی نێودەوڵەتییە و بە هەموو پێوەرەکان جینۆسایدە. چۆن دەکرێت تاوانبارێکی نێودەوڵەتی کە لە ڕیزبەندیدا، لە دوای سەدام و عەلی حەسەن مەجیدەوە دێت، بەو جۆرە وێنا بکرێت؟ دەیڵێمەوە، دەبوایە وێنەکەی لە پێشەوە و لە نزیکەوە بە گوێرەی ڕێسا نێودەوڵەتییەکان بگیرێت و هەروەها بەپێوە بووەستێندرێت. بەڵکو ئەم وێنەیە وەک تابلۆیەکی سوڕیالییە، نەک وێنەی تاوانبارێکی وەک عەجاج، کە لێپرسراوی ڕاستەوخۆی کوشتن و ئەشکەنجەدانی دەیان هەزار کەسی ئەنفالکراوی بێتاوانە.

پیشاندانی تاوانبار، لە ڕووی میدیایی و یاساوە بۆ خۆی ئیتیک و پرەنسیپی یاسای خۆی هەیە، بەڵام عەجاجیان بە جۆرێکی تر نمایشکرد. سەری کزکردووە، کەسێکی پیر و سەرسپی و بێهێز، کە تەواو هەستی دنیای عەرەبی و عێراقی دەجوڵێنێت و عەجاجمان لە تاوانبارێکی بەشدار لە دۆسیەیەکی جینۆساید، وەک کەسێکی دیل و بەستەزمان وێنا دەکات. بۆیە لە سەرەتاوە دەبێت بە هەستیارییەوە لە ئاست ئەم پرسەدا مامەڵە بکرێت و هەڵوەستە لە دۆسیەکە لە ئێستاوە بە گومان و چاودێرییەکی چڕەوە، هەنگاوی بۆ بنرێت و ڕێگە نەدرێت ئەم جەللادە وەک قوربانی پیشان بدرێت.

ئەو برینەی عەجاج و بەعسیەکانی دی خستوویەتییە دڵ و جەستەی کۆمەڵگەی ئێمە لە باشووری کوردستان، تەنها بە گرتنی تۆمەتباران و دادگاییەکی ئاشکرای دادپەروەرانە سارێژ دەبێت. بە پێچەوانەوە، بە ئاگایی و بێئاگایی بێت، ئێمە هەمان برین دەخەینەوە نێو جەستە و رۆحی زیندانییە گەڕاوەکانی نوگرەسەلمان. هاوکات بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی و ئەخلاقی دەکەوێتە ئەستۆمان.

**عەجاج: پادشای قەڵای (باستیل)ی عێراق**

قـەڵای باستیل لـە نێـوان سـاڵانـی ١٢٦٧-١٢٨٢ لـە وڵاتـی فەرەنسا بۆ پارێزگاریی لە شارەکە لە هێرشی ئینگلیزەکان دروستکراوە. هەشت قوولەی چاودێری هەبووە، کەچی لەو حەوت جارەی گەمارۆدراوە، شەش لەو قوولانەی ئەو قەڵایە خۆیان داوە بەدەستەوە. دواتر باستیل بە شێوەیەکی سەرەکی بووەتە جێگەی ئەو کەسانەی بوێر بوون لە ڕووی پادشا و دەسەڵاتەکەی بوەستنەوە و هەڵوێستی خۆیان دەربڕن. زۆرێک لەو ڕووناکبیرانەی فەرەنسا کە خاوەنی کتێب و نووسین بوون، بە جۆرێک لەو قەڵایەدا بەند کراون.

قەڵای باستیل، یەکێکە لە بەناوبانگترین شوێنەوارە مێژووییەکانی جیهان، بەپێی سەرچاوەیەکی تریش؛ لە سەدەی چواردەیەمی زایینیدا لە پاریس بنیادنراوە. سەرەتا مەبەست لە دروستکردنی قەڵاکە، بۆ بەرگریکردن بووە لە دەروازەی ڕۆژهەڵاتی شاری

پاریس، بەڵام لەگەڵ کاتدا گۆڕاوە بۆ زیندان و لەلایەن پادشا فەرەنسییەکانەوە بەکارهێنراوە بۆ زیندانیکردن و ئەشکەنجەدانی رکابەرە سیاسییەکانیان، ئیدی ئەوانە هەرکێ بووبن نووسەر و هونەرمەند و داهێنەربوون یان هەر هاوڵاتییەکی بەرهەڵستکاری رژێمەکەیان.

ڕێکەوتی ١٤ی تەمووزی ١٧٨٩، هێرش کراوەتە سەری و ڕووداوەکە بە وەرچەرخانێکی مێژوویی لە جیهاندا هەژمار دەکرێت، بەو هۆکارەی بوو بە هۆکاری هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسی و شکاندنی قەڵاکە بە سیمبولی لەناوچوون و دارمانی زۆرداریی دادەنرێت، هاوتای ئازادی و دەسەڵاتی جەماوەر. لە چوارچێوەی کولتووردا، قەڵای باستیل کاریگەرییەکی گەورەی دروستکردووە، کەسایەتییەکانی وەکوو ڤیکتۆر هیوگۆ و چارڵس دیکنز، لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیاندا باستیلیان وەک سیمبولی نادادپەروەری وەسفکردووە.

قەڵای باستیل لە فەرەنسا، لە سەردەمی دروستکردنی تا ڕووخاندنی، نزیکەی شەش هەزار زیندانی تێدابووە. قەڵاکە چەندین ژووری تایبەتی تێدابووە بۆ ئازاردان و لە ناوبردنی نەیارانی پادشا. شۆڕشی فەرەنسا لە ١٤ی تەمووزی ١٧٨٩ گرنگترین بەرهەمی ئەوە بوو کە زیندانیکراوەکانی ئەو قەڵایە ئازادکران.

هەردوو قەڵای نوگرەسەلمان لە ڕابردوودا، بە هەمان شێوەی قەڵای باستیل زۆر ترسناک بوون، بەڵام ژمارەی بەندکراو و

زیندانیکراوانی نوگرەسەلمان دەیان هێندەی قەڵای باستیلی فەرەنسا بووە. سزای زیندانییەکانی ناو قەڵای نوگرەسەلمان دەیان جار بەرامبەر سزای زیندانییەکانی باستیل قورستر و کاریگەرتر بووە. قەڵای یەکەم لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لەناو قەزای سەلماندا دروست کراوە و قەڵای دووەمیش لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای ساڵی هەشتاکاندا لە دەرەوەی قەزاکە بەسەرگردێکەوە بەرانبەر قەزاکە دروست کراوە.

سەلمان ئەڵڵاکەرەم، (خەڵکی گوندی هاوار) وەک شایەتحاڵێکی هەڵەبجەیی کە بۆ ماوەی چوار مانگ و دە ڕۆژ لە نوگرەسەلمان زیندانی کراوە، دەگێڕێتەوە کە "عەجاج زۆر ڕاشکاوانە دەیوت: بە دەستی خۆم بوایە ڕۆژانە دوو هەزار کوردم دەخنکاند!" عەتیە رەسوڵیش کە زیندانییەکی نوگرەسەلمانبووە، دەڵێت: "من عەجاجم بینیوە و شێوەی لەبەرچاوم لاناچێت، رەفتارەکانی زۆر بەئازار و قێزەون بوون." هەروەها زیندانییەکی تری نوگرەسەلمانبە ناوی خانم عەزیز: "عەجاج کێبلێکی لە پشتمداوە، هەتا ئێستا دوای سی و حەوت ساڵ ئازارەکەم ماوە."

سەلمان ئەڵڵاکەرەم، دەڵێت: "رۆژێکیان عەجاج بەبێ هۆکار پەلاماری باوکمی دا و شوێنی ساغی بۆ نەهێشتەوە، کەهێنامانەوە بۆ هۆڵەکە، بەزۆر هەناسەی دەداو بۆ رۆژی دواتر گیانی لەدەستداو لاشەکەی کەوتەبەردەمی سەگەڕەشەکان."

نوگرەسەلمان هەمان خەسڵەتی لێکچووی لەگەڵ باستیلی فەرەنسادا هەیە، یان خاڵی هاوبەش بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە:

هـەردوو قەڵاکە بە مەبەستی زیندانیکردنی ئـازادیـخوازان و بیروڕای جیاواز بەکارهێنراون و مرۆڤ تێیدا ئـازار دراوە تا رادەی مـردن، سوکایەتی بینیوە تا ڕادەی شکۆشکاندن و لە مرۆڤخستن، یا لە کەرامەت خستن. نوگرەسەلمان قەڵای ستەم و هەوڵی بەعس بووە بۆ کوشتنیان، بەڵام بە جیاوازیی کردارەکانی تـری کوشتنی خەڵک لـە گـۆڕە بەکۆمەڵەکان و شاڵاوەکانی ئەنفالدا، کە لە دەروازەی قەڵاکە نووسرابێ: (بەخێربێن بۆ دۆزەخ)، دەبێت لە چ جۆرە ژیانێکدا ڕۆژ بکەنەوە و جگە لە بیرکردنەوە لە مردن، دەبێت چ خەونێکی تریان هەبێت، بەتایبەتی کاتێک دەبینن و دەبیستن؛ رۆژانە دوای مردنی هەر کەسێک و ناشتنی لە دەرەوەی قەڵاکەدا، چەند سەگێکی رەش و چەند جۆرە سەگێکی تر چاوەڕێی تەرمەکە دەکەن و هەریەکە و پارچەیەک لە لاشەکە دەخۆن. ئەم یادەوەرییە تاڵە بووەتە مۆتەکەی سەر دڵی ئەنفالکراوان و بەتایبەتی ئەوانەی کەسوکاریان لە قەڵاکە گیانی لەدەستداوە، هەریەکە و بە جۆرێک پرسیار دەکات لەوەی ئایا کام جۆرە سەگ تەرمی ئازیزەکەیان لە ژێر لم دەرهێناوە و خواردوویانە.

**رەنگدانەوەی فکری بەعس لە کەسێتی و رەفتاری عەجاجدا**

عەجاج سەربازێکی دڵسۆز و ڕاستەقینەی بیر و بەرهەم و باوەڕ و فەلسەفەی بەعس بوو. کۆتایی ئەم پیاوە هەرچییەک بێت، لەوە کەم ناکاتەوە کە بەهۆی دڵسۆزییەکەی، درێغی کردبێت

لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەی بۆ بەعس و چەسپاندنی هزری بەعس لە نمایشی دژوار و توندڕەوی و دڵڕەقیدا، بەرامبەر بە ئەنفالکراوانی کورد لە نوگرەسەلماندا. کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە فکر و ئاکاری بەعس لە کەسێتی عەجاجدا تەواو ڕەنگی دابوویەوە. درکت بەوە دەکرد کە عەجاج ڕۆڵی کارەکتەرێک دەبینێت کە دەیەوێت باوەڕ بە دەرهێنەرەکەی بکات کە ئەو ئەکتەرێکی سەرەکی دڵسۆز و راستەقینەیە لە پەیڕەوکردنی بیر و رەفتارەکانی بەعس لەبەرامبەر زیندانیکراوانی نوگرەسەلمان. ئەو دیاری و بەرهەمی زۆری لەو بوارەدا پێشکەش بە کولتووری حیزبی بەعس کردووە. ئەو لە هەموو کەسێک زیاتر وێنای ئەو پارتەی بە زیندانیکراوانی نوگرەسەلمان گەیاند و پێیوتن: «ئەوە من نیم دەتانکوژم و دەتانبرم و لە برسا دەتانکوژم و ناهێڵم جارێکی تر بۆ ژیانی گوندەکانتان بگەڕێنەوە و لە ئاوی سازگاری کانیاوەکان بخۆنەوە، دەبێت تا مردن لەم ئاوە سوێر و تاڵە بخۆنەوە. بەڵکو ئەوە حیزبەکەم فەرمانی پێکردووم و منیش سەربازێکی گوێڕایەڵی بەعسم و دەبێت وەک خۆی پەیامەکانی جێبەجێ بکەم و هاوشێوەی ئەرکە ئایینییەکان پەیڕەوی بکەم.“

بیرەوەرییە ناخۆشەکانی ناو زیندانی نوگرەسەلمان زۆرن. ڕزگار مەنسوور، ئێستا دانیشتووی ناحیەی رزگارییە لە گەرمیان، یەکێکە لەو کەسانەی لە شاڵاوی ئەنفالدا منداڵ بووە و لەگەڵ دایکی لە گرتووخانەی نوگرەسەلمان زیندانی بووە. وێنەی دەستگیرکردنی عەجاجی بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی: ”بە

ڕەحمەت بێت دایکم زۆرجار باسی ئەو کێبڵەی دەکرد کە عەجاج لە منی دابوو، خۆزگە دەیانخستە بەردەستم تا ئەو کێبڵەی لێ بدەمەوە.“

درندەیی عەجاج تەنها لە بیرەوەریی ئەنفالکراوانی زیندانی نوگرە سەلماندا نییە، بەڵکو کاریگەریی نەرێنی لەسەر نەوەکانیشیان هەبووە. هێمن بایر، دانیشتووی شاری کەلارە، لە تاوانی ئەنفالدا باوک، مام و پوورەکانی بە منداڵەکانیانەوە ئەنفال کراون و دەڵێت: ”کە منداڵ بووم، دادەم جیهان، ئەوەندە باسی درندەیی و زاڵمی عەجاجی بۆ کردبووین لە نوگرەسەلمان، تا تەمەنی پێگەیشتنیش هەر کە ناوی عەجاجی دەبرد، لە ترسا لە سوچێکی ماڵەکەماندا خۆم حەشار دەدا و دەستم بە گریان دەکرد.“

عەلی مەلاعارف هەڵەبجەیی کە خەڵکی هەڵەبجەیە و لەنوگرەسەلمان گەڕاوەتەوە خۆشبەختانە لەژیاندایە و دەڵێت: قەت روخساری عەجاجم لەبەر چاو لاناچێت، جارێکیان کۆیکردینەوە و بەسوکایەتییەکەوە پێیوتین؛ (بعد ماعندکم جبال، وین تروحون)! ئەمە زهنیەتی عەجاج بوو نەیدەتوانی بیشارێتەوە کە ئەوانەی قاچیان خستووەتە ناو نوگرەسەلمان، بۆ گەڕانەوە نەهاتوون بەڵکو بۆ مردنێکی جیاواز ولەسەرخۆ لەوێ بوون.

لە سەردەمی عەجاج ئەحمەد تکریتی لە قەڵای نوگرەسەلمان، کوردەکان دووچاری ئەم تاوان و پێشێلکارییانە بوونەتەوە:

١. ئەشکەنجەدان و کوشتن و دەستدرێژیکردنە سەر دەستگیرکراوان.

هۆکاری دروستبوونی گۆڕی بەکۆمەڵ لە دەوروبەری قەڵاکە و ناشتنی قوربانییان لەوگۆڕە بەکۆمەڵانەدا.

٢. هۆکاری نەخۆشیی بەدخۆراکی و نەبوونی خزمەتگوزاری و پێشێلکاریی ڕۆژانەی بەردەوام بەرامبەر بە زیندانیکراوانی کورد لە قەڵاکەدا.

٣. برسیکردن و شەڕی دەروونی و سوکایەتی کردن بە پیرۆزییەکانی هاوڵاتیان. بریندارکردنیان و شکۆشکاندنی بەردەوامی هاوڵاتیان.

بێگومان زۆر تاوانی تری عەجاج بە شاراوەیی دەمێننەوە، چونکە هێندە قێزەونە قوربانییانی ئەو قەڵایە ناتوانن دانی پێدابنێن و وەک خۆی بیگێڕنەوە.

**عەجاج، کارەکتەرێک لە قووڵایی کولتووری بەعسدا**

دیرۆک و مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە تاوانی جینۆساید، بەڵام بەشێکی زۆر لە دۆسییەکانی جینۆساید کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەنجام دراون، لە دەرەوەی ناولێنانە نوێیەکاندان. بەو پێیەی خەسڵەتەکانی مرۆڤ لە پێناو مانەوە و فراوانکردنی نادادپەروەرانەی دەسەڵاتەکەی، هەوڵی سڕینەوەی بەرامبەرەکەی داوە و ویستوویەتی شوێنپێیەکانی خۆی بۆ بەرژەوەندییەکانی فراوانتر بکات. جینۆساید بەشە چەپێندراوەکەی بوونی مرۆڤە،

بۆیە پرسێکە دەبێت هەمیشە لە یادمان بێت. هاوکات لەو بارەیەوە فێرمان بکات کە جینۆساید دۆخێکی دڕندانەی مرۆڤە بەرامبەر بە خۆی و بوونەوەرە سرووشتییەکانی دەوروبەری خۆی کە لەگەڵیدا یان لە دەوروبەیدا دەژین یان ژیاون.

ئیلی ویسڵ، خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی لە ساڵی ١٩٨٦، پێیوایە: "دەبێت هەموو هەوڵێک بدرێت بۆ ئەوەی یادگەمان بە زیندوویی بهێڵینەوە. دەبێت دژی ئەوانە بجەنگین کە ڕابردوو لە یاد دەکەن، چونکە ئەگەر ئێمە ڕابردوومان لە یاد بکەین، ئێمە تاوانبارین، ئێمەش بە هەمان شێوە بەشداری تاوانین." کەواتە جینۆساید پەیوەستە بە ڕابردوومان، واتە؛ بە یادەوەریمان. بۆیە ئەم یادەوەرییە دەکرێت وەک مێژوو وانەی گرنگمان فێربکات بۆ دۆزینەوەی کۆی ئەو هۆکارانەی کە لە پاڵ سیستەمێکی دیاریکراو و پلانێکی دیاریکراو مرۆڤ دەستی دەچێتە خوێنی ئەوانی ترەوە، دەستی دەچێتە ژینگە و ڕۆحی زیندەوەرەکانی تر. کوشتنێکی زۆر ترسناک و گشتگیر، کوشتنێک کە زۆرجار لە دوای خۆیدا هەموو شوێنەوارێکی مرۆڤ لەناودەبات و وێرانی دەکات. بۆیە دەگەین بەو دەرئەنجامە ترسناکەی کە کۆی لایەن و جۆر و کردارەکانی جینۆساید، بە جۆرێک ئاسۆی ژیان و هیواکانی مرۆڤ لەباردەبات و شوێنپێی مرۆڤ لە ژیاندا دەخاتە دۆخێکی ترسناک کە دواجار دەگاتە لووتکەی تاوانکاریی لەسەردەستی مرۆڤ.

دەستنیشانکردن و ناولێنان و جێگیرکردنی کردە جیاوازەکانی جێنۆساید کاتێکی زۆری خایاندووە و مشتومڕێکی زۆری لەسەرکراوە. دوای سێ ساڵ بە بەردەوامیی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، دواجار پێنج کردە بۆ دەستنیشانکردنی جێنۆساید دەستنیشانکراو بڕیاریان لەسەر درا:

یەکەم : کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵ و گروپێک: بە هەموو پێوەر و گوزارشتێک چەمکی کوشتن بە مانای سڕینەوەی ژیانی مرۆڤەکان دێت و مەرجیش نییە ئەم کوشتنە بە چەک و کەرەستە مەترسیدارەکان بێت، بەڵکو برسیکردن و تینووکردن و ئازاردان بە شێوازی جۆراوجۆر تا مردن یان هەر کردار و رەفتارێک ببێتە مایەی لەناوچوون و مردن، دەبێت بە کردارێکی جێنۆساید.

دووەم : زیانگەیاندنی جەستەیی و دەروونی بە ئەندامانی گرووپێک: مەبەست لێرەدا جێبەجێکاری تاوانی جێنۆساید، ئەو لایەن و دەستەیەیە کە پلانی هەیە بۆ ئەنجامدانی جێنۆساید بە دەستی ئەنقەست کردارێک ئەنجام بدات و ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئەندامانی گروپ.

سێیەم: زیانگەیاندنی مەبەستدار: هێنانە پێشەوەی رەوشێک ببێتە هۆی لەناوبردنی جەستەیی وقڕکردنی تێکڕا یان بەشێکیان.

چوارەم: سەپاندنی رێکارێک یا بەربەستێک بە مەبەستی رێگەگرتن لە زاوزێی گروپێک یاکۆمەڵە کەسێک.

پێنجەم: بەزۆر گواستنەوەی منداڵان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر.

ئەم کردەیە لەبنەڕەتدا بەکردەیەکی جینۆسایدی کولتووری ناودەبرێت، هەروەها ئەم کردەیە بۆیە ڕێبەند کراوە و یەکێکە لە کردەوەکانی میکانیزمی تاوانی جینۆساید، چونکە لایەنێک دەیەوێت بەجیاکردنەوەی ئەم منداڵانە تێکڕا یان بەشێکی گروپەکە پاکۆ بدات. چونکە ئەو منداڵانەی بەزۆر دەگوازرێنەوە بۆ نێو گروپێکی تر بە هۆی دووریی ودەست ڕانەگەیشتن بە فەرهەنگی خۆیان، ناچار نەریتی گرووپی دووەم وەردەگرن و بەمەش دەبن بەبەشێک لەگرووپی جینۆسایدکراو. بەمەبەست کردەکانی جینۆسایدمان هێنایە بەرباس و بەتایبەتی پێنجەم کردە کە دەچیتە دۆخی جینۆسایدی کولتووری و شایانی هەڵوەستەیە لەگەڵ تاوانەکانی عەجاج لەقەڵای نوگرەسەلماندا شرۆڤەیەکی ساکارانە و روونـی بۆبکەین و لەوەتێبگەین کەچۆن بەعس جینۆسایدی کولتوری

لەهەناوی حزبەکەیدا هەڵقوڵاوە وهەمیشە بێدوودڵی دەستی بۆ بـردووە و لەقۆناغە جیاجیاکانی مێژووی خۆیدا پەیڕەوو پراکتیزەی کردووە.

ئەگەر لێرەدا باسی کولتووریش بکەین دەبێت بڵێین؛ کە کولتوور بریتییە لەکۆی ئـەو بونیادو مانایانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو ئافراندوویەتی، کەواتە تێکڕای گەلانی دونیا پرسێک، ئاکارێک بەکولتوورێکیان دەبەستێتەوە و هەرئەوەشە وایـکـردووە هەوڵبدەن لەناو نەچێت و لە ژێر هـەژمـوونـی کولتوورێکی تـری نامۆ دووچـاری فـەنـابـوون و

پەرتەوازەیی نەبێتەوە. خەمی کولتوور، خەمێکی مۆراڵییە و ناکرێ مرۆڤ وەک بەهایەکی ژیاریی و ژیانی سەیری نەکات و خەباتی بۆ نەکات و قوربانی بۆ نەدات، چونکە ئێشی لە دەستدانی کولتوور زۆر جار ئێشی لە رۆحی مرۆڤەکان بەئازارترە و زیاتر مرۆڤ دەوەستێنێت.

جێنۆسایدە کولتوورییەکان وەک دووەمین رێبازی جێنۆساید کەزیاتر لەسەر ئەو گرووپە ئایینی و چڤاتە ئەتنیکی و گەلەکان پەیڕە و دەکرێت کە بەگوێرەی دەوڵەت - نەتەوە و نوخبەی دەسەڵاتدارلاواز و گەشەنەکردوون، وەک رێکاری سەرەکیش لەمیانی جێنۆسایدی کولتوورییەوە ئامانج لە ناوبردنی تەواوەتی ئەو گەل، گروپە ئایینی و ئەتنیکەکانە کە لەناو زمان وکولتووری دەوڵەت - نەتەوە و هێزی باڵادەست دەخرێتە ژێرفشاری هەر جۆرە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە؛ لەسەرووی هەمووشیانەوە گوشاری دامەزراوەکانی پەروەردە. بەمجۆرەش هەوڵی کۆتاییپێهێنان بەبونەکەیان دەدرێت، بەگوێرەی لەناوبردنی جەستەیی جێنۆسایدی کولتووریی بەئێشترە و جۆرێکی درێژخایەنی جێنۆسایدە.

ئەو ئەنجامانەی دەیخوڵقێنێت لە جێنۆسایدی جەستەیی زۆر مەترسیدارترە. لێرەدا دەردەکەوێت کە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان مێژووی کارکردنی ئەم فۆڕمەی داگیرکەرانی کوردستانی بەوردی شرۆڤە کردبێت و هەڵوەستەی لەسەرکردبێت، چونکە درککردن بەم جۆرە جێنۆسایدە ترسناکە لە ژیانی کۆمەڵگەی

کوردی دەیان ساڵی تەمەنی تێپەڕاندووە. جۆرێکە تەواو ئاڵۆزە وسەختە. پڕئێشە و کاریگەرییەکی لەسەر هەموو سێکتەرەکانی ژیانی مرۆڤە بەبێ جیاوازی. جێنۆسایدی کولتووریی؛ واتە هەوڵدانی سیستمێکی سیاسی نادیموکرات لەسڕینەوەی شوناس و تایبەتمەندییەکانی گەلێک و هاوکات توانەوەی لەبۆتەی نەتەوە و کولتورێکی تردا. بەواتایەکی تر ڕەوایەتیدانە بەکولتوورێکی نامۆتر بەمێژوو و کولتوور و فەرهەنگێکی تر، کە ئەگەری زۆرە ئەم کولتوورە لەبنەڕەتدا بۆ خودی پێکهاتە وفەرهەنگەکەی خۆی تەواو نامرۆڤانە بێت و لێرەدا لەبری ژیانێکی ئاسایی دووجار مرۆڤەکان بسڕێنەوە.

داخی عەجاجیش لە نوگرەسەلمان، هەمان داخ و ڕقی بەعس بوو لە مێژوودا، داخی جیاوازی کولتووریی نێوان دوو نەتەوە، بەکردەوە و ڕوخساری عەجاج لە ڕۆژی یەکەمەوە تا کۆتا ڕۆژی مانەوەی ئەنفالکراوان لە قەڵاکەدا، هەستی پێکراوە، کاتێک بەئەنفالکراوانی وتووە: ئێوە چیاکانتان نەما، ئیتر بۆ کوێ دەڕۆن! کولتووری میللەتی ئێمە لەناو ئەو شاخانەی کە عەجاج باسیان دەکات، لەوێوە بۆ خوارەوە دابەزیوە، زاگرۆسییەکان لەوێ پەیامی کۆمەڵگەییان بۆ خوارەوە ناردووە، دەستپێکی گەلانی زاگرۆس لەنێو ئەو شاخانەدا بووە، کولتوور لەوێ لەدایکبووە، ئێستاش شاخەکان کولتووری ئێمەیان پاراستووە و نەیانهێشتووە، زیاتر لە هەزار ساڵی رابردوودا لە ناوبچێت و شوێنەواری بسڕێتەوە. بێگومان ئەو قوربانیدانەی کوردیش لەئەنفال دەچێتە چوارچێوەی

هەمان هەوڵ بۆ لەناونەچوونی کولتوور و مێژوو و فەرهەنگی ئێمە، لەبەرئەوەی کولتووری بەعسیان قبووڵنەکرد کەهەمان کولتووری بیابان نشینان بوو.

بەعس کارەکتەرێکی زۆر و بێشوماری راهێنابوو لەسەر ئەوەی مرۆڤی ئێمە ئاسیمیلە بکات و بیانتوێنێتەوە، چونکە ئەو لەزهنیەت و فکری خۆیدا، مرۆڤگەلێکی جیاوازی ناوێ بۆنی کولتووری تری هەبێت، شوناسی بەعسیانەی ناوێ، ئەگەر وەک تاکێکی عەرەبی ئاوێتەبوو بەکولتووری عەرەبیانەی بەعسی بەعسییەکی عەرەبییانەی تواوە لەنێو فکر و بیری بەعسیزمدا نەبێت. هەربۆیە گواستنەوەی ئەنفالکراوان لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، هەڵکەندنی رەگ و ریشەی کولتوورە و توانەوەیەتی لەنێو کولتوورێکی تردا، ئەم تێروانینەی بەعس زۆر ورد و ئامانجدار بووە، عەجاجیش نەیشارێتەوە کەئیدی ئەوان خاوەنی شاخەکان نین، چونکە پشتوپەنا بۆ مانەوەی کوردبوونمان لەڕابردوودا، شاخەکانمان بوون.

عەجاج کارەکتەرێکی ناسراوی ساڵی تاوانە گەورەکەبوو، ساڵی ئەنفال و سێیەم گەورە جینۆساید لەمێژوودا، دوای ئەرمەن و جوولە لە دوو مێژووی جیاوازدا، بەڵام لەماوەی یەک سەدەدا، ساتی ئاشناکردنی ئەنفالکراوان بەبیابان و ژینگەیەکی یەکجار نامۆ بەژیانی کورد، بۆیە مردنی خەڵکێکی زۆر لەنێو قەلاکەدا ئەوە دەسەلمێنێت کە کورد تەنها لەنێو ژینگە و جوگرافیا و کولتوورەکەی چێژ لەژیان دەبینێت و ئاسودەیی

تێدا دەدۆزێتـەوە، بۆیە کاتێک لە ئەنفالکراوانی نوگرەسەلمان دەپرسیت؛ ئێوە خەونتان بەگەڕانەوە دەبینی ؟ بێگومان زۆربەیان دەیانوت: سەرباری ئـەوەی ژیانی ئێمە هاوتەریب بوو لەگەڵ مردن، بەڵام هەمیشە خەونمان بەوەوە دەبینی بگەڕێینەوە بۆ ئاوایی و دەستبکەینەوە بە ئاژەڵداریی و کاری کشتوکاڵ و ژیانە سادە و کوردەوارییەکەمان درێژە پێبدەین، بەڵام بەعس هەمیشە دژی ئەوەبوو، دیسان دەبێ ئەوە بڵێین کە بەبێ مەبەست نەبوو کەدەیویست هەموو گوندنشینان لەکۆمەڵگە زۆرە ملێیەکان کۆبکاتەوە، د مـارف عومەر گـوڵ وتەنی : بەعس دەیوسیت لەئەنفالدا کولتووری سەدان ساڵەی گوندنشینان بسڕیتەوە و لەناو ئۆردوگاکاندا بەتێپەڕبوونی زەمەن کۆتایی پێبهێنێت.

عەجاج ئاکار و فکر و مێژووی حزبەکەی لە زهنیەتی خۆیدا وێناکردبوو، بەرامبەر بەو پێکهاتانەی لە دەرەوەی ئەم ناوهێنانەی حزبەکەی بوون، بۆیە کاتێک هەزاران کەس لە هاولاتیانی دۆڵی جافایەتی و قەرەداغ و تەوێڵەو هەڵەبجە و بیارە و هەورامان و دەشتی کۆیە و دوکان و ناوچەکانی هەولێر و گەرمیان، دەخرێنە بەردەستی تاوانبارێکی شۆڤێنی و گۆشکراوێکی بەعس، دەزانێت کە دەبێ چیبکات و ئەم رق و داخە کولتوورییەی دەربڕێت و ئەمەکداری خۆی بۆ بەعس دووپاتبکاتەوە. بە سەرۆکەکەی بڵێت: گـەورەم ئـەوەی سوپا و سیاسەت نەیتوانی ئەنجامی بدات، من رۆژانە و بەئاسانی لەپێناو ئێوەدا بەسەر ئەنفالکراوان جێبەجێدەکەم، لەپێناوی ئێوەدا هەموویان لەبرسا دەکوژم و

ئەوەی بەرگەش بگرێت، شکۆی مرۆڤبوونی دەشکێنم و ئەوپەڕی ئازاری پێدەچێژم!

لەکۆتاییدا؛ هەقە ئیدی دان بەوەدابنێین، کە پێشتریش ئاماژەمان پێداوە؛ عەجاج وەک دڕندەیەک لەئەنفالدا، بەسێیەم کارەکتەر دوای سەدام و عەلی کیمیاویی ئەژمار دەکرێت، کەسایەتییەکەشی بۆ هەمیشە لەیادەوەریی ئەنفالکراوانی نوگرەسەلمان و گەلی کورد دەمێنێتەوە، چونکە عەجاج هەموو کردەکانی جینۆسایدی بەسەر ئەنفالکراواندا لەماوەی زیندانیکردنیان ئەنجامداوە، ئەم تاوانبارە لەسەر لەناوبردنی هەموو ئاستەکانی تەمەن و رەگەز کاری کردووە، بەڵام جێگەی داخە عەجاج لەسەردەمێکدا دەستگیرکرا، لەسەر ئاستی عێراق، دەیان عەجاجی هاوشێوە بوونیان هەیە، بەڵام بەناوی جیاواز دۆزینەوەشی گرنگییەکەی لەوەدایە؛ جەللادەکان هەرچەندە دڕندە و ترسناک بن، بەڵام مێژوو لێیان خۆش نابێ و ڕۆژێک دێت بەبچووکی دەیاندۆزێتەوە.

**سەرچاوەکان:**

١. گەشت بەناو بریندا، هۆمەر محەمەد، ٢٠٢٥.

٢. نوگرەسەلمان قەلای مەرگ و پاکتاوی نەژادی، سمکۆ سابیر،٢٠٢٤.

٣. ماڵپەڕی www. Mewdamedia.com.

٤. جريده الصباح ٢٠٢٥/٨/١.

٥. كوردستان نيوز بالعربيه ٢٠٢٥/٨/٢١.

٦. عەجاج، کەناڵی رووداو، ٢٠١٧ فەرمان عەبدولڕەحمان.

٧. کەناڵی هەشت، کولتوور ٢٠٢٥/٨/١٨ ستران عەبدوڵڵا.

٨. رۆژنامەی کوردستانی نوێ، حسێن عەزیز، ژمارە، ٩٤٦٩رۆژی ٢٠٢٥/٨/٥.

٩- تاوانی جینۆساید لەیاسا و دادگا نێودەوڵەتییەکاندا، هاوڕێ ئەحمەد، ٢٠٢١.

١٠- ئەنفال و تێگەیشتنە جیاوازەکان، سمکۆ سابیر، بەرگی دووەم.



# دادگاییکردنی عەجاجەکان و ئاشتەوایی کۆمەڵگەیی وئاسوودەیی دەروونیی کەسوکاری ئەنفالکراوان

د. فاتیح سەنگاوی

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و توێژەری بواری ئەنفال

کاتێک توندوتیژیی تائیفی لە عێراقدا برەوی سەند بەتایبەت لە٢٠٠٥ بەدواوە، دواتریش لە نێوان ٢٠٠٦-٢٠٠٧ گەیشتە لوتکە وترۆپکی فڕاندن و کوشت و کوشتار لەسەر ناسنامە و تائیفە لەبەغدا و دیالە و موسڵ و بەسرە و شوێنانی تر، ڕۆژانە تەرمی مردووەکان فڕێ دەدران و لەسەر شەقامەکان دەبینران و بەشێک لە گەڕەکەکانی بەغدا و شوێنانی تر بەزۆر کۆچیان پێدەکراو چۆڵ دەکران؛ زۆرینەی خەڵکی تەنها بیری لای دەمارگیریی تائیفی و ڕێبازە دژبەیەکەکان بوو، بەڵام من بیرم بەلای ئەوەدا دەچوو کە ئاسان نییە لەم ماوە کەمەدا و بەو خوێنساردییەوە دەیان هەزار کەس بکوژرێن بێ ئەوەی زەمینەیەکی کرداریی و پیادەکراو پێشووتر هەبووبێت بۆ ئەم کوشتنانە! کە بە تێگەیشتنی نووسەر ئەو زەمینە و ئەو کارە دڵڕەقییە چەندین سەرچاوەی هەیە نەک تەنها یەک سەرچاوە، ئەو ڕەفتارانە دەگەڕێنەوە بۆ زیاتر لە پاڵنەرێک، لەوانە:

- یەکەم: گیانێکی تاڵانخوازیی خێڵەکیی کە ڕەگی هەیە لە نێو عێراقی عەرەبی و هەندێ لەهۆز و تیرە دەشتەکی و بیابانشینەکان، وەک عەلی وەردی ئاماژەی پێ دەدات

ناوبەناوێک تەنانەت پایتەختیش دەکەوتە بەر شالاوی تالانکاری هۆزەکانەوە و ئەم گیانەش جار بەجار سەر هەڵدەداتەوە.

- دووەم: هەڵنەکردنی پێکەوەیی و ناکۆکیی تایئیفی و مەزهەبیی کە جاریێکیتر ئاگرەکەی خۆش دەکرا وتۆڵەی مێژوو لە ئێستادا دەکرایەوە و هەردوو لایەنی شیعی و سوونی بە ڕێژەی جیاواز تێیدا بەشدار بوون.

- سێهەم: کەلتووری دڵڕەقانە و خوێنڕێژانەی بەعس، کە بەشێکی دەگەڕایەوە بۆ خاڵی یەکەم و بەشێکیشی سەرچاوەگرتو بوو لە نەتەوەگەراییەکی مۆدێرنی تێکەڵ و شێلراو بە فیکری سۆسیالیزم و نەتەوەی سەردەست، کە لەسەرەتای سەدەی بیستەوە ناوچەکەی تەنیبوو(کارەکانی محمد رەزا شا- کەمال ئەتاتورک...هتد)، هۆکاربوو بۆ دروستبوونی دەوڵەت نەتەوە، دەرهاویشتەی ئەم تێڕوانینە پێشتر لە کوشتنی مەیدانی دژ بە ناوخۆی عێراقی و کورد و شەڕی ئێران عێراقدا پیادە کرابوو، لە ئازاردان و کوشتن گرتووخانەکانەوە بۆ کوشتنی خەڵکی کورد بەگشتی تا کۆکوژییەکانی فەیلی و بەرزانییەکان و ئەنفال و هەڵەبجە و سەرکوتکارییەکانی تری کورد و عێراق.

عێراق پڕ و لێوانلێوبوو لە بکوژ و جەلاد، جەلاد لەنێو هەموو پێکهاتەکان، بەعسییەکان چەندیان سونەبوون ئەوەندەش شیعە، ئەو مرۆڤە دڵڕەق و بکوژانە گەر بەشێکیان چووبێتنە ناو هەندێ گرووپی توندڕەوەوە ئەوا بەشێکی تریان مانەوە و بەشدار بوون لەو کوشتن و دڵڕەقییەی لەعێراقدا سەریان هەڵدا،

بێگومان هەندێکیان لەو تاوانانەدا دەستی باڵایان هەبووە. کە دەکرێت سەدانی وەکو عەجاج بۆ پاککردنەوە و خۆشاردنەوە و سڕینەوەی ڕابردوویان بەو ڕۆڵانە هەستابێتن.

کاتێکیش داعش هاتەپێش و لەکوشتن و کوشتار و وێنەگرتنی دڵڕەقییەکانیاندا هەمان وێنەی پێشوو هاتەوە زەینم، چونکە ئەو هەموو پیاوکوژ و جەلاد و دڵڕەقە نە زەوی قوتیدان و هەڵی لووشین نە ئاسمان بەرزیکردنەوە و بردنی، بەڵکو گەر بەشێکیشیان کۆڵیان دابێت و خۆیان شاردبێتەوە ئەوا بەشە زۆرەکەی پشکدار و بەشداری ئەو تاوانانە بوون، بە دیکۆمێنت و بەڵگەش دەرکەوت ئەفسەرانی ئەمنی و سەربازیی سوپای عێراقی و کادیرانی بەعس ڕۆڵێکی یەکجار گەورەیان لەناو داعشدا گێڕاوە. لەم ماوەیەدا بینەری پۆدکاستێک بووم لەسوریا پۆدکاست لەگەڵ سەرکردەکانی دەستەی ئازادکردنی شام کە چۆن باسی لە سەرکردە ئەزموندارەکانی بەعس دەکرد لەناو داعشدا بە تایبەت لەسەرەتاوە، بگرە باس لەوە دەکات کە بەکر ناوێک کە لەسەرکردە باڵاکانی داعش و بەعسیی بووە خودی خۆی خەلیفەی داعشی هێناوە کە پێشتر لە ناوخۆدا ڕۆڵی تری پێسپێرراوە.

ئەم دێڕانە بۆ ئەوە دەنووسم کە ڕۆڵی مەترسیداری عەجاجەکان بزانرێت و هەر بەکۆتایی بەعس کۆتایی بە کاریگەریی ئەوان نەهاتووە، تەنانەت بەشێک لەو ڕقەی هەندێجار بەرامبەر بە کورد و پێکهاتەی تریش دەوروژێت بەشێکی

دوور و نزیک پەیوەندیی هەیە بەو کەسانەی هێشتاش پڕن بە ئایدیۆلۆژیای بەعسی ولە بازنەیەدا دەخولێنەوە گەرچی ئێستە ناونیشانێکی تریشیان هەبێت. لێرەوە دۆزینەوەی تاوانباری وەکو عەجاج و هاوشێوەکانی دادگاییکردنی سزادانیان گەرچی دواکەوتووە بەڵام هێشتاش ئەو کارە بایەخی کۆمەڵگەیی گرنگ و واتای تایبەتیی خۆی هەیە، لەلایەکەوە بەشێکە لە دادگەریی ڕاگوزەری و گواستنەوە و بریتی و پاداشتێکی مەعنەوییە (گەرچی لە کرۆکی ئەو بابەتە نییە) بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان و هۆکارێکی ئاشتەوایی کۆمەڵگەییە بەشێوەیەکی باشتر.

عەجاج ئەحمەد حەردان ترسناکترین و دڵڕەقترینی ئەو کەسانەبوو کە لە پرۆسەکانی ئەنفالدا ئازاریی زیندانییانی مەدەنی خەڵکی سیڤیلی داوە، ئەفسەری بەرپرسی قەڵای نوگرە سەلمان بوو، ئەو بەشداربوو لە برسی و توینیکردن و ئازاردان تا دەستدرێژیکردنی سێکسی بۆ سەر ئافرەتانی کورد تا دەگاتە کوشتن و بڕین. ئێستەو دوای دەزگیرکرنی عەجاجی تاوانبار و تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن ئەوانەی بەدەستییەوە ئازاریان چەشتووە و شایەتحاڵی ئەو ڕووداوانەن و بەپێی بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق؛ کاتی ئەوەیە ئەم ڕێوشووێنانە بگیرێتەبەر لە پێناو بەپایانگەیشتنی دادپەروەری و ئاسودەیی دەروونی کەسوکاری ئەنفالکراوان و جۆرێک

لە قەرەبوی مەعنەوی، لەو ڕاسپاردە و ڕێوشوێنانە پێشنیار دەکەم:

یەکەم: ئەم پرسە وەک پرسێکی دەستگیرکردنی تاوانبارێکی سادە سەیر نەکرێت، بەڵکو وەک دەستگیرکردنی تاوانبارێکی گەورە و دڕندە و دڵڕەق بۆی بڕوانرێت، ئەمە پێشکەوتنی بڕیاری دادگا نییە و باسی دادگاش ناکەم، باسی تێڕوانینی دەرەوەی دادگا دەکەم لەلایەن ئێمەی کورد و پاشان عێراقییەکانەوە، باسی کەیسێک دەکەم کە گرێدراوی گەلێکە و سەرەداوی چەندین تاوان و تاوانبار و نهێنی نەدرکێنراوە، کە دەکرێت لێرەوە ڕایەڵەی پێگەیشتن ببینینەوە و سەرەداوی زۆر تاوانیتر بزانین.

دووەم: زۆر پێویستە سیاسی و کاربەدەستانی کورد بێنە سەرخەت وپەیوەندی بکەن بەسیاسی و حوکمڕانانی بەغدا و دەزگای دادوەری و لایەنە پەیوەندیدارەکان و گرنگی ئەم کەیسە وبایەخ و هەستیارییەکەی بدەن بەگوێیاندا بۆ ئەوەی بەجیدیەتەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت و ڕێگەی لابەلاو دەستوەردانی جۆربەجۆری تێدا نەکرێت.

سێهەم: زۆر گرنگە پێش وەرگرتنی سکاڵای شایەت حاڵەکان و دەسکردن بە دادگاییەکە داوەرەکان ئاشنابکرێن بەکەیسی ئەنفال و بەشێک لەو زانیارییانەی پێویستن؛ لەلایەن شارەزایانی ئەو بوارەوە تاوەکو دادوەرەکان ئاشنابن بە کەیسەکە و ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی بزانن.

چوارەم: ئەوانەی شایەتحاڵن لەم کەیسەدا و زانیارییان هەیە، هەموویان سکاڵا تۆمار بکەن و بچنە دادگا و ڕێگە نەدرێت لە وەرگرتنی سکاڵای سکاڵاکاراندا هیچ نەفەسێکی حیزبی تێکەڵ بکرێت و بەو هۆیەوە پاش وپێشی تێبکەوێت.

پێنجەم: چالاکوان و کەسوکاری ئەنفالکراوان بەشتی لاوەکی ئەم بووارەوە خۆیان سەرقاڵ نەکەن کە پرسە سەرەکییەکە بەلاڕێدا دەبات و گرنگی بە شتگەلێک دەدرێت کە لە کرۆکی باسەکە نییە و خزمەتی کەیسەکە ناکات.

شەشەم: دڵنیابوون لەوەی هیچ دەستوەردان و بەلاڕیدابردنێک لە ئارادا نییە و ڕەوتی دادگاییکردنەکە بەشێوەیەکی ئاسایی و یاسایی دەڕۆن و هیچ پەستان و فشار و گوشارێک لە ئارادا نییە.

حەوتەم: بەدواداچوونی ئەو ئەنجامانەی بەدوای دادگاییەکەدا دێت، بۆ نموونە تۆماری دادگا سەبارەت بە وردەکارییەکانی دادگاییەکە و زانیارییە بەدەست هاتووەکان، بەدواداچوون و گەڕان و گرتنی تاوانبارانیتری کەیسی ئەنفال و دادگاییکردنی ئەوانیتریش.

هەشتەم: پشتگیری و سپۆنسەری دۆزینەوەی هەر کەسێک لە عێراقدا شایەتحاڵ بووە و ئاگاداری چیرۆکی ئەنفالکراوان و کوشتن وزیندەبەچاڵکردنیانە و پاداشتکردنیان لەڕووی داراییەوە، لێبوردنیان گەر ڕاستەوخۆ بەشدار نین بە مەرجێ ڕاستییەکان وەک خۆیان بڵێن وڕووداوەکانمان بۆ بگێڕنەوە بۆ

ئەوەی ئەو چیرۆکانە لە دەست نەچن و وەک بەشێک لە دیرۆک و مێژووی گەلەکەمان تۆمار بکرێن و دواتر وەک دۆکیۆمێنت سوودیان لێببینرێت و لە فیلمسازی و هتددا بەکاربهێنرێت.

نۆیەم: بۆنەی دەزگیرکردن و دواتر دادگاییکردنی عەجاج؛ گرنگە ببێتە پاڵنەرێک بۆ کارکردنی جیددی لەسەر کەیسی ئەنفال و بکرێتە بۆنەی هەوڵی چوست و چالاکانە بۆ ئەم کەیسە مرۆیی نیشتیمانییە، لەوە زیاتر پشتگوێ نەخرێت و نەبێتە کەرەستەی ململانێی حیزبی و قوربانیی بێباکیی دۆزێکی وەها گرنگ و چارەنووسساز بۆ گەلەکەمان وزیندووکردنەوەی هەر هەوڵ و چالاکی و کارێک کە خزمەتی کرداری و خێرا دەکات و سوودی دەبێت بۆ ئێسای کەسوکاریان و دوارۆژی چارەنووسی گەلەکەمان.

ماوەتەوە بڵێین: دادگاییکردنی تۆمەتبار و تاوانباریی هاوشێوەی وەک عەجاج، بەتایبەت دوای زیاتر لە ٣٥ ساڵ ئومێدێک بە پرسی دادپەروەریی و دەزگای داوەریی دەدات و ئاسوودەیی دەروونییە بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان و ئاماژەیەکی ئیجابییە بۆ ئەوەی کە تاوانباران لەهەر کاتێکدا بێت ئەگەری ئەوەیان هەیە بگیرێن ودادگایی بکرێن، گەرچی لەم پرسەدا کەمتەرخەمی گەورە و بەمەبەست و دەستئەنقەست هەیە.



# نوگرەسەلمان:
# حەجاج و قوربانی؛ تۆمەتبارو تاوانبارو دۆسییەی ئەنفال و داهاتوو؟

تەها سلێمان

## پێناسەیەکی کورت

زۆربەی ژێدەرو سەرچاوەکان جەخت دەکەنەوە کە زیندان یان گرتوخانەی (نوگرەسەلمان) یەکێکە لە زیندانە کۆنەکانی عێراق، دەکەوێتە پارێزگای موسەنا لە شاری سەماوە، لە ساڵی ١٩٣٠ لە سەردەمی پادشایەتی هاشمی و دواتریش لەلایەن میرییەکانی عەبدولکەریم قاسم و سەددام حوسێنەوە بەکارهێنراوە، شوێنی زیندانەکە کە قەزای سەلمانە لە ناوچەیەکی بیابانی نزیک سنووری عێراق و عەرەبستانی سعوودییە. زیندانەکە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانی ئینگلیزەوە دامەزرا، چونکە ناوچەکە دوورەو شوێنی دوورخستەوە بوو لەو سەردەمەدا، وەک چۆن ئینگلیزەکان نزمایییەکانی سەلمانیان هەڵبژارد، یان ئەوەی بە نوگرەسەلمان ناسراوە بۆ ئەوەی بنکەی سەرەکی ئەم زیندانە بن.

نوگرەسەلمان دوو زیندانی هەیە، یەکەمیان ئەو زیندانەیە کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دروستکراوەو ئەوی تریان لەسەر یەکێک لە گردەکانی سەلمان لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لەلایەن میریی عێراقەوە دروستکراوەو زۆر لە زیندانەکەی پێشوو گەورەترە.

**نوگرەسەلمان و تاوانی جینۆساید و ئەنفال**

لەم زیندانە هەمیشە تاوان لەپلەی باڵادا بوە و کاتێکیش باسی ئەم زیندانە کرابێت ڕاستەوخۆ بیر لەئازارو ئەشکەنجە و کوشتن و لەناوبردن کراوەتەوە، چونکە دڵڕەقییەکان تیایدا هەموو سنوورەکانی بڕیوە و گەشتوەتە ئاستێک، مرۆڤ بەئاستەم بڕوایان پێبکات یان بڕواکردن پێیان بتخاتە بەردەم چەندین پرسیاری جددی و ڕاتبگرێ، کە چۆن دەبێت دڵڕەقی بەرامبەر مرۆڤ بگاتە ئەو ئاستە مەترسیدارە!

ساڵی ١٩٨٨ لەم زیندانە یەکێکە لەساڵە پڕ لەتاوانەکان (تاوانی جینۆسایدی ئەنفال) و ڕژێمی بەعسی فاشی لەم ساڵەدا، لە پەلامارێکی سەربازی گەورەو پلان بۆ دارێژراو (هەشت قۆناغ – دەیەیی یەکەمی مانگی دوو بۆ سەرەتای مانگی نۆ) تاوانی جینۆسایدی ئەنفالی ئەنجامدا، کەتیایدا (دیان هەزار مرۆڤ، هەزاران گوند، سەدان قوتابخانە، سەدان مزگەوت، سەدان هەزار دۆنم زەوی، ژێرخانی ئابووری، کلتووری، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی) پێکەوە جینۆسایدکران.

بەپێی گێڕانەوەی ئەوانەی لەتاوانی جینۆسایدی ئەنفالدا ڕزگاریان بووەو باسی دەکەن، سەرجەم ئەوانەی کە لە زۆربەی قۆناغەکانی تاوانەکەدا دەستگیرکران، گوێستراونەتەوە بۆ سەربازگەی (تۆپزاوا) و لەوێ کۆکراونەتەوە و دواتر گەنجەکان لەلایەک و ئافرەت و منداڵ و بەتەمەنەکانیش لە لایەکی تر جیا کراونەتەوە، گەنجەکان بە پاسی تایبەت بەرەو زیندەبەچاڵکردن

ڕەوانە کراون و ئەوانی تریش بەرەو زیندانی نوگرەسەلمان گواستراونەتەوە.

یەکێک لە بەڵگە و دۆکۆمێنتە گرنگ و سەلمێنراوەکان، ئەو گەنجانەی کە زۆرینەی دەستگیراوەکان بوون، هەموو شتێکیان لێوەرگیراوە و تەنیا فانیلەیەک و دەرپێیەکی کورتیان لەبەردا هێشتوونەتەوە، کە ئەمە نیشانەی سەلمێنراوی کۆمەڵکوژکردنیانە و لەدوای ڕووخانی بەعس و دەرکەوتنی گۆڕەبەکۆمەڵەکان ئەم ڕاستیە لەجارێ زیاتر سەلمێنراوە.

ئەوانەی بەرەو نوگرەسەلمان گواسترانەوە (پیرو پەککەوتەبوون) و بەشێکی کەمیان گەنج بوون، زیاتر لە پێنج مانگ لەو زیندانەدا دەستبەسەر بوون، پێش ئەوەش زۆربەی ئەو خێزانە هەڵبجەییانەش، کە لە ئێران دەگەڕانەوە بەرەو نوگرەسەلمان براون و لەوێ زیندانی کراون.

## جەلادێک بەناوی حەجاج

ئەو هەزاران ئەنفال کراوەی لە زیندانی نوگرەسەلمان دەستبەسەر بوون ڕۆژانە ئازاری دەستی جەلادێک دەچێژن، ئەو جەلادە ناوی حەجاج ئەحمەد حەردان تکریتی بوو کە لەسەر زمانی ئەنفالکراوەکانەوە بە (حەجاج) ناوی دەبرێت، کە سەرپەرشتیاری زیندانی نوگرەسەلمان بوو، ئازار و ئەشکەنجەی چەندان زیندانی بە خراپی داوە و تا ئاستێک بەشێک لەشایەتحاڵەکان بەڕوونی باسی ئەوەدەکەن دەستدرێژی سێکسی کردوەتە سەر چەندین

کچی گەنج، ئەوانەی دواکاروان هێنراون بۆ زیندانەکە.
قادر مستەفا (کۆچی دوایی کردوە) لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: (بەدەستی خۆم زیاتر لەچوارسەد کەسم شۆردوەتەوە، کە لەبرسیا و تینویا گیانیان لەدەست دەدا).

## سەگەکانی نوگرەسەلمان و حەجاج

ئەو کەسانەی نەمردن و لەنوگرەسەلمان گەڕانەوە، بەشێوەیەکی زۆر ترسناک باسی سەگەکانی نوگرەسەلمان دەکەن. پێش ساڵی ١٩٩١ ئەو کەسانەی کەلەم زیندانە گەڕابوونەوە، لەترسی دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس نەیاندەوێرا باسی دڵڕەقییەکانی ناو ئەم زیندانە کەن، چونکە هەرباس و خواسێک لەم بارەوە جارێکی تر ڕووبەڕووی بێسەروشوێنکردن و مەرگی دەکردنەوە، بەڵام دوای ١٩٩١ بەشێکیان (کەم و زۆر) ئازارەکان و دڵڕەقییەکانیان دەگێڕایەوە، بەتایبەت باسی حەجاج و سەگەکانی نوگرەسەلمان و بەشێکی تریشیان لەبەرباری کۆمەڵایەتی و سەرنجی نەشیاوی خەڵک لەسەریان، بەئێستاشەوە هێشتا باسی ڕووداوەکانی ناو زیندانەکە ناکەن، کە ئەمەش وای کردوە زۆربەی چیرۆک و ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ناو زیندانەکە لەنێوبچن و بەزیان بۆ دۆسییەی تاوانەکە بشکێتەوە!
لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ و نەمانی ڕژێمی بەعس، ئیتر گەڕاوەکان لەم زیندانە کەمێک ئاشکراتر باسی زیندانەکەیان دەکرد. چەندین ژن باسی ئەوە دەکەن کە چۆن مناڵەکانیان مردووەو شەو

حەجاج و سەربازەکان لێیان وەرگرتوون و بەیانیەکەی لاشەو دەست و قاچی مناڵەکانیان بەدەم سەگەکانەوە بینیوە.

ئامین کە ژنێکی دانیشتووی گەرمیانە (ئاوایی قەڵاچەرمەڵە) و لەزیندانی نوگرەسەلمان گەڕاوەتەوە دەڵێت: (ئێوارە کچەکەم لەباوشما گیانی سپارد، بەیانی بـەزۆر لێمیان سەند، توونـد گرتبوومە باوشم، حەجاج بەدارەکەی دەستی تا هێزی تیابوو دایە بان دەستما، تەرمی کچەکەم کەوتە سەر زەوی و بردیان و نەمزانی ناشتیان یان کردیانە بەردەم سەگەکان).

ئەوەتا ئەنفال کراوەکان و ئەوانەی لەنوگرەسەلمان گەڕاونەتەوە زۆربەیان دەڵێن (سەگەکان زیندانیەکانیان ترساندبوو، سەگی ئاسایی نەبوون، تووکیان درێژ و زۆرینەیان ڕەنگی ڕەش و گەورە بوون، گۆشتی مردووانیان پێدەدرا، خێزانەکان لە کاتی نەخۆشکەوتنی منداڵانیان لەوە دەترسان ببنە خۆراکی سەگەکان).

نموونـەیـەک؛ لـەنـاوەڕاسـتـی نـەوەدەکـان و لـەژمـارە چـوار ڕاپۆرتێکی بنکۆڵکاری ڕۆژنامەوانیم بۆ گۆڤاری (گۆڤار) ئامادەکرد و شوێنی سەرەکی ڕاپۆرتەکەشم ئۆردگای (سمود - ڕزگاری) بوو. ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە لەبارەی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال و زۆرترین کاریگەرییەکانی لەسەر بەجێماوان لەتاوانەکە بەگشتی و ژنان بەتایبەت بوو، کە تیایدا زیاتر لەکەسێکم دواندبوو لە (پیاو، ژن، گەنج).

لـەنـاو ڕاپـۆرتـەکـە نـمـوونـەی (ژنـێـکـی گـــەڕاوەی زینـدانـی نووگرەسەلمان) م وەرگرتبوو؛ داخم زۆرە ناوی ژنەکەم بیرنەماوە

و ژمارەی گۆڤارەکەشم لەبەردەست نیە تا بۆی بگەڕێمەوەو ناوەکە دانێم! لەکاتی گفتوگۆ لێم پرسی (ئێوە وەک ژنان دۆختان چۆن بوو لەنووگرەسەلمان)؟ ژنەکە بەم شێوەیە وڵامی دامەوەو وتی: (دەستی بشکێ عەجاج بەقامچیەکەی دەستی چاوێکی کوێر کردم)، منیش ئەمەم کردە یەکێک لەناونیشانە سەرەکیەکانی ڕاپۆرتەکەم و بایەخی زۆرم پێدا.

بۆ ئەوکاتە هەندێ دۆست و ئەحباب پێیان وابوو کە برێک زیادڕۆیم کردوە و باشتربوو وردتربم لەبابەتەکەمدا! تەنانەت بیرمە لەچاوپێکەوتنێکی تریش لەگەڵ (قادر مستەفا - قالە پەموو) پێی وتم (بەتاقی تەنیا خۆم نزیکەی چوار سەد مردووم لەنووگرەسەلمان شۆردوەتەوە)؛ ئەم دووزاتە هەردووکیان لەژیاندا نەماون، بۆ ئەوەی (مام قادر) چوومە پرسەکەی و ئەوەی (ژن)ەکەش بەداخەوە جارێکی تر بۆ زانیاری بەدوای ماڵیاندا دەگەڕام پێیان وتم کۆچی دوایی کردوە!

**شایەتی ژنێکی چەمچەماڵ**

لە مانگی حەوتی ٢٠٢٥چاوپێکەوتنی ژنێکی ئۆردگای (شۆڕش - چەمچەماڵ)م بینی، باسی چیرۆکی ئەو ژنەی (ڕزگاری) ی کرد کە چۆن عەجاج چاوێکی کوێرکردوە و بەدوایدا چەند ژنێکی تریش چیرۆکی ئازارو ئەشکەنجەی خۆیان لەژێردەستی (حەجاج) لەنووگرەسەلمان دەگێڕایەوە، کە مرۆڤایەتیان دەکردە دەریایەک لەشەرمەزاری!

## سەرەتای وەرچەرخانێکی چۆنایەتی

ئەمەم بۆیە گێڕایەوە بڵێم؛ دواى دەستگیرکردنی، دادگایی کردنی حەجاج پەلە پەلی ناوێ یان بەتەنیا دادگایی کردنی ئەم تاوانبارە لەدواى سووڕی یەکەمی دادگایی کردنی تاوانبارانی دۆسییەی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال لە٢٠٠٦؛ نەک کۆتا تاوانبارو کۆتا دادگایی، بەڵکو دەبێت سەرەتای وەرچەرخانێکی چۆنایەتی بێت لەدۆسییەی تاوانەکەدا (تاوانی جینۆسایدی ئەنفال) کە تا ئێستا کەمترین بایەخی پێدراوەو نە لەسەرئاستی ناوخۆو نەلەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نەجوڵێنراوە و بێگومان ئاڵنگارییەکانی بەردەمی زۆرن!

## پرسیاری گرنگ و جەوهەری

(چی بکرێت)؟ وڵامەکە ئاسانە؛ بەڵام دەبێت ئامادەبین ڕێگا سەختەکە بگرین و نەترسین لەبڕینی، چونکە هەوراز و نشێوی زۆرمان لەپێشەو ساتمەی زۆرمان پێدەکات و هەر ساتمەکردنێکیش ئەنجامی لق و پۆپی ئاڵنگارییەکانی بەردەم ڕەوایەتی کارکردنمانە لەدۆسییەی تاوانەکەدا!

بەپێی لیستی دادگای باڵای تاوانەکان لەعێراق (سڕکراو) ؛ (٤٢٢) تۆمەتبار لەدۆسییەی تاوانی جینۆسایدی ئەنفالدا داواکراون و تۆمەتەکانیشیان تێوەگلانیانە لەتاوانەکە. پێش هەر قسەیەک و بەهەموو پێوەرێکی لۆژیکی و یاسایی ئەم تۆمەتبارو داواکراوانە دەبێت بچنە بەردەم دادگاو لێپێچینەوەو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ

بکرێ؛ پاشان تەنیا دادگا دەتوانێ بێتاوانی یان تاوانبارێتیان بسەلمێنێ، نەک لایەن و کەس و ڕێکخراو؛ یەقینیشم لەوەی زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی داواکراون و ئەوانەشی لەبەرهەر هۆکارێک داوانەکراون، لەئەنجامی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردن تاوانبار دەردەچن بەبەشداریکردن لەئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال.

بەڵام دەمەوێ ڕوونتر بێژم ئەو لیستی ژمارە (٤٢٢) کەسییە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە و ژمارەی تاوانبارو تۆمەتباری بەشدار لەتاوانی جینۆسایدی ئەنفال، چەند قات لەو ژمارەیە زیاترەو ناکرێ لە (حەجاج) دا قفڵ بکرێ و ببێتە (٤٢٣) تۆمەتبارو تاوانبار؛ چونکە قفڵکردنی دۆسییەی تۆمەتبارو تاوانبارەکان تەنیا لە (حەجاج) دا گەورەترین خزمەتە بە تەواوی تۆمەتبارو تاوانبارو داواکراوەکانی تر کە ئێستا نەچوونەتە دادگاو نە دامەزراوەیەکی پێویست هەیە (ناو، ناونیشان، بەرپرسیارێتیان لەکاتی تاوانەکە) ساغ بکاتەوەو ڕاپێچی دادگایان بکات!

## سەرنجدانێکی خێرا

بەشداربوەکانی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال وەک (حیزبی بەعس و سەرکردایەتی و لقەکانی، سوپای عێراق ئاسمانی و زەمینی، دەزگای هەواڵگری سەربازی، دەزگای ئەمن و هەواڵگری، دەزگای ئەمنی خاس، لیواکانی گاردی کۆماری، دەزگای پۆلیس، فەوجە سوکەکانی جاش، مەفرەزە خاسەکان) و

چەندین دامەزراوەی تری سەربازی و ئەمنی و مەدەنی و هتد کە نەنگیەکی گەورەیە جگە لەهەوڵێکی تاکەکەسی (نەجمەدینی فەقێ ئەولاو دەرسیم دیبەگەیی) نەتوانراوە لیستی تاوانبارو تۆمەتبارەکان ساغ بکرێتەوەو ژمارەیەکی دروست لەبەردەست بێت، بۆ ئەوەی ڕوکنێک لەڕوکنە گرنگەکانی پێویستی دۆسییەی تاوانەکە ساغ بکرێتەوە!

تەنانەت ئەو ژمارەی (٤٢٢) تاوانبارو تۆمەتبارە، پشتبەستوە بە کتێبی (توونی مەرگ) کە لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ هاوڕێی نووسەر (نەجمەدینی فەقێ عەولا) وەک کتێبێکی دۆکۆمێنتاری ئامادەی کردوە و دواتر لیستی بەشێک لەو تاوانبارو تۆمەتبارانە خراوەتە ناو دۆسییەی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال و بوەتە بەشێک لەدۆکۆمێنتەکانی دادگای باڵای تاوانەکان لەعێراق، کە چەندین سەرنجی بنەڕەتی و جددی لەسەرە!

بەڕای ئێمە لیستی (تاوانبارو تۆمەتبارەکان)ی دۆسییەی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال (زیندوو یان مردوو) پێویستی بەسەرلەنوێ ئامادەکردنەوە و دارشتنەوە هەیە لەسەر ئاستی (عێراق و کوردستان)؛ ئەمەش پێویستە دامەزراوەیەکی تۆکمەی دوور لەحیزب و دەسەڵات پێی هەڵسێت، بۆ ئەوەی کارەکە لەئاستی پێویست و گرنگی و بەهای یاسایی خۆیدا بمێنێ و جێگیربکرێت؛ و ناشتوانرێ هەوڵەکانی (دەرسیم دیبەگەیی) نادیدە بکرێ، کە دەتوانین بێژین باشترین پرۆژەی ئامادەکردنی لیستی ناوی تۆمەتبارو تاوانبارەکانی دۆسییەی تاوانەکانی جینۆسایدی گەلی

کورد و کوردستانە و دەکرێ پشتی پێبەستریێت، وەک پڕۆژەی کارکردن لەم ئاستە و ئەو لیستەی (تاوانبارو تۆمەتبارەکان) کە ئامادەی کردوە و تا ئێستاش کاری تیا دەکات، لە (٧٠٠) تاوانبارو تۆمەتبار نزیکبوەتەوە و گومانم لەوەش نیە بەردەوام ژمارەی تۆمەتبارو تاوانبارەکان زیاد دەکەن؛ چونکە لەنوێترین هەوڵ و بەدواداچوونیدا (کاروان یاروەیس) پەرلەمانتاری خولی ئێستا ٢٠٢٥ ئاشکرای کردوە کە ژمارەی داواکراوەکان (٤٥٠ کەسن و ٣٦٥)یان کوردن و نەچوونەتە بەردەم دادگا. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ ژمارەی (٤٢٢) تاوانبارو تۆمەتبار هەڵەیە، چونکە (یاروەیس) پشتی بە وەڵامی فەرمی داواکاری گشتی عێراق لەبەدواداچوونەکەی بەستوە، کەواتە ئەم بابەتە پێویستی بەپێداچوونەوەی جددیە.

هەر تایبەت بەم پرسە دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە جگە لە (دۆسییەی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال) لە هەریەک لەدۆسییەی تاوانەکانی (جینۆسایدی هەڵەبجە، دۆسییەی تاوانی جینۆسایدی فەیلییەکان، دۆسییەی تاوانی جینۆسایدی بەرزانیەکان، دۆسییەی تاوانی جینۆسایدی ئەشکەوتی دەکان، دۆسییەی تاوانی جینۆسایدی گوندی سۆریا، دۆسییەی تاوانی جینۆسایدی قەڵادزێ، دۆسییەی تاوانی جینۆسایدی ئێزدییەکان) و تاد... هەریەک لەم دۆسییانە دەیان و سەدان تاوانبار تیایدا بەشدارییان کردوە، چ شەرمێکی گەورەیە نە لای دەسەڵات و نەش لای ڕێکخراوەکان و نەش لای دادگاکان لیستی ئەو تاوانبارو تۆمەتبارانەمان نەبێت؟

## راست و دروست

راست و دروست ئەوەی لەم بارەوە (دۆسییەی تاوانەکانی جینۆساید لەکوردستان و پرسی دادگایی کردنی تاوانبارو تۆمەتبارەکان) دەگوزەرێ، نەک عەیب بەڵکو گەشتوەتە ئاستی ترۆپکی نابەرپرسیارێتی، بۆیە پێویستە پێش هەموو شتێک ئەو نابەرپرسیارێتیە تێک بشکێنرێ، ئەو کات لەدامەزراوەیەکی دادوەری سەربەخۆدا یەک بەیەکی دۆسییەی تاوانبارو تۆمەتبارەکان ساغ بکرێتەوە و باشترین دەست پێکیش ئەوەیە؛ گرتن و دادگایی کردنی (عەجاج ئەحمەد حەردان تکریتی) بکەینە دەروازەی تێهەڵچوونەوە لەم پرسە گرنگە نەک قفڵکردنی وەک لەپێشووتریش باسم کرد.

ئەوکاتەش دەیان هەزارکەسی قوربانی تاوانی جینۆساید لەکوردستان، دەبنە خاوەن ماف و داخوازی ڕاستەقینەی خۆیان کەدادگایی کردنی تاوانبارو تۆمەتبارەکانی دۆسییەی تاوانەکەیە و هەروەک دەتوانین ناڵەو حەسرەتی هەزاران دایک لەنموونەی (ئەو ژنەی حەجاج بەقامچیەکەی دەستی کوێری کرد) ئارام بکەینەوەو پاشان هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی خاڵە بنەڕەتی و گرنگەکانی تری دوو توێی دۆسییەی تاوانەکە بنێین...

## نوگرەسەلمان و دوانەی تۆقاندن

بەکورتی دەتوانین بڵێین (سەگ و حەجاج)دوانەی تۆقاندنی ئەنفالکراوەکانی ناو زیندانەکە بوون، ئەگەر تاوانی ئەنفال جارێک تۆقاندبوونی، ئەوە حەجاج و سەگەکان ڕۆژی هەزارانجار

دەیانیانتۆقان و مەرگی ڕاستەوخۆیان پیشان دەدان!

ئەمە چیرۆکی ئەو فیلمە سینەماییە نەبینراوەیە، کە تەواوی سینەماکارانی کورد و کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهان، قەرزارین و هێشتا نەیانتوانیوە لێی نزیک ببنەوە!

## جەلالی هەزارکانی

ماوەی سێ ساڵە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ساڵانە و لەمانگی چواردا، دەچنە زیندانی نوگرەسەلمان و لەوێ یادی ئازیزانیان دەکەنەوە. جەلالی هەزارکانی خەڵکی ئاوایی هەزارکانیە و کەس و کارەکەی لەتاوانی جینۆسایدی ئەنفالدا لەدەستداوەو دەڵێت: (لەڕۆژێکی مانگی چواری ٢٠٢٤دا لەگەرمیانەوە بەڕێکەوتین بەرەو نوگرەسەلمان، پاش ڕێبڕینێکی زۆر گەیشتینە سەماوە، بەیانیەکەی کاتژمێر شەش لەسەماوەوە بەڕێ کەوتین بۆ قەڵای نوگرەسەلمان کەلەلای کوردەکان (بەقەڵای مەرگ) ناسراوە. قەڵایەک بۆئەوانەی ڕۆژانێک لەوێ تێدا بەند کرابوون هە ستێکی پڕ لەناسۆرو پڕمەینەتە بۆیان...خۆرئاوایەکی دەرنگ گەیشتین و قەڵاکە لەسەر بەرزییەکە و دەشتاییەکی چۆڵوهۆڵ تاچاو بڕکات بیابانە.. هیچ شتێکی لێ ناڕوێ تەنها مار میلەکەو قەم قمۆکم تێدا بینیوە.. خەڵکی ئێمە ئاشنایە بەچیاو شاخ و کێوو دۆڵ و گردو یاڵ... بۆیە لەڕووی دەروونیەوە ئەمە مردنێکی ڕۆحییە و ئەوشەوە چەند چالاکیەک لەنێوو قەڵاکە ئەنجامدرا تاکو دەرنگانێکی شەو... هەریەکە و بارگەوبنەی خۆی لەنێو قەڵا

و دەرەوەی قەڵاداخست... بڕیاربوو هە مووومان تەنها نان و ئاو بخۆین...بۆ؟ لەبەر ڕۆحی ئەو ئازیزانەمان کەڕۆژانێک لەم قەڵایەدا تەنها سەمونێک و چۆڕێ ئاو بووە بیخۆن (ئەگەر هە ش بووبێ) جەلال دەڵێت: (چواردووری قەڵاکە پڕە لەگۆڕستان، گۆڕی ئەوانەی لەم قەڵایەدا یان لەژێر ئازارو ئەشکەنجەدا گیانیان سپارد و بەرگەی گەرما و تینوێتی و برسێتییان نەگرتوە و مردوون یان هە ر لەترس و دڵ ڕاوکێدا زراویان تەقی!

## چواردەوری قەڵا پڕە لە ئێسک و پروسک

هەروەک شایەتحاڵەکان دەگێڕنەوە و باسی دەکەن (بەکۆمەڵ خەڵکیان هێناوە لەنزیک ئەم قەڵایە زیندە بەچاڵ کراون و قەڵا و چوار دەوری قەڵا پڕە لەئێسک و پروسکی ئازیزانمان پڕە لەو کەلوپەلانەی کە ئێمە بەکاریان دەهێنین، بەتایبەتی ئەوانەی گوندنشینەکان؛ بۆیە نابێت و ناکرێت لەو قەڵایە بیت و بەشوێن ئێسکوو پروسک و لاشەی کەسوکارت نەگەڕێت).

جەلالی هەزارکانی چیرۆکێک کە پڕە لەپرسیار دەگێڕێتەوەو دەڵێت: (لەکاتی گەڕان و پشکنین چەندین گۆڕی منداڵ و ژن و پیاوی بەتەمەن دەدۆزیتەوە و ئێسکەکان بستێک لەژێر لمدان و بەدەست ئەتوانی دەریان بێنی، گڵ و تاوێرو بەردی لەسەرنیە و لەکاتی کنە و پشکنین پێڵاوی منداڵان و کڵاوی کوردی و جەمانە و شەرواڵی کوردی و کلو کلدان و جلی ژنانە و دەیان شتی تر دەدۆزیتەوە و لەنزیک گۆڕی منداڵێک پێنج فلسم دۆزیەوە و

ڕۆح و هە ناومی هەلا هەلاکرد و دەبێت چی دایکێک یان باوکێک بۆئەوەی منداڵەکەی پێ ژێربکاتەوە داوێتیە دەستی منداڵەکەی و دەبێت ئەو منداڵە چەند دڵخۆش بووبێ و چاوەڕێی کام بەقاڵی کردبێ بەخۆی و نوقڵە ترش و شیرینەکانیەوە خۆی بەئاوایدا بکاو ئەمیش پێنج فلسەکەی پێبداو پسکیتێکی پێبکڕێت)؟

## نمایشێک و هەزاران پرسیار

هاوڕێ پێشڕەو یەکێکە لەچالاکە دیارەکانی بواری داکۆکی لە کەسوکاری قوربانیانی جینۆساید و ئەنفال و لەگێڕانەوەیەکیدا دەڵێت: (ڕێبوار قەرەبڵاغی ژن و منداڵەکانی لەقۆناغی سێی تاوانی ئەنفال لەگەڵ هەزاران کەسی ڕەشوو ڕووتی دێهاتەکان ڕاپێچی زیندانەکانی تۆبزاوا و نوگرەسەلمان دەکرێن و جارێکیتر بەدیداریان شادنابێتەوە! ڕێبوار (٣٦) ساڵە بەئازاری دابڕانی جگەرگۆشەکانیەوە ژیان دەگوزەرێنێت و یەکێک لەمنداڵەکانی پێش تاوانی ئەنفال زۆر حەزی لە خورمادەبێت و ئەمە برینێکی سارێژ نەبوە لەجەستە و ڕۆحی ڕێبوارو بۆهەمیشە لەمێشکیدا گێنگڵ دەکات؛ لەسەفەری ئەمساڵی نوگرەسەلماندا (٢٠٢٥) کاک ڕێبوار لەنمایشێکی پڕ لە تاسەو ئاواتی دووری ئازیزانی لەدرەنگانێکی شەوی ١٦-١٧ /٥/ ٢٠٢٤ لەسوچێکی هۆڵە پڕلە ئازارەکانی قەڵای نوگرەسەلمان نان و خورما و ئاو بۆ منداڵەکانی دادەنێ و دەڵێت: (وەرن ڕۆڵە شرینەکانم باوکتان وا لێرەیە نان و خورمام بۆ هێناون وەرن پێکەوە لەسەر سفرەکەی باوکتان وەک جاری

جاران کۆببینەوە بەڵکو تاسەی دوریتان بۆچەند چرکەیەکیش بێت دڵی پڕلەکولّم دامرکێنێتەوە! دوای چاوەڕوانیەکی زۆر و بێ هیوابوون بەدیداری جگەرگۆشەکانی هەریەکە و بەدەستە پڕلە حەسرەتەکانی تیکەیەکی نان وخورمایان بۆدادەنێ و دەڵێت: ڕۆڵە شرینەکانم سفرەکەتان بۆ بەجێدێڵم بەڵکو دوای من هاتنەوە و شادبنەوە بەدیاریەکەی باوکتان؟ بیرتان نەچێت بەخەویش بێت ئامان لەبیرم مەکەن بێنەوە خەونم و دەروونی پڕلەکولّم بۆساتێکیش بێت دابمرکێننەوە)؟

کێ ئەم چیرۆکە بخوێنێتەوە جەرگ و دڵی نابێت بەئاو؟

## کاروانێک بەرد بەرە و نوگرەسەلمان

پشکۆ مەحەمەد هونەرمەند و خەمخۆری دۆسییەی پاراستنی ئاسەوارەکانی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال دەڵێت: (لە دەستپێشخەری و هەنگاوێکی گرنگدا و بەهەستێکی نیشتمانیانەوە، دامەزراوەی کەریمی عەلەکە، بە سپۆنسەرو پشتیوانی دارایی کەسایەتی نیشتمانی و خەمخۆری پرسی ئەنفال، دکتۆر تەها ڕەسوڵ، پێنج بەردی زیاتر لە سی تەنی، دەنێرێتە بیابانەکانی سەماوە و نوگرەسەلمان، بۆ ناو مەملەکەتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و نیشتمانی ئەنفالەکان، ئەم بەردانە وەک سمبولی بەهێزی و بەزیندوی مانەوەی گەلی کورد، لە ناوبینای زیندانی نوگرەسەلمان دادەنرێن، بەردەکان پاش کڕینیان لە کارگەیەکی سلیمانی بڕاون و ڕێکراون و پاشان وەک هێما چەند دێڕێکیان لەسەر نوسراوە

و بەلێزەر نوسینەکانی لەسەر هەڵکۆڵراوە.

پشکۆ دەڵێت: (نزیک ناوەڕاستی مانگی ٢٠٢٤/٤ کاروانی ئۆتۆمبێلی بەردەکان لەشاری سلێمانیەوە بەرەو کەلار و خانەقین و دواتر سەماوە و نوگرەسەلمان بەڕێکەوت و، بە ئامادەبونی کەسوکاری ئەنفال و شەهیدان و هاوڵاتیانێکی زۆر، لە پێدەشتی گۆڕەبەکۆمەڵەکان، بەردەکان دانران و بۆ هەمیشە وەک بەڵگەیەکی زیندوو لەو دەشتانە دەمێننەوە و بەهەمووان دەڵێن بەڵێ ئێرە بیابانی گۆڕەبەکۆمەڵەکان و دوامەنزڵگای هاوڵاتیانێکە، کە تەنها لەبەر کورد بونیان مافی ژیانیان لێسەنرایەوە.

هەروەها دەشڵێت: (بیرۆکەی ئەم کارە هی بەڕێز کاک عومەری ئەنفالستانە، لەلایان بەڕێز دکتۆر تەها ڕەسوڵەوە پشتیوانی دارایی کراوە و دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە کارەکە جێبەجێدەکات).

### نوگرەسەلمان بکرێتە مۆزەخانە

ئەگەر سەرنجێکی خێرا بخەینە سەر ئەو میلەت و نەتەوانەی تاوانی جینۆسایدیان بەرامبەرکراوە، بەئاسانی تێدەگەین کە چەن بەبەرنامە و پلان کاریان لەسەر تاوانەکان لەدژیان کردوەو چۆن زیرەکانە هەم کردویانە بە بنەمای دروستبوونەوەیان و هەمیش خاوەنی قەوارەی خۆیان و هەمیش پاراستنی ئاسەوارەکانی تاوانەکە.

نوگرەسەلمان یان قەڵای نزارکێ، یاخود سەربازگەی دبز، یان سەربازگەی تۆپزاوە، یان شوێنەواری قەڵای قۆرەتو، یان

هەر شوێن و جێگایەکی تری (شوێنی تاوانەکانی جینۆساید دژی گەلەکەمان) کاتی زۆریان بەسەردا تێپەڕیوەو ئێمە نەمانتوانیوە وەک پێویست و بەڵگەی سەلماندنی تاوانەکان کاری پێویستیان لەسەر بکەین!

ئێستا کاتی خۆیەتی لەنوگرەسەلمانەوە دەست پێبکەین و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرپرسی پلەیەکە لەگەڵ حکومەتی عێراقی، تەواوی ڕێوشوێنە یاسایی و کارگێڕی و لۆجستییەکان بگرێتەبەر، بۆ ئەوەی (نوگرەسەلمان) بکرێتە یەکێک لەمۆزەخانە بەناوبانگەکانی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال و جیاواز لەهەموو بیرۆکەکانی تر؛ لەدەروازەی زیندانەکە پەیکەرێک بۆ (حەجاج و جۆری تاوانەکانی و لیستی ناوی ئەفسەرە هاوکارەکانی) دروست بکرێ و پاشان ناوی سەرجەم (قوربانیەکان و ئەوانەی لەوێ بوون) بەجیاو لەسەربەردی مەرمەڕ هەڵبکۆڵدرێ، بۆ ئەوەی وەک بەشێک لەبەڵگەی سەلماندنی تاوانەکە بمێنێتەوە.

**تێبینی:**

ئا: ب

ناوی ژنیک هاتووە ئامین باشتر ناوی باوکیشی بیت

حەجاجو عەجاج هاتووە لەنوسینەکودا باشترە یەکیان بیت

کەوانەی زۆر تیایە هەندیکی بیویستی نییە



# دێوەزمەکەی نوگرەسەلمان و
# بێخاوەنی دۆسیەی ئەنفال

هێمن حەسیب

٣١ تەمووز، هاوتەریب لەگەڵ ساڵڕۆژی جینۆسایدی بارزانیەکان، هەواڵی دەستگیرکردنی حەجاجی نوگرەسەلمان لە میدیای کوردی بڵاوبویەوە و ڕۆژی دواتریش ١ی ئاب، دەزگای ئاسایشی نیشتمانی عێراق، بە فەرمی هەواڵەکەی بڵاوکردەوە.

لێ حەجاج، ڕۆژی ٣٠ تەمووز دەستگیرکرابوو و وەک دەرکەت لە ماوەی ٢٢ ساڵی رابردوو، ئەم تاوانبارە لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی لە ناوچەی حەویجەی بەحری لە قەزای زلوعیەی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین ژیاوە.

حەجاجی نوگرەسەلمان، کە ناوی تەواوی (عجاج احمد حردان زعیتی التکریتی)یە، لە سەرەتای ساڵانی شەستەکان لە دایکبووە و دەرچووی خولی حەوتەمی ئاسایشی نەتەوەیی (امن القومی) ـە... لە ١٤ی تەموزی ١٩٨٥، دەبێتە ئەفسەر بە پلەی مولازم لە دەزگای ئەمنی ڕژێمی بەعس و تا ساتی دوورخستنەوەی لە ٢٥/٧/١٩٩٠ لە بەرپرسیارێتیدا بووە، کە بەپێی ڕاگەیاندراوی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی عێراق، لە ماوەی ١٩٨٥ ١٩٩٠، چەندین بەرپرسیارێتی وەرگرتووە، لەوانە (ئامری ئەمنی بەسیە و ئامری ئەمنی نوگرەسەلمان و ئامری ئەمنی ناوچەکانی هیلال و نەجمیە و رمیسە و موسەننا) و هاوکات ئێستاش بەپێی دوایین لێدوانی سەرۆکی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی؛ سەرەتای

دەستبەکاربوونی لە ساڵی ١٩٨٥ لە ئەمنی هەولێر بووە.

ئەوەی زیاتر شوێن پێی حەجاجی جەلادی بزرکردبوو، لە ماوەی ئەم ٢٢ ساڵەی دوای پرۆسەی ئازادی، جیا لەوەی کەمترخەمیەکی گەورەی حکومڕانانی کورد و عێراقی پاش ٢٠٠٣ بوو، هاوکات دوورخستنەوەی ئەو جەلادە بووە لە ئەرک و بەرپرسیارێتی لە ساڵی ٢٥/٧/١٩٩٠، واتا ١٣ ساڵ پێش ڕووخانی بەعس و دوو ساڵ پاش تاوانی ئەنفال، کە لای هەمووان واباس بووە، تا ساتی ڕووخانی ڕژێمی بەعس، حەجاجی جەلاد لە ئەرکدا بووە.

ئێستا لە ناو ساڵانی بێهیوایی و پەراوێزکەوتنی دۆسیەی ئەنفال... دەستگیرکردنی حەجاج (عجاج)، وەک چۆن لە سەرەتاوە کۆمەڵێ نهێنی بۆ دەرخستین و بۆ ئایندەش ئەگەر بزانرێت بە جوانی کار لەسەر دۆسیەی دادگاییکردنەکەی بکرێت، زۆر نهێنی دیکەمان بۆ دەردەخات.

تەماشا ڕۆژی ٢٤/٦/٢٠٠٨، دادگای باڵای تاوانەکان لە دۆسیەی ئەنفال، بڕیاری کۆتایی دەرکرد و تاوانبارانی سزادا و فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ٤٢٣، ئەفسەر وپلەداری سەربازی عێراقی و جاش و موستەشاری کورد دەرکرد، ئەگەرچی تائێستا هیچ یەک لەو تاوانبارانە دەستگیرنەکراون، بەڵام ئەوەی جێی تێڕامانە، دوای ١٧ ساڵ لە بڕیاری دادگا و لەگەڵ دەستگیرکردنی حەجاجی جەلادی نوگرەسەلمان، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە ناوی حەجاج لە ناو فەرمانی دەستگیرکردنەکان نییە، لە کاتێکدا

ناوی تەواوی بەردەست بووە و ئەو شایەتحاڵانەی لە دادگای باڵای تاوانەکان لە دۆسیەی ئەنفال شایەتیان دەدا، بەردەوام ئاماژەییان بە دڕەندەیی حەجاج دەکرد.

ئەمە پێمان دەڵێت؛ دەبێت ڕوونتر و وردتر کار لەسەر پرۆسەی دادگاییکردنی حەجاج بکرێت، پرۆسەکە بکرێتە دەروازەیەک بۆ زیاتر پێشخستنی دۆسیەی تاوانی ئەنفال و کردنەوەی دەرگای زۆر نهێنی دی... وەک دەستکەوتنی زانیاری ئەوەی ئەو ئەفسەر وپلەدارانەی دی کێی بوون؟ کە بە چەشنی حەجاجی جەلاد لە ئەرکدا بوونە لە قەڵای نوگرەسەلمان، هەروەها فەرمانەکان لە کوێی و لە چ دەزگایەکی ڕژێمی بەعسەوە دەهات و زۆر شتی دی... کە تەنها بەپێی دوایین دانپێدانانی بڵاوکراوەی حەجاج لە ڕۆژنامەی (الصباح)، کۆمەڵێ زانیاری درکاندووە، لەوانە، دەڵێت؛ کە سێ هەزار ئەنفالکراو بردراونەتە نوگرەسەلمان و دوو لەسەر سێیان گیانیان لە دەستداوە و برسێتی و دەستدرێژی بۆ سەر زیندانیان وەک چەکی کوشتنی بە کۆمەڵ بەرانبەر بە ئەنفالکراوان بەکارهێناوە.

تەماشا ئێستا دەستگیرکردنی حەجاجی جەلاد، بووەتە هەوێنی ئەوەی ئیدی لە زاری خودی شایەتحاڵەکانەوە قسە لەسەر دەستدێژییە بەدڕەوشتیەکانی ئەو جەلادە بۆ سەر کچان و ژنانی ئەنفالکراو بکرێت، ئاخر ئێمە وەک کورد لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە نەمانتوانیووە ئاشکرایانە قسە لەسەر دەستدرێژی جەلادەکانی بەعس لە تاوانی ئەنفال بۆ سەر کچان و ژنانی کورد

بکەین، وەک ئەوەی ئێزیدییەکان، دەستدرێژییەکانی جەلادەکانی داعشیان کرد بە بناغەی ناساندنی کەیسی جینۆسایدی ئێزیدییەکان... وە نەبێت پەی بەم بەدڕەفتارییە جەلادەکانی بەعس نەبردرابێت، بەڵام وەک هیلتەرمان ۳۲ ساڵ پێش ئێستا، لە ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکەی لە سەرەتای نەوەدەکان، دەڵێت؛ پیاوانی بەعس دەستدرێژییان بۆ سەر کچان و ژنان لە تاوانی ئەنفال لە تۆپزاوە و نوگرەسەلمان ئەنجامداوە، بەڵام بەهۆی داب و نەریتی کۆمەڵایەیی کوردەکان، هیچ یەکێک لە ڕزگاربووان نایانەوێت دان بە بوونی ئەو دەستدرێژییانە بنێین یاخود باسی بکەن.

بۆ سەلماندنی بەدڕەفتارییەی حەجاجیش، جیا لە وتەی شایەتحاڵەکان، بەڵگەنامەی خانەنشینکردنەکەی، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە، چون ئەو بڕگە و مادە یاساییانەی بۆ فەرمانی خانەنشینکردنەکەی بەکارهێنراوە، کاتێک بەکاردێت، کە ئەفسەرانی ئەمنی ڕژێمی بەعس، لە ڕەفتاری داوێن پیسی و دەستدرێژی تێوەگلابن.

ئێستا ئیدی وەک ئاماژەمان پێیدا، گرنگە بە جوانی کار لەسەر دۆسیەی دادگاییکردنی حەجاج بکرێت، تا ئەم دۆسیەیە (تاوانی ئەنفال) زیاتر پێش بخرێت... بۆ ئەمەش خواستی خەمخۆرانی ئەم دۆسیەیە، وایە لە دادگایەکی نێودەوڵەتی دادگایی بکرێت، تا تاوانەکە ڕەهەندێکی نێونەتەوەیی وەربگرێت، ئەگەرچی ئەمە کارێکی هێندە ئەستەم نییە، تەنها داواکارییەکی فەرمی دەوڵەتی عێراقی پێویستە، کە پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی

بکرێت... لێی عێراق ئەمە ناکات و حکومڕانانی کوردیش باکیان بە پرسەکە نییە.

لەسەر ئاستی دامەزراوە دادوەرییە ناوخۆییەکانی عێراقیش، تائێستا روون نییە، حەجاج چۆن و لە چ دادگایەک دادگایی دەکرێت، ئەوەی تائێستا کراوە، تەنها ناونووسکردنی ڕزگاربووانی زیندانی قەڵای نوگرەسەلمانە بۆ شایەتیدان لە دادگا، کە تا هەنووکە ٢٨٤ کەس لە ڕزگاربووان خۆیان بۆ شایەتیدان ناونووسکردوە،١٨٢ کەس لە کەلار و ڕزگاری و ٦٥ کەس لە چەمچەماڵ و ٣٧ کەسیش لە سلێمانی و هەڵەبجە و کۆیە... وە نەبێت شایەتحاڵی دی ئامادە نەبێت، بەڵکو بەشی زۆری شایەتحاڵەکان لە ژیان نەماون... بۆ ئەمەش دەکرێت سود لە چاوپێکەوتنی ڤیدیۆی ئەو شایەتحاڵانە وەربگیرێت، کە لە ژیان نەماون یاخود شایەتیدانی ئەو شایەتحاڵانەی لە ژیان نەماون و لە بەردەم دادگای باڵای تاوانەکان لە ساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ شایەتیان داوە.

هەرچی دادگای تایبەتمەند بە دادگاییکردنی حەجاجی تاوانباری جینۆسایدە، دەبێت دادگای باڵای تاوانەکان بێت، چونکە لە هەر دادگایەکی دی بێت، بە واتای دوڕاندنی کەیسەکە دێت... چون تەنها دادگایەک لە عێراقدا تایبەتمەندە بە تاوانە نێودەوڵەتیەکانی وەک تاوانی جینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، دادگای باڵای تاوانەکانە، کە بەپێی یاسایی ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٠٥ دامەزراوە و دواتر لە ساڵی ٢٠١١ـەوە، بە هەموارکردنەوەی یاساکە، دادگاکە خراوەتە سەر

ئەنجومەنی باڵای دادوەری و لەو کاتەوە ئەم دادگاییە ئیفلیج کراوە و تەنها بە شێوەی کارتۆنی ماوە، چونکە هیچ دۆسیەیەک نەبردراوەتە بەردەمی، بەڵام دەرفەتی چالاککردنەوەی دادگاکە و بەگەڕخستنەوەی بۆ دادگاییکردنی حەجاجی جەلاد زۆر ئاسانە و تەنها بڕیارێکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری پێویستە.

هەرچی دادگاکانی دیکەی وەک دادگای تاوانی کەرخ، یاخود دادگای تاوانی شارەکان، جیا لەوەی تایبەتمەند نیین بە تاوانی جینۆساید، هاوکات زۆر بڕیار و یاسا سزادراوانی ئەم دادگاییانە دەیانگرێتەوە، لەوانە یاسای لێبوردنی گشتی.

هەر چۆنێک بێت، دەستگیرکردنی حەجاج (عەجاج)، دێوەزمەکەی قەڵای نوگرەسەلمان، هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو، نەک بە تەنها بۆ ڕزگاربووانی تاوانی ئەنفال لە قەڵای نوگرەسەلمان و کەسوکاری ئەنفالکراوان، بەڵکو بۆ هەموو کورد، چۆن ئەوانەی لە ئەنفالدا بە دەستی حەجاج ئازاریان چەشت و گیانیان بەخت کرد، لەبەر کوردبوونیان وەک نەتەوە دووچاری بەدڕەفتارییەکانی حەجاجی جەلاد بوون.

لێ ئەوەی جێی نارەحەتیە، پێفرۆشتنەوەی ئەم هەوڵ و هەواڵە بوو وەک دەستکەوتێکی شەخسی، بێ ڕوانینە ئەوەی ئەم هەواڵە چەند دڵخۆشکەرە، هێندەش شورەییە بۆ دەسەڵاتی کوردی بە هەردوو بەشە (زەرد و سەوزە)ـەکەی، کە دوای (٢٢) ساڵ، ئینجا دەزانرێت حەجاج لە ژیانە و لە ناو ئەو عێراقەی دەسەڵاتی کوردی بنیادینایەوە، حەجاج وەک پاشا دەژیت و خاوەن دیوەخان و

هەژموونە... لەوەش شورەییتر ئەوەیە، سەرەداوی دۆزینەوەی شوێنی حەجاج و شوێن پێهەڵگرتنی، بەرهەمی دەسەڵاتی کوردی نییە، بەڵکو لەلایەن هاونیشتمانیەک عەرەب ئەنجامدراوە، کە نیشتەجێی قەزای سەلمانە لە پایزگای سەماوە، ئەمەش لە بەرئەنجامی سەردانی بەردەوامی کەسوکاری ئەنفالکراوان بۆ سەماوە و قەڵای نوگرەسەلمان هاتۆتە بەرهەم.

ئەوەی ماوەتەوە، لێرەدا ئاماژەی پێی بکەم؛ بێدەنگی و بێدەربەستی پارت و دەسەڵاتدارانی کوردە لەمەڕ هەواڵی دەستگیرکردنی حەجاج جەلاد.

تەماشا، لە ڕۆژی بە فەرمی ڕاگەیاندنی هەواڵی دەستگیرکردنی حەجاجی جەلاد، تا هەنووکە یەک حیزب و پارتی کوردی و فراکسیۆنی کوردی و بەرپرسی باڵای ئەم هەرێم و عێراقە، بە وشەیەکی خۆشحاڵی خۆیان بەم هەواڵە دەرنەبڕیووە، لەوانە:

لەتیف ڕەشید سەرۆک کۆماری عێراق.

محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق.

مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی.

پاڤڵ تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی.

نیچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم.

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم.

قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم.

ئەوە باسی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانیش ناکەین، کە وەک عەرەب دەڵێت: (أگرش فی الزفه).

هـەر ئـەم بێدەربەستیـەی دەسـەڵاتـدارانـی کـوردە لەمەڕ دۆسیەی ئەنفال و دەستگیرکردنی حەجاج وایکردوە، زۆرینەی رەهای کەسوکاری ئەنفالکراوان و ڕزگاربووان و چالاکوانان و نـووسـەران و خەمخۆرانی بـواری جینۆساید، بڵێین؛ با لە کوردستان دادگایی نەکرێت و لە عێراق دادگایی بکرێت، چونکە مەترسیان لە ئازادکردنی لە کوردستان هەیە.

تێبینی: ئ: ب... وشەی حەجاجی بەکار هیناوە.



# عەجاج، وەك تارمایی مەرگ

حسێن عەزیز

بەشی زۆری ئەو کەسانەی لە قۆناغە جیاجیاکانی ئەنفالدا دەستگیرکران، لە تۆبزاواوە گواستراونەتەوە بۆ گرتووخانەی نوگرەسەلمان و لەو ماوەیەدا تا ئازادکردنیان، ئازار و ئەشکەنجەی زۆریان بینیوە و برسی و تووینێتی و نەخۆشی و شەونخوونی زۆریان چەشتووە، رۆژانە چەند کەسێک گیانیان لەدەستداوە و بوونەتە خۆراکی سەگەکانی نزیک قەڵاکە، سەرەڕای ئەوەش هەمیشە لەژێر ترس و پەلامار و چاودێری یەکێک لە ئەفسەرە دڕندەکانی گرتووخانەکەدا بوون بەناوی عەجاج.

فەتحیە ئیبراهیم عەلی لەدایک بوی ساڵی ١٩٥٤ی گوندی عەزیز قادر، لە سنووری ئیدارەی گەرمیان لە قۆناغی ئەنفالی سێدا ئەنفالکراوە، بیرەوەری تاڵی ئەنفالکردنیان دەگێڕێتەوە و باس لەوە دەکات: هەر کە گەیشتینە نوگرەسەلمان هاتنە دەممانەوە، وتیان کامە خێزانی پێشمەرگەیە؟ دوو پاس بووین و هەردوو پاسەکەی ئێمەیان کردە قاعەیەکەوە، جێگە نەبوو دانیشین و بە پێوەبووین. کەوتینە هاوار و بانگکردن کەسێک هات و گڵۆپەکەی کوژاندەوە بە کێبڵ کەوتە لێدانمان و زۆر بە خراپی لێیداین، ئێمە نەمان دەزانی ئەوە «حەجاجە» وا دڕندەیە. دوای ئەوە کەسێکی تر هات ئەو لە دبسیش هەر لەگەڵمان بوو، بەخێزانی

پێشمەرگە ناومان هاتبوو جیاکرابووینەوە و رادەستی حەجاجی کردین، حەجاج وتی: دەکرێنە قاعەیەکەوە بۆ ماوەی ٤٠ رۆژ و دەشت نابینن، وتی: کارەباکەیان بۆ چاک بکەن و حەجاج خەریکی چاککردنی کارەباکە بوو، خۆراسانی میمزام بەسەربازەکەی وت: تخوا بۆمان چاکبکەن تا ئەو کابرای زاڵمە نەهاتووە، ئەو نەیدەزانی ئەو زاڵمە حەجاجە. ئەویش کەوتە گیانی خۆراسان بە شەق و کێبڵ و پەلکەکانی راکێشا، حەجاج وتی»هەمووتان بێ ئابڕووی باکورن» دیسان گڵۆپەکەی کوژاندەوە بێ دەنگ بووین و نەمان دەوێرا هیچ بڵێین. بۆ بەیانی دیسان حەجاج هاتەوە، جلوبەرگی خەوی لەبەرکردبوو، بەسێی خوشکم وتی: فەتحێ قسەنەکەی ئەمە ئەوەی شەوە ئیتر هیچمان نەوت، حەجاج وتی: بڕۆن لەو رێگاوە، رێگەکە نیومەتر پانبوو وتی: ئەوەی لە رێگەکە لابدات دەیکوژم، رۆشتین و کراینە قاعەیەکەوە ئاودەست و حەمامی تێدابوو بەبێ ئاو، دوو تاقیش بۆ هەناسە و هەوا گۆڕکێ زۆریان لێدابن، هەر ئەو رۆژەیش دەرگا و پەنجەرەیان لێداخستین و دوو رۆژ بەبێ هیچ خواردنێک بەجێیان هێشتین. فاتمە ئیبراهیم عەلی لەبارەی دۆخی ژیان و جۆری خۆراکیان قسەی کردووە و روونی دەکاتەوە: بۆ هەر خێزانێک تا ئێوارە قوتوویەک ئاو و رۆژانە دوو سەموونیان پێدەدابن، تا ماوەی ١٥ رۆژ دوو سەموون بوو بۆ هەر خێزانێک و دوای ئەوە زیادیکرد بۆ سێ سەموون، پەنجا کەس لە قاعەیەکدا بووین و جێگەمان خراپ بوو، دوو لە منداڵەکانم لەباوەشم دابوون، بچووکەکەم

لە پەنایەک بوو، پێیان پیا دەنا و کەچی هەر ئەژیا نازانم چۆن نەمرد؟ حەجاج ئەیوت: کەس لەگەڵ کەس قسەنەکات. بەوجۆرە ٤٠ ڕۆژمـان تێپەڕاند، دوای ئـەو ماوەیە دەرگـای قاعەکەیان کردینەوە، دەمانتوانی بچینە ڕێڕەوەکە.

لەوماوەیدا زانیمان دایک و باوکیشم لەوێن و لە قاعەیەکی تر بوون، نێوانمان تەلبەند بوو لە دوورەوە یەکمان دەبینی، ڕۆژێک دایکم هات بۆ لامان یەکترمان بینی و یەکترمان ماچکرد، تۆزێک لەلامان دانیشت و گەڕ□ایەوە، دایکم ژنێکی زۆر جوان بوو جلی شێوازی جافەکانی لەبەر دەکرد و کڵاوومێزەر و ژێرچەناگەی هـەر بـەسـەرەوە بـوو، کـەواو سەڵتەی چنراوی لـەبـەردا بوو، چارۆکەی لەکۆڵ بـوو، کەوشەکانی هەر لەپێدا بـوو، بەبینیی زۆر دڵخۆشبووین، لەوکاتەدا حەجاج بینی وتی: بۆ لە قاعەی خۆت دەرچوویت؟ زۆری لێدا و ئیتر چووەوە بۆ لای باوکم، لەو لێدانەوە دایکم کەوت و هەڵنەسایەوە و دواتریش گیانی لە دەستدا، هەرگیز ئەوەم لە دڵ دەرناچێت ئێستاش چاوم بە ژنانی جاف دەکەوێت ئاگر لە جەرگ و دڵم بەر ئەبێت و شێوەی دایکم دێتـەوە بەرچاوم [١].

١ گوڵناز عەزیز قادر (گوڵاڵەی گەرمیان)، نیشتمانی تەوارەکان، ل ١٤٢، ١٤٣، ١٤٤، ١٤٦،١٤٧.



وێنەی فەتحیە ئیبراهیم عەلی

هــەر لــە دریــــژەی چـیـرۆکـە غـەمگـینـەکـانی کـەسـوکـار و ئەنفالکراوەکاندا، سەرنجمان دەچێتە سەر ژیانی رێباز غالب کە بـاوک و مامی لەگەڵ ژمـارەیـەک لە کەسوکاری ئەنفالن، خۆی لە شـالاوی ئەنفالدا لەگەڵ ١٠ کـەس لە خێزانەکەی لە گرتوخانەی نوگرەسەلمان زیندانی بووە، عەجاج لە بیرەوەریدا ماوە دەگێڕێتەوە: رۆژانە عەجاج سەردانی هۆڵەکانی ناو زیندانی دەکـرد و دەگـەڕا، کاتێک دەهـات دەبـوو هەموو زیندانیکراوان بە رێکی و بە بێدەنگی دابنیشن و سـەیری نەکەن، هەروەها حەزی لە ئازاردانی زیندانییان بوو. رۆژێک لەگەڵ ژمارەیەک لە منداڵانی دیکەی ناو زیندانەکە خەریکی یاریکردن بووین، عەجاج هات و لێیداین کێبڵێک بەر پشتم کەوت و رامانکرد، بەڵام بەشێک لە منداڵەکانی سزادا کردینییە ژوورێکەوە کە سەری نەگیرابوو دەرگای لەسەر داخستین و هیچ جۆرە خواردنێکیان پێ نـەدایـن تـا ئـێـوارە، زۆر تینو و برسی بووین.هـەروەهـا،

ڕۆژێکیان عەجاج کە هاتە ناو هۆڵەکانی زیندان منداڵێکی تەمەن دوو ساڵ ناوی شاخەوان بوو لەگەڵ خۆی بردی بۆ نهۆمی دووەمی گرتووخانەکە، دایکی و کەسوکارەکەی لەگەڵ بەشێک لە زیندانییان زۆر گریاین و هاوارمان کرد، دوای چەند سەعاتێک هێنایەوە منداڵەکە تەندروستی تێکچوو بوو بە دەوری خۆیدا خولایەوە و کەوتە سەر زەوی، دایکی زۆر گریا و وتی: منداڵەکەم ژەهرخوارد کراوە، دواتر بینیمان عەجاج لەسەر قادرمەکانەوە تەماشای دەکردین پێدەکەنی و قسەی کرد، ژنێکمان لەگەڵدا بوو ناوی قەدریە بوو عەرەبی دەزانی وتی عەجاج وتویەتی: مەترسن خواردنەوەم داوەتێ ئێستا چاک دەبێتەوە، عەجاج چێژی لە گاڵتەکردن و مامەڵەکردنی خراپ لەگەڵ منداڵانیشدا دەبینی. ڕێباز غالب دانیشتووی ناحیەی ڕزگارییە لە سنووری ئیدارەی گەرمیان و پیشەی مامۆستایە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ئاماژەی بەوە کردووە کە: ئامادەیە لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی کردویەتی سکاڵای یاسایی لەسەر تۆماربکات و باسی لەوەشکردووە: تائێستاش نزیکەی ٧٠ کەس لەوانەی لەنوگرەسەلمان ڕزگاریان بووە ئامادەییان دەربڕیوە سکاڵای لەسەر تۆماربکەن [٢].

---

٢ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٩٤٦٩، ڕۆژی سێ شەممە، ریکەوتی ٢٠٢٥/٨/٥، ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی ئامادەکردنی حسێن عەزیز.




وێنەی ڕێباز غالب

پاکیزە مەحمود مەنسور لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٧ گوندی تەپەسپی، سەر بەناحیەی سەرقەڵایە و دانیشتووی ناحیەی رزگاریە، لە سنووری ئیدارەی گەرمیان. رۆژی ٢٠١٧/١٢/١٤ لە دیمانەیەکدا بەشێکی رووداوو مەرگەساتەکانی رۆژگاری رەشی ئەنفال و قەڵای مەرگی نوگرەسەلمانی گێڕاوەتەوە وتوویەتی: لە نوگرەسەلمان شەش ئامۆزام مردن، هەمووی لە برسا و بە نەخۆشی، نیگار، چنار، کوێستان، شنۆ، کامەران، ئاکۆ. مردنی ئاکۆ زۆر بە ئازار و بە سوێ بوو، کاتێک خەڵکەکەیان دەکردە ژوورەوە سەرژمێرییان دەکردین، هەرکەسیان دەکردە ژوورەوە دارێکیان لێدەدا، ئیتر منداڵکەش بە باوەشی دایکییەوە بوو، کێبڵە رەشەکە بەر پشتی منداڵەکە کەوتبوو یەکسەر کوشتی، عەجاج

زۆر بێویژدان و زۆردار بوو، تەنها بیری لە مردنی خەڵک دەکردەوە، زۆر کەسی لەوێ کوشت و زۆربەی کوشتنەکانیش بە کێبڵ و داربوو. پاکیزە مەحمود مەنسور چیرۆکی خوی و عەجاجیش دەگێڕێتەوە کە بە کێبڵ لێیداوە و ئازاری زۆری پێگەیشتووە و دەڵێت: جارێکیان پێی گوتم وەرە دەست بخەرە ناو ئاودەستەکە پاکی بکەرەوە، منیش منداڵ بووم نە رۆیشتم بۆ لای بەقسەییەم نەکرد، ئینجا منی گرت، و شەش کێبڵی لێدام هەستمەکرد ئاگر لەناو چاوم دەردەچوو، ئینجا دایکم دەستی کردەگریان وتی گوناحە ئەو منداڵە هیچ نازانێت [٣].



وینەی پاکیزە مەحمود مەنسور

٣ سمکۆ سابی، نوگرەسەلمان قەڵای مەرگ و پاکتاوی نەژادی، ل 194، 195، 196، چاپی دووەم، کتێبی یەکەم، ش،چ تاران، س، چ 2024.

حەجاج یان عەجاج کە ناوی تەواوی (عەجاج ئەحمەد حەردان) تکریتیە، ئەو ئەفسەرە دڕندەیەی کە وەک هێمای ترس و تۆقان و تاوان لە یادەوەری هەر کەسێکدایە، کە شاڵاوەکانی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ لە گرتووخانەی نوگرەسەلمان توندی کرد، لە دڵ و دەروونی ئەوکەسانەشدا کە چیرۆکی غەمگینی ئەو کەسانەیان بیستووە کە کە لەکاروانی مەرگ گەڕاونەتەوە، هەر جێگەی ئازار و برین و هێمای تاوان و دڕندەیەکی گەورەیە، کە دەسەڵاتدارانی رژێمی بەعس بۆ ئەشکەنجەدانی زیندانییەکان، وەک بەرپرسی گرتووخانەکە دیاری کردووە، دەستێکی باڵای لە کوشتن و ئازارادانی زیندانییەکاندا هەبووە، ئەگەرچی درەنگ و دواکەوت، بەڵام دەستگیرکردنی لە رۆژی ٢٠٢٥/٨/١ لەلایەن دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی عێراقەوە، ئاوێک بە ئاگری دڵی هەر کوردێکدا دەکات، کە چەندین ساڵەو وەک تارمای مەرگ لێیان رووانیوە.